# چەمکەکانی جوانی

## دیدگەیەکی ئیسلامی

# چەمکەکانی جوانی

## دیدگەیەکی ئیسلامی

ئامادەکردنی: ئوسامە قەفاش

وەرگێڕانی: کۆسار بەرزنجی

# چەمکەکانی جوانی
## دیدگەیەکی ئیسلامی

له بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی ژمارە (٩٢)

- ئامادەكردنی: ئوسامە قەفاش
- وەرگێڕانی: كۆسار بەرزنجی
- بابەت: هونەر
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەكەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارە (٦٧٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

**ناوەرۆک**

پێشەکی سەنتەری زەهاوی ........................................................ ٧
پێشەکی وەرگێڕ ..................................................................... ٩
دیدگەیەکی مەعریفی - ئیسلامی دەربارەی هونەر .............. ١١
هونەری ئیسلامی چییە؟ .......................................................... ١٣
هونەرە بیستۆکییەکان (الفنون السمعية) ................................ ٤٨
هونەرە دیدەییەکان (چاوییەکان) ............................................. ٦٦
هونەری گێڕانەوە: ................................................................... ١١٠
هونەرەکانی جووڵە .................................................................. ١٤٣
هونەرە زمانییەکان .................................................................. ١٤٦

## پێشەکی سەنتەری زەهاوی

هونەر نزیککەوتنەوەیە لە جوانی، چەند لە جوانی نزیک بیتەوە ئەوەندە زیاتر دەستت بە هونەر گەیشتووە، دۆزینەوە و پیشاندانی دیوی جوانی هەر کار و پیشە و داهێنانێک هونەرئاراییە و ئافراندنی هونەرە لە بوارەکەی خۆتدا.

هونەر و ئایین لە دەروونی مرۆڤدا بەیەک دەگەن، ڕۆحی مرۆڤەکان ژینگەیەکی سەوز و گونجاوە بۆ ڕەگداکوتان و سەوزبوون و نماکردنی هەریەک لە ئایین و هونەر. بەو پێیە هەریەک لەم بابەتانە ڕاستەقینەن و ئەوەندەی پەیوەندییان بە ناخ و دڵ و دەروونەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندییان بە ڕووخسار و ڕواڵەتەوە نییە. ئاین و ئەدەب بەشێوەیەک پەیوەستی یەکن زۆر ئەستەمە لێک جیا بکرێنەوە، دەقە ئاینییەکان بەگشتی و قورئان بەتایبەتی هەموو ڕەگەزەکانی دەقێکی ئەدەبی لەخۆ گرتووە، وەک: شعریەت و چیرۆک و ئەندێشە و ئیستاتیکا و خەیاڵ و وێنەی شیعری و کورتبڕی و دەرچون لە مەئلوف و...هتد.

سەرنجدان و وردبوونەوە لە هەر کار و دروستکراوێکی خودا لە خودی خۆمانەوە بیگرە تا دەوروبەرمان و سروشت و گەردوون بەگشتی، بە ئاشکرا دەمانباتەوە سەر سەرچاوەی هونەر و هونەرئارایی، سرووشت یەکپارچە هونەرە و دەستێکی جوانکار ئافراندوویەتی، هاوکات لە پەیامی ئایینی ئیسلامیشدا ئاماژەگەلێکی زۆر هەن بە ئاراستەی گرنگیدان بە جوانی و جوانبینی و جوانکاری؛ وەک هاندانی مرۆڤایەتی بە ئاکار و ڕەوشت جوانی و گوفتار جوانی و کارجوانی و هەڵسوکەوت و مامەڵەی جوان لەگەڵ مرۆڤ و ئاژەڵ و سروشت و

تەنانەت نازیندەکانیشدا. گرنیدان بە جوانی بە ئەندازەیەکە پەیامبەری ئیسلام دەفەرموێ (خودا جوانە و جوانیی خۆشدەوێ).

لەسۆنگەی گرنگی بابەتی ئیستاتیکا و جوانبینی و هونەر لە تێڕوانینی ئیسلامدا، بەگرنگمان زانی کتێبی (چەمکەکانی جوانی، دیدگەیەکی ئیسلامی) وەرگێڕینە سەرزمانی شیرینی کوردی، کە کتێبەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتی هونەر و جوانی لە ڕووی مەعریفی و ئیسلامییەوە، وەڵامی پرسیاری (هونەری ئیسلامی چییە؟) دەداتەوە و هەروا لەسەر هەریەک لە بابەتەکانی هونەرەکانی بیستن و هونەرە دیدەییەکان و هونەری گێڕانەوە و هونەرەکانی جووڵە و هونەرە زمانەوانییەکان دەوەستێ.

ئومێدەوارین خزمەتێکی خاکەڕایانەی هونەر و بابەتەکانی جوانی و جوانبینی بکەین.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

**٢٧-٩-٢٠٢٠**

# پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خودای بەدیهێنەر و میهرەبان

پاش سوپاسی نەبڕاوە بۆ پەروەردگاری مەزن و درووود و سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەری سەروەرمان موحەممەدی ئەمین (درووودی خودای لەسەر)، وە بۆ سەر گیانی یاران و ئالوبەیت و شوێنکەوتووانیان تا ڕۆژی دوایی.

سەرەڕای ئەوەی هونەر هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە کەم تا زۆر هاوڕێی مرۆڤ بووە، بەڵام هەندێک جاریش بۆتە بەشێک لە سرووتە ئاینی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانیش. لەگەڵ دەرکەوتنی گەشەسەندنی زانست و شارستانێتیی پاش ڕێنیسانس، هونەریش بە ڕۆڵێکی زۆر کاراترەوە دەرکەوتووە و کار گەشتۆتە ئەوەی هەموو بەشەکانی هونەر لە زانکۆ و پەیمانگە و ئەکادیمیاکاندا دەخوێندرێت و تێکەڵ بە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، کەواتە قسەکردنی فیقهی ئیسلامی و زانایان و نووسەرانی مسوڵمان لەسەر ئەم کایە گرنگەی ژیان، گرنگییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

لەم سۆنگەیەوە جێگای خۆیەتی، کە سوپاسی بەڕێزان لە سەنتەری زەهاوی بکەین، کە لایان بە لای ئەم بابەتەدا کردۆتەوە و ئەم پەڕتووکەیان بە بەندە سپاردووە، تا ئاشنای بکەم بە خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی. هیوادارم نموونەیان زۆر بێت و حوکومەتی هەرێمیش لەم کارە ڕۆشنبیرییانەیاندا هاوکارییان بکات.

میتۆدی کاری بەندە لەم پەڕتووکەدا بریتییە لە وەرگێڕانی دەقەکان بە شێوەیەک خوێنەری ئاسایی بێزار نەکات و بەپێی توانا خۆم لە

زاراوه و وشـەی نـامۆ پاراسـتووە. سـەردێڕی نووسـەرم دەسـتکاری نەکردووە و بابەتەکانم وەک ڕیزبەندیی خۆی داناوەتەوە. بە پێویستم زانـی، کە پەراوێـز بـۆ ناوەکـان دابنـێم و زۆر بەکـورتی بە خوێنەریـان بناسـێنم. واتـای ئـایەت و فەرمووده‌کانیشـم ڕوون کـردۆتەوە، بە هەمـان شـێوەش ئەو بەیـتە شـیعرییە عەرەبییـانەم بەکـورتی لێـک داوەتەوە، کە نووسەر وەک نموونە لەسـەر زمـانی عەرەبی بەکـاری هێنـاون. هەندێک زاراوەشـم لە پەراوێزەکانـدا بەکـورتی پێنـاس کـردووە. لەگەڵ دەقـی سـەرەکیی نووسـەردا، هەنـدێک ڕوونکـردنەوەم بە پێویسـت زانیـوە بـۆ ئەوەی پەیـامی پەڕتـووکەکە بەباشـی بگـاتە خـوێنەر، بـۆیە لەنـاو دوو کەوانەدا تێهەڵکێشـی دەقـی سـەرەکیم کـردووە و لە کۆتاییـدا بە (و) ئاماژەم پێداوە، کە مەبەستم (وەرگێڕ)ە.

هیـوادارم ئەم هەنگـاوەی سـەنتەری زەهـاوی بەڕێـز، هەنگـاوی تـری بەشوێندا بێت و بابەتە هونەرییەکان زۆرتر بێتە نێو کـایەی ڕۆشـنبیری ئیسلامییەوە.

لە کۆتاییـدا کـاری بەنـدەش وەک هەر کـارێکی مـرۆڤ قـابیلی هەڵە و کەلێنە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم لە هەر کەموکووڕییەک لەم کـارەدا و لە خـودای گەورە داواکـارم ڕێنموونیمـان بکـات بـۆ کـارە جوانەکـان و توانای پێداچوونەوەمان پێ ببەخشێت بە هەڵەکانماندا.

**کۆسار بەرزنجی**

**سلێمانی**

# پێشەکی

## دیدگەیەکی مەعریفی - ئیسلامی دەربارەی هونەر

### هونەری ئیسلامی چییە؟

کاتێک قسە لەسەر دیدگەی مەعریفی بۆ هونەری ئیسلامی دەکەین، ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارەی سەرەوەمان دێتە پێش.

بەڕاستی مایەی سەرسوڕمانم بوو، کە ئەم پرسیارە بەڵگەنەویستە لای هەندێک وەک پرسیارێکی بەڵگەنەویستی ڕەها سەیر نەکراوە، بەڵکو پێیان وایە کە لە خودی خۆیدا بەڵگەنەویستە و سەلمێندراوە و سەلماندنەکەیشی گفتوگۆی نوێ هەڵناگرێت. هەموو پێکەوە دەستیان دایە بەرگری لەم هونەرە ستەملێکراوەی لە ڕابردوو و ئێستاشدا لە ڕۆژئاوادا ستەمی لێ دەکرێت، یان ڕوونکردنەوەی سەرکەوتوویی ئەم هونەرە بەرزە مەزنە و هەموو ئەو ئاکارە جوانانەی تری، کە وەک دەبینین زیادەڕەوی و درێژدادڕییشی تێدا دەکرێت.

هەندێک هەوڵی دیاریکردنی تایبەتمەندی و ئاکارەکانی ئەم هونەرە دەدات، بەڵام دەبینین هەمیشە بە شێوەیەکی زۆر گشتی قسەی لەسەر دەکرێت، هەندێک پێکهاتە و دەستەواژەی ناڕوونی وەهای بۆ بەکار دەهێنن، کە بۆ هەموو کات و شوێنێک بەکەڵک دێت و دەکرێ بکرێتە ئاکاری هەموو شتێکی تر.

پێموایە کێشەکە لە بناغەدا لە نەکردنی ئەم پرسیارە بەڵگەنەویستەدایە، بەڵکو وەک بەڵگەنەویستێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، واتە وەڵامێک لەسەر پرسیارێکی نادیار و نەبوو حسابی بۆ بکرێت،

وەک ئەوەی هونەری ئیسلامی ڕیشەی نەبێت و پەیوەندیی بە دەوروبەر و سەردەمی پێش خۆیەوە نەبێت! ئەمەش بیری ئەو دراما تەلەفیزیۆنییانەمان دەخاتەوە کە ناوی "ئیسلامی" لەسەرە، کاتێک مسوڵمان وەک مرۆڤێکی چاک و میهرەبان و ئاشتیخواز و خۆگر و دەستپاک... هتد نیشان دەدات، لە بەرامبەردا ئەو کافر و بێباوەڕانە وەستاون، کە شێوەی ناشیرینیان هەیە و هەمیشە خەریکی خواردنەوەی (مەی)ن، قومار دەکەن، هەر خەریکی بەدڕەوشتین لەگەڵ ئافرەتاندا و... هتد. ئەمەش سادەیی و کەمهۆشییەکی بێوێنەیە، وێناکردنێکی دووانەیی (ثنائي)ی کاڵە، بەو شێوەیە بەدابڕاوی جیهان دەبینێت، مرۆڤە باشەکان دەخاتە لایەک (کە بێگومان خۆمانین) و مرۆڤە خراپەکانیش دەخاتە لایەکی تر (کە لایەنی ئەوانی دیکەن)، ئیدی بەم شێوە دوژمنایەتییەکی ئەزەلی و یارییەکی نەزۆک و ئەنجامسفرییە، کە پێویستە مرۆڤ تێیدا سەر بکەوێت، بە شکاندن و ملکەچکردنی بەرانبەر، پاشان سڕینەوەی لە جیهاندا.

ئەمەش ئەو ئیشکالیەتەیە کە پەیوەندیی بە عەقڵێکی داگیرکراوەوە هەیە، کە لە بناغەدا هەوڵ دەدات بەرانبەر ملکەچ بکات بۆ خۆی، کە لە کرداردا پێی دەگەم و لەسەر ئاستی گوفتاریش نەفی دەکەم، وەڵامگەلێک بەرهەم دێنێت کە ڕادەی سەرسوڕمان دەردەخات بە هونەری ڕۆژئاوایی -بەخودی ڕۆژئاواش بەگشتی-، هەروەها پابەندبوونیشمان بە تێزە مەعریفی و بنەماییەکانی ڕۆژئاوا، واتە ئەپستمۆلۆجی و ئەنتۆلۆجییەکانی.

**هونەری ئیسلامی چییە؟**

وەرن بـا ئەم پرسـیارە لە دۆخـی پرسـیاری کەینـوونەی ناعاقـڵ دەر بهێنـین، تـا (هـونەر) وەک خاوەنئاکارێـک، (ئیسـلام)یش وەک ئاکارێـک بمێنێتەوە بۆمان.

هونەر لە زمانی عەرەبیدا وشـەی (فنَّ)ی بۆ بەکار هێنراوە، وشـەی (االفَن) هەر وەکو: فەیرووزئابادی، لە (القاموس المحیط)دا ئەڵێت: بریتییە لە دۆخ و چۆنیەتیی هەر شتێک، وشەی (فن) بە (أَفنان و فنون) دەبێتە کۆ، هەروەهـا بە واتـای دەرکـردن و خەڵەتـان، پشتگوێخسـتن، زەحـمەت و ڕازاندنەوە دێت. کاتێک لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت: "إفتنَّ"، مەبەست ئەوەیە کە قسەی جۆربەجۆری بەکار هێنا... هتد.

کەواتە هونەر لێرەدا بریتییە لە جۆرێک، یان ڕازاوەیی هەر شتێک، بەڵکو کاتێک دەوترێت: "فَنن النَّاس"، لە زمانی عەرەبیدا مەبەستیان ئەوەیە، کە خەڵکی دابەشکرد بە چەند پۆلێکەوە[1]. ئەم واتا گشتییە واتا باوەکەی نێو خەڵک دەکاتە ئەو زاراوەیەی، کە لە یەکێک لەم مانایانەی وشـەکەوە وەرگیراوە، کە ڕازاندنەوەیە. ئیدی لێرەوە وشەی (الفَنْ) بەو جۆرە شتە جوانانە دەوترێت، کە جوانن، وەک کارێکی تایبەت و ڕازاوە بەکار دەهێنرێت کە ئاکارەکانی جوانی و ڕازاوەیی و سەرنجڕاکێشانی تێدا بەکار هێنراوە.

هەروەها وشەی ئینگلیزی و فەڕەنسی " art" هەمان ئەو واتا گشتی و زاراوەییە دەبەخشێت. وشەی (art) هەر وەک لە فەرهەنگی

---

[1] الفیروزابادي- القاموس المحیط – ج٤ – ط٢ – سنة ١٩٩٢ – شرکة مکتبة ومطبعة مصطفی البابي الحلبي وأولاده بمصر ص٢٥٨

(Webster Didtionary[1]) هــاتووه، بە واتــای پیشــە (حرفــة) لێـک دراوەتەوە. هەر لە وشــەی (art)ەوە وشــەی (artisan)واتە: کەســی پیشــەگەر یــان وەســتا، هەروەهــا وشــەی (artist) واتە هونەرمەنـد و وەستاکار بەکار هێنراوە و وەرگیراوە.

کەواتە وشەی (اَلْفَنْ) لە بناغەدا واتە هونەر ناوێکی گشتییە بەو شتانە دەوترێـت لە ژیانـدا، کە پیشــەگەری و ڕازانـدنەوە و هونەرکـاریی تێـدا دەکرێت. دکتـۆر "لمیـاء فـاروقی[2]" لەگەڵ ئەم پێناسـەیەی ئێمەدا هـاوڕایە، پێیـوایە ئیشـکالیەتی هـونەری نـاو مۆزەخـانە و مۆزەکـان ئەوەیە، کە لە بنــاغەدا ئیشــکالیەتێکی ڕۆژئــاواییە، کولتــووری ئیســلامییش جیــاوازی ناخاتە نێوان هونەرە جوانە مۆزەخانەییەکان و هونەرە پیشەییەکانەوە[3].

دروستکردنی ئەم جیاوازییەش دابڕانێکی مەعریفیی قووڵ و کەلێنێکی گەورەی مەعریفی دروست دەکات.

ئێمە ئەگەر بنـاغەی گەردانەکـانی وشــەی (artisan[4]) و (artist) وەربگـرین، دەبینـین وشــەی (artisan) پێشـتر بەکـارهێنراوە تـا وشــەی (artist،) چونکە ئەسـڵ لە واتـای (art)دا بـریتییە لەو هـونەرەی کە هەر کەسێکی وەسـتاکار و دەسـتڕەنگین دروسـتی دەکـات، ئەو هـونەرەی کە لەنێو ژیاندایە و بۆ هەمووانە، لە هیچ بوونەوەرێک دانەبڕاوە.

---

[1] Webster dictionary - Art

[2] لویز لمیاء الفاروقي: پێش مسـوڵمانبوونی پسـپۆڕی مۆسـیقای کەنیسـەیی بووە، پاشـان بــوویە زانــایەکی دیــاری بــواری هــونەری ئیســلامی و هــونەری تەلارســازیی ئیســلامی. هاوســەری دکتـۆر ئیسـماعیل ڕاجـی فـاروقی بـووە. پێکەوە بەشـدار بـوون لە نووسـینی مەوسووعەی ئەتڵەسی شارستانیی ئیسلامی. لە سـاڵی ١٩٨٤ لە ئەمریکا بە چەقۆ هێرش کرایە سەر خۆی و دکتۆر ئیسماعیل ڕاجی فاروقی هاوسەری و تیرۆر کران. (و)

[3] لويز لمياء الفاروقي – الفن الإسلامي أم الفن المسلم.

[4] Webster dictionary – Art

(له زمـانی کوردییشـدا، وەک مامۆسـتا شـێخ مـوحەممەدی خـاڵ دەربارەی هونەر دەفەرمێت: کردەوەیەکی جوانی پەسـەندە، کە لەدەسـت هەمـوو کەس نەیەت[1]. هەروەهـا مامۆسـتا هەژار لە فەرهەنگی (هەمبـانە بۆرینە)دا دەڵێت: هـونەر بە واتـای دەسـڕەنگینی دێت، تەنـانەت وشـەی هـۆنەریش دێنێـت، کە هەم بە واتـای شـاعیر دێـت و هەم بە واتـای ئەو کەسـەی شتێک دەهۆنێتەوە. وشـەی: هـونەرامێز (هونەرئـامێز)یش دێنێت بۆ ئەو شتەی هونەری تێدا بەکار هێنراوە...

لە فارسیدا وشەی هـونەر لە فەرهەنگی (دهخدا)دا بە واتـای فراوانـی دێـت و هـونەر زانسـت و مەعـریفە و فەزل و کەمـاڵە و خـاوەن هـونەر بەهۆی هونەرەوە لەو کەسانە لەپێشترە کە هونەریان نییە[2]. - و-)

لێـرەوە ئەوەمـان بـۆ دەر دەکەوێـت، کە وەسـتای هـونەر کاتێـک هـونەرەکەی پێشـکەش دەکـات بە خەڵکـی و سـوودیان پـێ دەگەیەنێـت، لەپێشـترە لەو کەسـەی بەرهەمێکـی هـونەریی تـایبەت دروسـت دەکـات و دەیخاتە شوێنێکی دابڕاو یان مۆزەخانەوە.

بنـاغەی کـاری مۆزەخـانەیی بـریتییە لە دابـڕان. مێشـێل فوکـۆ[3] لەم بارەیەوە لە پەڕتووکی "*مێژووی عیادە*[4]"دا قسە لەسـەر دابڕینـی نەخـۆش دەکـات، واتە دابڕینـی ئەوی تـر، کە مـن ڕەفـزی دەکەم. هەروەهـا

---

[1] فەرهەنگی خـاڵ. شـێخ محەمـمەدی خـاڵ. بڵاوکـراوەی ئـاراس. چ دووەم. چاپخـانەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە. هەولێر ٢٠٠٥. ل٥٠٥.

[2] لغتنامە دهخدا. پیتی (هـ) وشەی هنر.

[3] میشـێل فوکۆ یـان میشـال فوکۆ (١٩٢٦ – ١٩٨٤ز): فەیلەسـووفی فەڕەنسـی. لە بـواری فەلسـەفە و کۆمەڵناسـی و مێژوودا کـاریگەریی لەسـەر نیوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم داناوە. (و)

[4] Foucault M. Naissance de la Clinique – P.U.F. 1963 .

"لیرمۆنتۆڤ[1]" لە ڕۆمانەکەیدا بە ناوی "پاڵەوانێکی ئەم سەردەمە[2]" لەسەر زمـانی پـاڵەوانەکەی، کە نـاوی "بیچـۆرین"ە و "وەکـو هەمـوو مـرۆڤە ساغەکانی تر وایە، ڕقی لە نەخۆش و پەککەوتە و ئەو کەسانەشە، کە دەردێکـی گەورەیـان هەیە، ڕەشـبینە بەرانبەریـان"، دەڵێـت: "هەر بـۆیە دەتـوانین بڵێـین دابـڕین یەکـێکە لە بنەمـا مەعریفییەکـانی شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا". دابـڕین لە پـاش پـۆلێنکردن و بەشبەشـکردنەوە دێـت. دوو جۆریش لە دابڕینمان هەیە:

یەکەم: دابڕینی ئەوی دی - کە ڕقمە لێی- لە خۆمی خۆشەویست، ئەمەش لە دابڕینی نۆڕینگە (عیادة) و زیندانەکاندا دەر دەکەوێت.

دووەم: ئەو دابەشکردن و پۆلێنکردنانە دێت، کە مرۆڤەکان دەکات بە دوو بەشـــەوە: چەن نەتەوەیەکـــی دواکەوتـــوو و چەن نەتەوەیەکـــی بەربەری و هەمەجی.

جـۆرێکی تـر لە دابـڕین، بـریتییە لە دابڕینیـی (مـن)ی (جـوان)ی (خۆشەویســت)، لە (ئەو)ی دی، کە وەک شــتێکی بێــزراو و ســووک و ناخۆشەویست سەیر دەکرێت، ئەوەش لە مۆزەخانە و فەلسەفەی باخچە تایبەتەکانی کۆشکەکاندا بەدیدەکرێت. لە ڕاستییشدا مۆزەخانە بریتییە لە بەنـدیخانەی جـوانی؛ چـونکە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەیە لە ئەوی تـر، ئەوی تری ناپاک و پیس، کە ڕێز و قەدری ئەو جوانییە نازانێت! کەواتە عەنتیکەیەکـی هـونەری و جـوان لە هەر سـەرچاوەیەکەوە هاتبێـت، بە

[1] میخائیل یورفیچ لیرمۆنتۆڤ (١٨١٤ – ١٨٤١ز): ئەدیب و شاعیری ناوداری ڕووسی. (و)
[2] A Hero of our time M. Lermantov Selected Works Rogress publishers Moscow 2nd printing 1978 Page 197 .

شتێکی تایبەت دادەنرێت، نابێت بخرێتە ناو بازنەی ئەوی دی، کە پەست و نزمە و ڕێزی لێ ناگرێت و لێی تێناگات!

ئەم پۆلێنبەنـــدیی دابـــڕینەیە، کە لە وتەزا و مەقـــوولەی "هـــونەری جوان"دا دەردەکەوێت، کە کۆشکەکان دەڕازێنێتەوە و لە مۆزەخانەکاندا دەپارێزرێـــت و لە بەکارهێنـــان دوور دەخـــرێتەوە. ئەمەش ئیســـتیقرای ڕاسـتەوخۆیە، کە دیـدگەی گەردوونبینیـی گریکییەکـان (یۆنانییەکـان)ە و مرۆڤ دابەش دەکات بۆ دوو بەش: بەربەری و خوداوەندەکان، واتە بۆ: منـــی بەرز و ســـەرکەوتوو و (ئەوی دی)ی دواکەوتـــوو. ئەم دیـــدگە هـــونەرییەش لە ســـەردەمی ڕێنیســـانس[1] (بـــووژانەوە)دا دەرکەوت، بەسراوەتەوە بە بیرۆکەی هونەرمەند/ دەسڕەنگین/ دابڕاو لە مرۆڤ/ی ئاســـایی/ ســـادە، ئەمەش بیرۆکەیەکـــی خـــوازراوە لە کلاســـیکییەتی یۆنانییەوە، کە هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت، وەک بەدیهێنەر، نەخشـــێنەر، نمـــوونەی وەک ئەمەش لە فەیلەســـووف و بیرمەنـــددا دەدۆزینەوە.

لە کاتێکدا ئـێمە قسـە لەسـەر دابڕانـی مەعریفـی و بەئیسـلامیکردنی مەعریفە دەکەین، ئەوا پێویستە پێش هەموو شتێک سەرنجی ئەو دیدگە و ڕوانگەیە بدەین و بیپشکنین، پێش ئەوەی بمانەوێت شـتێکی دیکەی لەســـەر بونیـــاد بنێـــین، چـــونکە ئەگەر وا نەکەیـــن، وەک دروســـتکردنی کۆشکی بێبناغەیە، بەرەوسەرچوونە بەبێ بیرکردنەوە و نەخشـە، قسـەی ئەو شاعیرەمان لێ بەدی دێت کە دەڵێت:

---

[1] ڕێنیســانس: بەو قۆنـاغە دەوترێـت کە ئەورووپـای لە قۆنـاغی ســەدەکانی ناوەڕاسـتەوە گواستۆتەوە بۆ سەردەمی نوێ. لە ١٣٠٠ز دەستی پێکردووە. (و)

مَتى يَبلغُ البنيانُ يَوماً تَمامَهُ		اذا كُنتَ تَبنيهِ وَأخَرُ يَهدِمُ[1]

**واته: کەی ئەو دیوارە تەواو دەبێت، کە تۆ بونیاتی بنێیت و کەسێکی تر بێت بیڕووخێنێت؟**

دیارە ڕۆژئاواییەکان شارستانیەتی خۆیان لەسەر بناغەی دابڕانی مەعریفیی (ئەپسمۆلۆجی) بونیاد ناوە، دابڕانێک لەگەڵ هەموو ئەو دیدگە جیاوازانەی کە بەرانبەری جیاواز دەگرێتە خۆ و قبوولّی دەکات، هەر ئەم دیدگە ڕۆژئاواییەش بووە بناغەیەک بۆ دیدگەی دابڕینی ئیمپریالیستییانە، وەک "نوام چۆمسکی[2]" فەیلەسووف لە پەڕتووکەکەیدا کە ناوی *"ساڵی ٥٠١، داگیرکردن بەردەوام دەبێت[3]"*ە.

دیارە شتێکی ئاسایی بوو، کە بیرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانس بگەڕێن بۆ بنەما فیکری و مەعریفییەکانی خۆیان لەنێو دیدگەی یۆنانیدا -وەک پێشتر باسمان کرد- ئیدی بەم شێوەیە چەمکەکانی جوانیی تایبەت بەو سەردەمە دووبارە هێنرایەوە ئارا. هەروەها بەردەوامی و خۆبەستنەوە بە کلاسیکییەتی ڕێنسانسی و بەردەوامیی دیدگەی گریکی و ڕۆمانی بوویە زەرووڕەتێک، چونکە بووە بناغەیەکی مەعریفی و شارستانێتی لەسەر بونیاد نرا.

کەواتە بناغەی ڕێنیسانس گەڕانەوە بوو بۆ بناغە (ئەسڵ). ئێمەش لەم پەڕتووکەدا دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ بناغە، حەقیقەت و قووڵاییە ونەکانی بدۆزینەوە، دەمانەوێت گەڕانەوەیەکی مەعریفی بێت، نەک

---

[1] مجلة فصول – الهيئة المصرية العامن للكتاب – عدد ١ – أكتوبر ١٩٨٠ – تعارضات الحداثة – جابر عصفور، ص٧٧.

[2] فرام نوام چومسکی: فەیلەسووفی زانستی زمان و لۆژیک و مێژوو و ڕەخنەگری سیاسی. لە ١٩٢٨ز لە پەنسلڤانیای ئەمریکا لەدایک بووە. (و).

[3] N. Chomsky – 1993 – The year 501’’ South End Press – Boston.

گەڕانەوەیەکی گواستنەوە و نەقڵکردن، پەیوەستبوونێک و هاوکات دابڕانێکی ڕەخنەگرانە بێت، نەک پەیوەستبوونێکی میکانیکی و گواستنەوەی ڕووت.

یەکەم شت سەرنجمان ڕادەکێشێت لەو گەڕانەوەیەدا، بریتییە لەو ڕۆڵە ژیانئامێزییەی، کە هونەر بینیویەتی لە سەرەتای ئیسلامدا، بەو واتایەی هونەرمەند لە بناغەدا خاوەن پیشەیەک بوو، ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی خۆی ئەنجام داوە لە ڕێگەی کار و پیشە جوانەکەیەوە، کارەکەی بە باشترین شێوە ئەنجام داوە. بۆ نموونە مسگەر و نەققاش، هەروەها وەستای تەلار و دیوار و دارتاش، هەموویان خاوەن پیشە بوون، هونەرمەندیش بوون و لە پێناوی ژیاندا کاریان کردووە، نەک لە پێناوی مۆزەخانە و دابڕینی کارە جوانەکانیان لە شوێنێکی دابڕاودا.

هونەر لێرەدا هەر وەکو زمان، داهێنانێکی ڕۆژانەی ژیانییە، هەر وەک "چۆمسکی" لە پەرتووکی"*زمان و عەقڵ*[1]"دا دەڵێت. داهێنانێکی بەردەستە بۆ هەموو کەس، بەڵکو پێویست کراوە لەسەر هەموانیش، جیاوازیی و دابڕانەکە، لە بەردەستبوون و فەرزبوونیدا بووە.

بەردەستبوون و بۆڕەخسان (الإتاحة) هەموو کەس وا لێ دەکات بتوانێت لە بواری خۆیدا ببێتە هونەرمەند، ئەمەش لای چۆمسکی یەکەمین تایبەتمەندیی زمانە[2]. بۆ ڕەخسان بریتییە لە توانایەکی زاتی، ناوەکی، کە تایبەتە بە ڕەگەزی مرۆڤ، کەواتە داهێنان و وردەکاری و لەوێشەوە هونەر وەک بەشێک لە ژیان بۆ هەمووکەس بەردەستە، بەڵام فەرز (الفرض) لە بیرۆکەی وردەکاریی نێو کار و داکۆکیکردن و هەڵنان

---

[1] N. Chomsky – ‘’ Languag @ mind’’ Harcownt Brace Jovanovich – New York 1927

[2] Ibid – page 11

و بانگکردنە بۆ کار. لە فەرموودەشدا هاتووە: "خودای گەورە بێگومان پێی خۆشە ئەگەر کەسێکتان کارێکی کرد، بە وردەکاری و دیقەتەوە ئەنجامی بدات[1]". کەواتە جوانی یەکێکە لە ئاکارەکان (صفاة)ی خودای بەدیهێنەر. لە ئەبی ئومامەشەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: "بێگومان خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت[2]". خودای گەورەش دەفەرمێت: ﴿وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾[3]" واتە: بە جوانی و باشی لەگەڵ دەوروبەرت بجووڵێرەوە، هەر وەک چۆن خودای گەورە بە جوانی و باشی مامەڵەی لەگەڵ کردوویت.

لێرەدا هونەرمەند بریتییە لە وەستای دەسڕەنگین و پیشەگەر، ئەو کەسەی کارەکەی خۆی بەجوانی و ڕێکوپێکی ئەنجام بدات، ئەمەش لە بەرامبەر ئەو بیرۆکە ڕێنیسانسییەدایە، کە لەگەڵ ڕۆمانسییەتی ڕۆشنگەریدا چڕ بوویەوە و پێیوایە، کە هونەرمەند وەک کەسێکی جیاواز و کەسێکی خاوەن ئیلهام و داهێنەر و بەدیهێنەر دەبینێت. ئەوەش بیرۆکەیەکی حلوولییە (حلولية)، کە هەوڵ دەدات شتە مرۆییەکان بکاتە خودایی، ئەوەش لە ڕێگەی هێنانی خوداوە بۆ ناو مرۆڤ/ مرۆڤی باڵا.

لە ناتەبایی نێوان هونەرمەند وەک دروستکەر و هونەرمەند وەک بەدیهێنەر، کە لە ناتەبایی نێوان هونەری نێو ژیانی بەردەست و هونەری نێو مۆزەخانە و دابڕاو جیاوازی دروست دەبێت، جیاوازی دیدگایەکی مەعریفی- ئیمپریالیی دابڕییە - کە هەوڵ دەدات کەسی بەرامبەر

[1]صحيح البخاري.
[2]صحيح البخاري.
[3]سورة القصص – آية: ٧٧.

بسڕێتەوە و بیخاتە ژێر دەستی خۆی و داگیری بکات - لە بەرامبەریدا دیــدگەیەکی فــراوان و بەرامبەرقبــووڵکەر و گشــتگیر هەیە، ڕێگــا بە جیاوازییەکـــانیش دەدات نەشـــونما بـــکەن، هاوکـــات خەڵکـــیش ململانێیەکیشیان هەبێت، بۆ ئەوەی گۆی زەوییش نەفەوتێت. هەر یەکێک لەم دوو دیدگەیەش نموونەیەکی سەرەتایی و سەرمەشقی خۆی هەیە، کە سرووشتی ئەو هونەرە دیاری دەکات بەرهەمی دەهێنێت.

من بە پێچەوانەی زۆرێک لە ڕەخنەگرەکانەوە، کە وا دەزانن هـونەر بـریتییە لە لاسـاییکردنەوەی سرووشـت، پێمـوایە بـابەتەکە بەم سـادەییە نیــیە، ئەو کەســەی پێیــوایە، کە هــونەر بــریتییە لە لاســاییکردنەوەی سرووشت، لەو دیدگە مەعریفییەوە قسە دەکات کە باوەڕی وایە، مـرۆڤ لە سەرەتادا بریتییە لە لاپەڕەیەکی سپی، سـەرنجی دەوروبەری داوە و پێی سەرسـام بـووە، ئەمەش دیدگەیەکە لەگەڵ دیـدگەی ئیمپریالیدا یەک دەگـرێتەوە، کە گریمـانە دەکـات عەقڵـی مـرۆڤ لاپەڕەیەکـی سـپییە و دەتوانین بەو شێوەی کەوا پێمان خۆشە دای بڕێژینەوە.

لە ڕاسـتیدا ئەو هونەرمەنـدەی لاسـایی سرووشـت دەکـاتەوە، تەنهـا بـریتییە لە مرۆڤێکـی بێ ڕابـردوو و ناسـنامە و مێـژوو و پسـپۆڕی، کە شارەزایی پێکهاتەیی و ئاڵۆزیی نەبێت، بەکورتی مرۆڤێک بێت بێ گیـان و دەروون.  کەواتە هونەرمەند بە دیـدگەی ڕۆژئـاوایی خـاوەن بنـاغەی گریکییەوە لاسایی چی دەکاتەوە؟

لەو دیــدگەیەدا، هونەرمەنــد لاســایی خــودا دەکــاتەوە، ئەوان وای دەبینن، کە هونەرمەند خوداکان لەسەر شێوەی مـرۆڤ دروسـت دەکـات و ئاکــار و ســیفەتی مرۆڤیــان پــێ دەبەخشــێت، ئەمەش مەبەســتی

خۆچواندنه به خودا. ئەوەی هونەرمەند بەرهەمی دەهێنێت، بریتییه له چواندن بەو شتەی خودا دروستی کردووه و بەرهەمی هێناوه.

جان ڕۆبێرت[1] له وتارێکیدا به ناوی "بەرهەم"، که له پەڕتووکی "*فەرهەنگی گەشەسەندن*[2]"دایه و باسی لێدوانی (ۆرلفگانگ ساکس) له پەرەسەندنی دەلالەتی فرمانی: "بەرهەم دێنێت"to produce ، دەکات و دەڵێت: له فرمانی لاتینی (Producere)ەوه هاتووه، واته له پەنهانی و نادیارییەوه دەردەکەوێت، که به مانای بەدیهێنانی بوونه، به بوونێکی ئیمکانی؛ پاشان دەبێته بوونێکی کردەیی (بالفعل)، ئەم نووسەرەش داکۆکی لەسەر ڕۆڵی فەیلەسووفه مەسیحییەکان دەکاتەوه، که هەوڵیان دا گونجانێک دروست بکەن له نێوان مەسیحییەت و هزر و فەلسەفەی ئەرەستۆییدا، به مەبەستی گێڕانەوەی ناسنامەی گریکی. پاشان نووسەر قسه لەسەر هزری سەردەمی ڕێنیسانسی پرۆمیثۆسی دەکات، واته مرۆڤی خالیق و بەدیهێنەر، که پرۆسەی بەدیهێنان و خەلقی له کردارێکی خوداییەوه گۆڕی بۆ کردارێکی مرۆڤی/ سرووشتی.

ئەوەی لای ئێمه گرنگه لێرەدا، بریتییه لەوەی ئەم پەرەسەندنه له دەلالەتی ئەم کردارەدا، که له ڕاستیدا بریتییه له تەعبیرکردن لەو دیدگه مەعریفییەی لەگەڵ ڕۆمانسییەتدا گەشتۆته ئامانجەکەی، پێیوایه هونەرمەند/ بەدیهێنەر وەک نموونەیەک له زاتی خۆیدا توانای هەیه پەی به جیهان ببات، به شێوەیەکی داهێنەرانه، بەڵکو توانای هەیه دووباره له

[1] جان ڕوبرت یان جین ڕوبرت (١٩١٠ – ٢٠٠٢ز): خانمی مێژوو نووسی فەڕەنسی. (و).
[2] Dictionary Of development – Zed – Editor W. Sachs produdion – Jean Robert – p. 177.

قــالبی بــداتەوە و دای بڕێــژێتەوە، هەر وەک دکتــۆر "عەبــدولوەهاب مەسیری" لە پەڕتووکەکەیدا "*اَلحَمائِم والصُقور والنِعام*[1]"دا باسی کردووە.

بۆیە من باوەڕم وایە، هونەر لە دیدگە مەعریفییە ڕۆژئاواییەکەوە بریتی نەبووە لە لاساییکردنەوەی سرووشت، بەڵکو لە بناغەدا بریتی بــووە لە لاســاییکردنەوەی خــودا وەک هەوڵــدانێک بــۆ دووبــارە بەدیهێنانەوەی سرووشت. بریتی بووە لە دەربڕینی مرۆڤ بۆ ئەو دیدگایەی خۆی کە پێی وایە گەورەی گەردوونە، هیچ کەسێکیش نییە شان لە شانی بدات، لەوێوە مافی خۆیەتی، کە هەرچییەکی بوێت بیکات و هەرچییەکیشی بوێت بەرامبەر هەرکەس بیکات.

بێگومان پەیکەرە گریکی و ڕۆمانییەکان نوێنەری مرۆڤ نین، بەڵکو ئەو دۆخە نیشــان دەدەن، کە پێویســتە مــرۆڤ وەهــا بێــت، واتە ئەم پەیکەرانە پێوەریی (Normative) و نموونەیی ( - ideal ئایدیاڵ)ن، لە کاتێکدا مرۆڤەکان جۆراوجۆر و جیاوازن. هەر مرۆڤێک بۆ خۆی ئاکار و ســیفەتی تــایبەتیی خــۆی هەیە، تەنــانەت لە ئاکــار و ســیفەتە توێکارییەکانی خۆیدا، هەر وەک "لین بایێر" لە پەڕتووکی "پزیشکی و کولتوور[2] دا ئەوەمان بۆ باس دەکات.

دیدگەیەکی تری ناسینی هونەرمەند ئەوەیە، کە پێیوایە نموونەی سەرەتایی بریتییە لە مرۆڤ، بناغەی سیستەمی هونەرییش بریتییە لە مرۆڤ، ئامانج و چەقی کارەکانیشی هەر مرۆڤە، ئەو نموونەیەی ئەم هونەرەی لێوە سەوز دەبێت و بۆشی دەگەڕێتەوە، هەر مرۆڤە، کە گەورەی هەموو درووستکراوەکانە و جێنشینی خودایە لەسەر زەویدا،

---

[1] عبد الوهاب المسيري" الحمائم والصقور والنعام" – دار الحسام، القاهرة ١٩٦٦ ط١ ص١٧٣ – ١٧٤.

[2] L. Payer Medicine & culture – Henry Hott & Company – New York

کەواتە ئەم هونەرە هەوڵ دەدات مرۆڤەکان خۆشبەخت بکات و چێژی پێ ببەخشێت، بەهایەکی باڵای پێ بدات لە هەموو کار و کایەکانی ژیانیدا.

بۆ نموونە کاتێک هەندێک گۆشت ئەبرژێنرێت و لە فرۆشگاکانی کەباب و کفتەدا پێشکەش دەکرێت، دەخرێتە سەر چینێک لە سەوزی وەک کەرەوز و نەعنا و جەرجیر، لە دەوروبەریشدا تەماتەی سووری جنراو و پیازی سپی دانراوە و ڕەنگی سوور و سپی تێکەڵ دەبن، ئەمەش لە خۆیدا کاریکی هونەرییە و سەرنجی مرۆڤ بە لای خۆیدا ڕادەکێشت، ئەمەش لەگەڵ بۆنی کاریگەری خواردنە پڕتامەکەدا "کەوانی کاردانەوە[1]"ی مرۆڤ دەجووڵێنێت لە ناخیەوە و دەمی پڕ دەبێت لە ئاو، ئیدی شەویلگ و خڕێکان دەبزوێن و سەمفۆنیای جووین و هەڵپەبردن بۆ خواردنەکە دروست دەکات، هەمان ئەم پارچە گۆشتە، دەکرێت پێشکەش بکرێت بەبێ ئەم چوارچێوە جوانییەی کە باسکرا، بەبێ ڕازاندنەوەیەکی هونەرییانە، هیچ هەستمان ناورووژێنێت وە ناخمان ناهەژێنێت، کاریش ناکاتە سەر کەوانی کاردانەوەی کولتووریی تایبەت بە خۆمان.

لێرەدایە جیاوازیی نێوان ئەو مرۆڤەی، کە جوانی بەشێکی جیانەکراوەیە لە مرۆڤبوونی، لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا، کە خواردن بۆ ئەو تەنها کردەیەکی غەریزەیی ڕاستەوخۆی تاکڕەهەندە و ئەو ئاژەڵە تەنها خواردن ئەبینێت و بەس، بۆنی گۆشتەکە و شێوازی دەرەوەی گۆشتەکە

[1] بریتییە لە ڕەوتی هەستکردنی جەستە بە کاریگەرییەک و پاشان نواندنی کاردانەوە بەرانبەری لە ڕێگەی کۆئەندامی دەمار و ماسوولکەوە. (و).

لە خۆیدا بەسە بۆ وروووژاندنی کەوانی کاردانەوە و جووڵاندنی لیکی ناو دەمی.

لە ڕاستیدا ئەو بەرهەمە هونەرییەی لە هەموو شتە ژیانییەکاندا خۆی دەنوێنێت و لە هەڵسوکەوتە مرۆییەکاندا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە دیدگەی مەعریفیی ئیسلامی جیا دەکاتەوە، کەواتە دەتوانین دەس بکەین بە شیکردنەوەی بەشی کۆتایی ئەو پرسیارە سەرەتایی و بەڵگەنەویستەی بریتییە لە ئاکار و سیفەتی ئیسلامی، کە وتمان لەگەڵ هونەردا یەک بکەوێت، ئەو ئیسلامیەتە چییە؟ کە دەتوانێت هونەرێک دیاریی بکات و جیای بکاتەوە لە هونەرەکانی تر، کە پێی نەوترێت ئیسلامی و بیکاتە سیستمێکی پشتبەستوو بە خود و جیاواز لەوانی دی.

پرسیارکردن لە ماهیەتی نێو ئاکار (صفة)، دەمانگەیەنێتە پرسیارگەلێک دەربارەی مێژوویتی (التاریخیة) و شوێنێتی (المکانیة)ی ئەو ئاکارە، جگە لە فرمانیبوون و بکەربوونی، پاشان ئەو ئاکارانەی بووەتە کەرەستە جیاوازەکانی بونیادنانی، کە دەیکاتە سیفەتێک لە زاتی خۆیدا، کە شایستەی ئەوەیە بە وشە ئاکاری تایبەت بدات بە دەرەوەی خۆی. بەکورتی، پرسیارکردنە لەسەر ئەو شتانەی ئیسلامی دەکاتە ئیسلامی.

ئایا ئیسلامێتی (الإسلامیة) ئاکارێکی مێژووییە و تایبەتە بە مێژوو و کاتێکی دیاریکراو؟ ئەگەر وایە ئەو قۆناغ و کاتە دیاریکراوە کامەیە؟ ئایا بریتییە لە گەشتنەلوتکەی شارستانێتی ئیسلامی لە داهێناندا؟ یان بریتییە لە قۆناغی بەربڵاوی فتووحاتی ئیسلامی؟ یان قۆناغی پاش ئەوەیە؟

یان ئایا ئاکاری ئیسلامی ئاکارێکی پەیوەستە بە شوێنێکەوە؟ یان بە شارێکی دیاریکراوەوە؟

ئەم پرسیارەش لەسەر وابەستەبوون بە شوێنەوە، وەک پرسیار لەسەر کات (زەمەن) وەهایە، کە ئیشکالیەتی فرەیی ناو سیستەمێک دێنێتە ئاراوە -وەک باسی لێ دەکەین-، یان ئایا ئیسلامێتی ئاکارێکی پەیوەستە بە کردارەوە؟ بەو واتایەی کە کردارێکمان هەیە و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئاکارێکدا، کردارێکی تریشمان هەیە ڕێک نایەتەوە لەگەڵی و ناخرێتە سەری، یان ئیسلامێتی وەک ئاکارێک دەبینین، کە لە کاریگەرییەوە سەر هەڵدەدات، بەو واتایەی هەر کاتێک بکەرەکە مسوڵمان بێت، ئەوا بەرهەمی کارەکەشی یان کارەکەی ئیسلامی دەبێت. وەبە چاوپۆشی لەوەی ئاکاری بونیادی و تایبەتمەندییەکانی چی بێت؟

هەموو ئەم پرسیارانە بەقەدەر خودی ئاکارەکان و خودی بیرکردنەوە و لێکدانەوەکان لەم بارەوە کۆنن، گەلێک ئیجتیهادیش لەم بابەتەدا کراون، هەموو وەڵامەکانیش ڕاست و پەسەندکراون.

ئەم وەڵامە جیاوازانەش دەلالەت نییە لەسەر ئاڵۆزیی و ناڕوونی، بەڵکو بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندی و چڕیی خودی ئاکارەکە لە خودی خۆیدا، بە شێوەیەک کە دەتوانین هاوکات قسە لەسەر ئەگەر و ئیمکاناتە شوێنی و کاتی و کرداری و بکەری و بونیادییەکانی بکەین.

وەک نموونەیەک بۆ زەمانگەرایی، دەبینین زۆربەی ئەوانەی دەربارەی هونەری ئیسلامی قسەیان کردووە، قۆناغی گەشەسەندنی داهێنان و لووتکەی شارستانیەتی ئیسلامییان باس کردووە و کردوویانەتە نموونە، چەندین نموونەی شوێنی جیاوازیان هێناوەتەوە،

هەر لە سـەمەرقەند لە ڕۆژهەڵاتەوە تـا دەگـاتە قورتـوبە[1] لە ڕۆژئـاوای جیهـانی ئیسـلامەوە، لە ئیشـبیلیەوە[2] لە بـاکوور تـا تیمبۆکتـۆ[3] لە باشوورەوە، بە تێپەڕین بە قاهیرە و تەبریز و ئەسفەهان و خۆراسان و ڕەشید و بانیالۆکا[4] و ئیستانبوڵ و شوێنەکانی تردا.

بەو واتـایەی ئەو شـیکەرەوە و ڕەخنەگـرانەی زەمانگەراییـان هەڵبـژاردووە وەک پێناسـەیەک، شـوێنگەرایی و فرەییـان وەک ئاکـارێکی ناسـەرەکی سـەیر کـردووە، کە داکـۆکی لەسـەر تایبەتمەنـدیی ئەو سیستەمە دەکاتەوە کە بونیادیان ناوە.

لە لایەکی ترەوە ئەو کەسانەی دەمارگیرییـان بـۆ شـوێنگەرایی هەیە، قسـەیان کـردووە لەسـەر هـونەری ئەندەلووسـی و هـونەری میسـری و مەغریبی و تورکی و هونەری فارسی، تەنانەت سەمەرقەندی و قومی و گەلێک لە ئاکاری پەیوەست بە شـوێنەوە، واتە چاوی بەسـتووە و ئیدی تەرکیـزی لەسـەر جۆراوجـۆری و تایبەتمەنـدیی شـوێنەکان کـردووە و کردوویەتی بە توخمێکی گشتی و درێژبووەوە بەسەر کات و شوێندا.

کـردەییش - بەتـایبەت لە هـونەری خۆشنووسـیدا - دەردەکەوێـت (کاتێک گەلانی مسوڵمان ئەو پیتانەیان بەکار هێنا کە ئێستا پێی دەوترێت پیتی عەرەبی و لە بنەڕەتدا لە پیتە ئارامییەکانەوە وەرگیراوە و ڕەگی سریانی و نەبەتی هەیە. - وە )، چونکە دەبینین بەرهەمهێنەر لە بەرهەم و کردارەکەیـدا وابەسـتەیە بە ئیسـلامەوە بە شـێوەیەکی سـەرەکی، لە

---

[1] شاری کۆردۆبای ئێستە لە ئیسپانیا (و).

[2] شاری سەڤیل یان سەڤیا یان سیڤیلیا (Seville)ی ئێستا لە ئیسپانیا. (و).

[3] تیمبۆکتۆ: شارێکی مێژوویی لە وڵاتی مالی لە ئەفریقیا. (و).

[4] بانیالۆکا: شارێکی وڵاتی بۆسنەیە لە ئەوروپا. (و).

ڕێگەی پەیوەستبوونی بە زمان و پیتە جوانەکانی عەرەبییەوە (هەروەها زمان و پیتە جوانەکانی زمانەکانی فارسی و کوردی و تورکی و ئوردو و پەشتون و هیندی... هتد لە هونەری خۆشنووسیدا -و-)، وەک سیستەمێک و پیشەیەک، کە پایەکانی هەر لە سەرەتاکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامییەوە بەتۆکمەیی داڕێژراوە، لێرەدا دەبینین ئیمکانیەتی کردەیی شوێنی تێپەڕاندووە، دەبینین کەسێکی وەک "ئیبن موقلە[1]" بەرهەمەکانی لە بەغداد دەر دەکەوێت "عەبدوڵلا هاشم[2]" بەرهەمەکانی لە ئیستانبوڵەوە دێت و کاتی تێپەڕاندووە، ئەوەتا "هیلالی عێراقی عەبباسی[3]" و "موحەممەد ئیبراهیمی میسری[4]" هاوچەرخ دەبینین. (کەڵەخۆشنووسی کوردییش: "حامیدی ئامەدی[5]" لە شاری ئامەدەوە لە کوردستانەوە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی کارای لە هونەری خۆشنووسی و ئەفسوونی پیتەکاندا هەبووە. و)، کەواتە ئەمە ئاکارێکە لە بەرهەم و لە خودی کردارەکەوە سەر هەڵدەدات.

---

[1] ابن مقلة: خۆشنووس و شاعیر و نووسەر و وەزیری سەردەمی عەبباسییەکان (٨٨٦-٩٣٩ز) (و).

[2] پێموایە مەبەستی هاشم بەغدادی بێت کە لە ١٩٧١ لە بەغداد لەدایک بووە، خۆشنووسی گەورە (حامیدی ئامەدی) مۆڵەتی خۆشنووسیی پێداوە و لە خۆشنووسە گەورەکانی سەدەی بیستەمە. لە ١٩٧٣ز کۆچی دوایی کردووە. (و)

[3] علي بن هلال العباسي: ناسراو بە (ابن البواب): خۆشنووسی سەردەمی عەبباسییەکان (٩٦١ – ١٠٢٢ز).

[4] محمد ابراهیم: لە وڵاتی میسر لە ١٩٠٩ز لەدایک بووە لە ١٩٧٠ز کۆچی دوایی کردووە. لە زانکۆی ئەسکەندەرییەی میسر وانەی خۆشنووسیی بۆ قوتابیان هەبووە. (و).

[5] حامد الآمدي (١٨٩١ – ١٩٨٢ز): ناوی موسا کوڕی عەزمی کوڕی زولفەقارئاغایە و لە ئامەد (دیاربەکر) لە باکووری کوردستان لەدایک بووە و باوکیشی خۆشنووس بووە، پاش چوونیان بۆ ئیستانبوڵ بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جیهانی ئیسلامی لە خۆشنووسیدا. (و)

بەڵام بکەریتی (الفاعلية)، ئاکارێکی نوێیە و تا ئێستا ڕەوایەتیی بەدەست نەهێناوە و گومانیشم وا نییە بەدەستی بهێنێت، کەواتە ئەو قسەیەی کە دەڵێ هونەرمەندی مسوڵمان هونەرێکی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێت، قسەیەکی سەقەتە، چونکە وای داناوە، کە ئیسلام میللەتێکە تەنها وەک وشەیەک دەخرێتە نێو یەکێک لە خانەکانی ناسنامەی مرۆڤ، ئیتر سیفەتی تایبەتمەندێتیی لێ وەردەگیرێت و دەدرێتە بەرهەم و کردارەکەی، چونکە لە ڕاستیدا ئیسلام بریتییە لە عەقیدەی ژیان و دیدگایەکی ئەپستمۆلۆجی موتەکامیل، ئایینێکە بە واتای تەواوی وشەی ئیسلام، چونکە لە هەموو بەشێکی ژیانی مسوڵماندا ئیسلام دەردەکەوێت، بۆیە دەکرێت ئایینی وەستا یاخود پیشەگەرێکدا ئیسلام نەبێت، بەڵام بەرهەمەکەی وەک بەرهەمێکی شارستانی و جوان ببێتە هونەرێکی ڕاستەقینەی ئیسلامی.

ئیشکالیەتێکی تریش هەیە وامان لێ دەکات، کە بکەریی نەکەینە بناغەی پۆلێنکردن، چونکە هونەر لە دیدگەی ئیسلامی مەعریفییەوە بریتییە لە بەرهەمی ژیان، کەواتە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت –هەر وەک پێشتر وەسفمان کرد- ببێتە هونەرمەند، بەڵکو پێویستە لەسەر هەرکەسێک کە شتێک بەرهەم دەهێنێت، بەرهەمەکەی زۆر بە وردی و ڕێکوپێکی بخاتە ڕوو، کەواتە هونەرێکمان پێشکەش دەکات.

لێرەوە ئاکاری ئەو هونەرمەندەی کەوا تەنهایە و داهێنەرە و هیچ مرۆڤێکی تر وەکو ئەو نییە، هەڵدەوەشێتەوە و هونەرەکە ئاسایی دەبێتەوە، ئیدی بکەر هێزی خۆی لەدەس دەدات و تاکێتیی گەردیلەیی (الفردية الذرية) دەگۆڕێت بۆ تاکگەراییەکی ڕەنگاڵەیی و فرەیی، کە ڕێگا

دەدات هەر زاتێکی بکەر بتوانێت لە بواری جووڵەی کاری خۆیدا داهێنانی ببێت.

پاش ئەوەی بەکورتی تایبەتمەندییەکانی ئاکارمان لە ڕووی زەمانی و شوێنی و کردەیی و بکەرییەوە خستەڕوو و ناسیمان، ئێستا پێمانوایە ئەو بناغەیەی ئاکار و سیفەتی ئیسلامێتیی لە هونەردا لەسەر بونیاد دەنرێت، بریتییە لەو دیدگە مەعریفییەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەرامبەریش دەگرێتەوە و تەنانەت هانمان دەدات بۆ ئەوەی بەشێک بێت لەناو بازنەی سیستەمی ژیانێکی پڕ تەواوکاری (موتەکامیل)دا، بە بۆچوونی ئێمە ئاکار و سیفەتی ئیسلامی بریتییە لە ئاکارێکی بونیادی و بالآتر لە کات و شوێن، واتە نابەسرێت بە کات و شوێنێکی نادیارەوە، هەر وەک چۆن کاتێک دەڵێین ئوممەتی ئیسلام، هەم باوەڕدار (مؤمن) دەگرێتەوە هەم بێباوەڕ (غیر مؤمن) دەگرێتەوە، مسوڵمان دەگرێتەوە و ئەهلی کیتابیش دەگرێتەوە، هەر کەسێکی تریش، کە شەرع و دەستووری ئیسلامی پێ قەبووڵ بێت، ئەم ئاکارەش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندێتییەکانی نێو ئەو بونیادەی قبووڵ بێت، کە تێیدایە و بتوانێت دووبارە لە کردەوەکانیدا پیادەی بکات و بەرهەمی بهێنێتەوە، بە شێوەیەک شتی بەرهەمهێنراو دەبێتە نیشانەیەک کە دەلالەت لەسەر دەستکارێک و نموونەیەکی مەعریفی بکات، کە نوێنەری ئەو ئاکارە بێت. تایبەتمەندییە بینائییەکانی ئاکاری ئیسلامی -بە بۆچوونی ئێمە- ئەمانەی خوارەوەن:

**١- تایبەتمەندییە ژیانییەکان:** کاری هونەری ئیسلامی بەشێکە لە ژیان، ئیسلامیش وەکو عەقیدە مرۆڤ هەڵدەنێت بۆ ئەوەی کارەکانی زۆر بەوردی و ڕێکوپێکی بکات -وەک پێشتر باسمان کرد- . نووسەر "عەلی

عیـزەت بیگـۆڤیچ[1]" لە پەڕتـووکی (الإسـلام بَـين الشـرق والغـرب[2])دا دەڵێـت: مـرۆڤ مرۆڤـایەتیی خـۆی و نهێنیـی مرۆڤـایەتیی خـۆی لە کـاری هونەریـدا دۆزیـوەتەوە، بە واتـایەکی تـر ئەو هـونەرە ژیـانییەی، کەوا ئـێمە ڕۆژانە مومارەسـەی دەکەیـن، هەڵسـوکەوتی ئێمە لە هەڵسـوکەوتێکی سـادەوە بـۆ هەڵسـوکەوتێکی ئـاڵۆز بەرز دەکـاتەوە و لە سروشـتییەوە بـۆ کولتـووری بەرزمـان دەکـاتەوە، وەک "لیڤـی شـتراوس[3]"لە دائیرەتولمەعاریفەکەیـدا بە نـاوی (ئەفسـانەکان) وتـوویەتی. ئەو هـونەرەیە دەمانکـات بە مـرۆڤ و کردارەکانمان وا لێدەکات دڵمان پێوەی وابەستە بێت، کەواتە لێرەوە دەڵێین: هەرچەند مرۆڤ زۆرتر قاڵ بێتەوە لەناو کاری هونەریدا لە ژیاندا و ببێتە بەشێک لێی، بەو ڕادەیە پلەی مرۆڤایەتییەکەی زۆرتر و بەرزتر دەبێتەوە، لێرەشـەوە کارەکە دەبێتە کارێکی هونەری ئیسـلامی، چونکە جیاوازییەک نییە لە نێوان کارێکی هونەریی ئاوێزان بە جوانییەوە -کە دیوارەکان جوان دەکات و ئەرکی جوانیی بەسوود دەبەخشێت- لەگەڵ کارێکی زەخرەفەی جوانیبەخشدا، کە لەسـەر پەرداخێکی ئاوخواردنەوەی مرۆڤ، یان لەسـەر پێنووسێک کە پێی دەنووسێت، یان لەسـەر دەورییەک، کە خواردنی تێدا دەخوات یان لەسـەر مەشخەڵ و شـەمعدانێک کەوا بەکاری دەهێنێت بۆ ڕووناککردنەوە.

---

[1] عەلی عیززەت بیگۆفیچ (١٩٢٥ – ٢٠٠٣ز): نووسەر و فەیلەسووف و چالاکی بۆسنی. خاوەنی پەڕتووکی بەناوبانگ (ئیسلام لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا). لە ١٩٩١ز بووە سەرۆک کۆماری بۆسنە. (و)

[2] علي عزت بيجوفيج – الإسلام بين الشرق والغرب – مجلة النور الكويتية – مؤسسة بافاريا ط١ – ١٩٩٤ – ص٢٢٥.

[3] کلـۆد لیڤـی شـتراوس یـان سـتراوس: کۆمەڵنـاس و ئەنثرۆپۆلۆجیسـت (مرۆڤناسـی)ی فەرەنسی و ڕابەری یەکەمی بونیادگەری و باوکی زانستی مرۆڤناسیی مۆدێرنە (١٩٠٨ – ٢٠٠٩ز). (و)

ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین کاری هونەری پێویستە ئەرکێک ئەنجام بدات، چونکە ئەوەی کە ئێمە دیاریمان کردووە بریتییە لە لایەنی ژیانی نەک لایەنی وەزیفەی و ئەرک، زۆر بەڕوونی مەبەستمان ئەوەیە، کە کارە هونەرییەکە ببێتە بەشێک لە ژیان، نەک تەنها ببێتە پارچەیەکی هونەریی دابڕاو و دوور لە دەستی مرۆڤەکان.

٢- **پێکهاتەییبوون (التركيبية):** زانای کۆمەڵناس و فەیلەسووفی فەڕەنسی ئێدگار مۆران[١] دەڵێت: ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بریتییە لە خاڵی دووڕییانی زانستەکان، چونکە هەموو زانستەکان لەسەر پسپۆڕی و تایبەتمەندیی خۆیان دروست دەبن و لەسەر حەتمیەت بونیاد دەنرێن و نکوڵی لە هەر فاکتەرێکی هەڕەمەکی دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێکردنی لۆژیکی میکانیکی بەسەر ژیانی مرۆڤدا[٢].

پێیوایە مرۆڤ پێویستی بە ڕێگایەکی نوێی ئاڵۆزکاری هەیە، بەشەکان لێک ورد دەکاتەوە و پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەڵدەوەشێنێتەوە و بنیات دەنێت، بەکورتی پێویستی بە شێوازێکی پێکهاتەیی (تركيبية)هەیە[٣].

ئەم پێکهاتەییەی کە ئەم خاڵی دووڕییانە و ئەم فەیلەسووفە ئێمەی بۆ بانگ دەکات خۆی لە خۆیدا بریتییە لە تایبەتمەندییەکی بناغەیی و سەرەکی لە بینائییەتی ئیسلامدا، ئەو ئاکارە ئیسلامییە جیا دەکاتەوە بۆمان، کە ئێمەش خۆمان دەمانەوێت دیاریی بکەین. ئیسلام بانگمان

---

[١] ئێدگار مۆران: فەیلەسووف و کۆمەڵناسی فەرەنسی (١٩٢١ز لەدایک بووە). (و).

[٢] مجلة رسالة يونسكو- عدد فبراير ١٩٩٦ – ادجار موارن – طريقة جديدة في التفكير – ص١٠-١٤.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢٥.

دەکات بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە و شیتاڵکردن و شیکردنەوەی جیهان و دووبارە پێکهێنانەوەی لە ڕێگەی دوو پایەی بنەڕەتی: (هزر/ کردارەوە.)

هەر وەک محمد فواد عبدالباقی[1] لە پەڕتووکی (المعجم المفهرس)دا دەڵێت، لە قورئاندا ١٠٨ جار[2] (فعل/ فرمان) و گەردانکراوەکانی (فعل) لە قورئاندا هاتووە، فیعل (فرمان)یش هەمیشە پرۆسەیەکی بنیاتنانە، چ کرداری خوداوەندیی بێت، یان مرۆیی بێت بە فەرمانی خودا، چ کردارێکی مرۆیی باش بێت، یان خراپ و قەبووڵنەکراو.

هەروەها وشەی (الفکر) ١٨ جار [3]لە قورئاندا هاتووە، کە بریتییە لە پرۆسەی شیکردنەوەیەکی مەبەستدار و ئامانجەکەی تێفکرین و لێوردبوونەوەیە. مەبەستیش لەم پرۆسە پێکهاتەییەدا و پێکەوەنانەدا کە بەشەکان لێک جیا دەکاتەوە و دیارییان دەکات و پاشان پێکەوەیان دەبەستێت وە بونیادیان دەنێت، بریتییە لە: شیکردنەوە و دووبارە بونیادنانەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە لێکدانەوە و بونیادنانەوەی هەر شتێک، کە دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان لە فیکری ئیسلامیدا. لەم پرۆسەیەشدا هەمیشە (گشت) گەورەترە لە کۆی سادەی بەشەکانی، دەبینین ئەو یەکانەی کە دووبارە دەبنەوە، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لەم پرۆسەیەدا. چ ئەو یەکە کاریگەرانەی، کەوا کاریگەریی بینینی

---

[1] محمد فؤاد عبدالباقي: توێژەر و نووسەر و وەرگێڕی میسری. لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییەوە پەڕتووکی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی وەرگێڕاوە کە پەیوەندیی بە موعجەمەکانی فەرموودە و قورئانەوە هەیە. گەلێک خزمەتی بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کردووە و فەهرەستی وشەکانی قورئانی ڕێکخستووە. لە ١٨٨٢ز لەدایک بووە و لە ١٩٦٨ز کۆچی دوایی کردووە. (و)

[2] المعجم المفهرس، محمد فؤاد عبدالباقي، دار الشعب ١٣٧٨هـ ص٥٢٣-٥٢٤.

[3] هەمان سەرچاوە ص٥٢٥

دروست دەکەن، هەر وەک لە زەخرەفەی ئەرابێسکدا ئەبینین، یاخود ئەو مۆتیڤانە بن، کەوا لە ڕووی بیستنەوە کاریگەرییان هەیە، هەر وەک لە مۆسیقا و شیعردا دەیبیستین. یان مۆتیڤێکی درامی بێت، هەر وەک لە شێوازەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری و ڕاز و حیکایەتەکاندا بێت. هەموو ئەم یەکە دووبارەبووانەش شێوەیەکی نایابی لێ پێکدێت، کە لە بەرزی و باڵاییدا پێشکەوتووتر و جیاوازترە لەو یەکە تاکانەی کەوا لەسەری بونیاد نراوە.

**٣- پەرستش (العبادة):** لەبەر ئەوەی ئایین بریتییە لە دیدگەیەکی پەیوەست بە ژیانەوە -وەک پێشتر باسمان کرد- و هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەش کە وردی لە کردار و بەکارهێنانی هزردا، وەک فەرزێکی دونیایی و دینی سەرنج دراوە، ئەوا بەندایەتی و خواپەرستیی ئیسلامیش لە بناغەدا تەجەللای لە شێوازی عیبادەتدایە، بە واتای نزیکبوونەوە لە خودا و بەکارهێنانی هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی و بەزەیی خودا. کاری هونەری، ژیانی، پێکهاتەیی، ئەویش جۆرێکە لە خوداپەرستی لە ئیسلامدا، هەر بۆیە ئەبینین گەلێک لەو هونەرانەی ناوی لێ نراوە ئیسلامی، وەک: خوێندنی قورئان، تەجوید، خۆشنووسی و جواننووسی، بە جۆرێک لە جۆرەکانی خوداپەرستی و عیبادەت دانراوە، سەلمێنەر و نوێنەری گەورەیی خودای پەروەردگارن.

کەواتە هونەر لە ئیسلامدا بریتییە لە شکۆبەخشین بە گەورەیی خودا، تەسبیحاتکردنە لە ڕێگەی جوانییەوە، یان هەر وەکو نووسەر "وەفا ئیبراهیم" لە کتێبەکەیدا بە ناوی *"فەلسەفەی هونەری وێنەکێشانی*

*ئیسلامی*[1]"یەوە دەڵێت، هونەر بریتییە لە گواستنەوە لە جوانییەوە بۆ شکۆمەندی و بالآیی، ئامانجەکەشی بریتییە لە گەشتن بە خودای بەدیهێنەر لە ڕێگەی وێنەکێشان و نەخشاندنی جوانیی نێو ژیان و جوانیی نێو گەردوون، کە خودی گەردوونەکەش بەدیهێنراو و داهێنراوی خودایە.

**ئەم سێ تایبەتمەندییەش** لە بناغەدا لە چەمکێکی بناغەیی تر و لە پایەیەکی تۆکمەی عەقیدەی ئیسلامییەوە سەر هەڵدەدات، کە بریتییە لە چەمکی یەکتاپەرستی (التوحید)، یەکتاپەرستی واتە عیبادەت بە واتای تەسبیحاتکردن و سوپاسگوزاری بۆ خودای بەدیهێنەر و وەسیلەگرتنەبەر بۆ گەشتن بە شکۆمەندی و گەورەیی خودا و داواکردنی بەزەیی خودا.

ئەمەش واتای پێکهاتەیی دەگەیەنێت، کە بەرپرسیاریەتیی مرۆڤە لە کرداری خۆی و بیرکردنەوەی خۆی، لێرەشەوە دەگاتە قبووڵکردنی جێنشینیی خۆی لەسەر زەویدا بۆ خودا، وە هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەی کە بەدیهێنراوەکانی تر بەرگەیان نەگرت و نەیانتوانی قبووڵی هەڵگرتنی بکەن، واتای ژیانیش بریتییە لە خۆشەویستی، پڕبەپڕی وشەی خۆشەویستی، کە سوود، جوانی، پەیوەندی و پێکەوەبوون و مرۆڤدۆستی لەخۆ دەگرێت.

بەکورتی: کاتێک دەڵێین ئاکاری ئیسلامی، ئەوا سێ تایبەتمەندی یان ئاکاری هەیە، کە بریتین لە: ژیانی (الحیاتي)، پێکهاتەیی (الترکیبي)، پەرستشی (العبادتي). وە هەموو ئەمانەش لەسەر یەک چەمک بونیاد

[1] وفاء إبراهيم- فلسفة فن التصوير الاسمي – الهيئة المصرية العامة للكتاب- ١٩٩٦- سلسلة التنوير، مهرجان القراءة للجميع.

دەنرێن، کە بریتییە لە یەکتاپەرستی (تەوحید)، کە ئەمیش سێ بەهای لێوە هەڵدەقوڵێت؛ بەرپرسیاریێتی، بەزەیی، خۆشەویستی. هەموو ئەمانەش لە بونیادی گشتیی ئاکاری ئیسلامیدا دەر دەکەویت کە بۆ هونەر دادەنرێت، هەر کاتێکیش ئەم تایبەتمەندییانە هەبوون و دەرکەوتن، ئەوا هەر سێ بەهاکە دەگوێزرێنەوە بۆ پیشەکار (دروستکەر) و ئەو کەسەی سوودی لێ وەردەگرێت، هەستی پێدەکەن و ڕۆحیان پڕ دەبێت لە یەکتاپەرستی وەک چەمکێکی بناغەیی.

ئیدی لێرەوە ماهیەتی هونەری ئیسلامیمان بۆ دەخرێتە نێو چوارچێوەیەک، ئەمەش وەک وتمان لە ڕێگەی ئاکارەکانی هونەرەوە وەک لە ڕێگەی دیدگە مەعریفییەکەوە دەیبینین، هەروەها لە ڕێگەی جیاکردنەوەی سیفەتەکانی تایبەت بە هونەری ئیسلامییەوە. بەم شێوەیە سیستمێک و تۆڕێکی بونیادیی تایبەت بە هونەری ئیسلامیمان دەس دەکەوێت.

**پۆلێنی نوێ:**

لە ئەنجامی ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشوومان، بڕوامان وایە پێویستمان بەوەیە ئەم سیستمە بە شێوەیەکی نوێ پۆلێن بکەین، کە پۆلێنی ڕۆژئاوایی بۆ هونەر تێدەپەڕێنێت. پۆلێنی ئەوان بریتییە لە بەرجەستەکردن و زەقکردنەوەی دیدگەی مەعریفی/ ئیمپریالیستیی دابڕ، کە لەسەر ئەو ئاکار و سیفەتانە بونیادنراوە، کە پێشتر باسمان کرد، بریتییە لە هزری هونەرمەندی بەدیهێنەر (خولقێنەر) بۆ دیدگەی هونەری نێو مۆزەخانە دابڕاوەکان، بۆ لێکدابڕینی هونەر و پیشە و بەکەمگرتن و سووکتەماشاکردنی کاری داهێنەرانەی نێو ژیانی ئاسایی و بەرزکردنەوە و بالابردنی خودگەرایی، کە داماڵراوە لە هەموو شتێکی تر، دابڕاوە لە ژیان و گەل و کۆی ئەو سیستمەی ژیان و گەلی تێدایە.

ئەو شـــەش هـــونەرە ڕۆژئـــاواییەی، کە هەر لە کــۆنەوە (خـــودای ئۆڵمپی)یـــان بـــۆ دانـــاوە، لەســـەر ئەم دیـــدگەیە وەســـتاوە دەربـــارەی هونەرمەند، کە وەک تاکێکی تەنها سەیر کراوە، بۆیە تاقانەیی مرۆڤی داهێـنەر لە ژیـانی ڕۆژانەی خۆیـدا ڕەد دەکـاتەوە و داکـۆکیی ڕووت لەسەر بیرۆکەی نەمری کارێکی دیاریکراو دەکات، کە پابەند بووە بە پێوەرێکی دیاریکراوەوە، هەروەها ئایدیاڵیشە لە خودی خۆیدا، ئیتر بە چاوپۆشین لە ژیانی و پێکهاتەییبوونی یان ئاکاری پەرستشی.

کەواتە ئـێمە ناچـارین دووبـارە چـاو بخشـێنینەوە بە پـۆلێنکردنی هونەرەکاندا، بە شێوەیەک کە بواری ئەوەمان پێ دەدات جیهان لە ڕێگەی جوانییەکی دەستکرد و دروستکراوی دەستی مرۆڤەوە بەگشتی ببینین، بۆیە دەبینین هونەر لە خوێندنەوەی قورئانیدا، لە تەجویدی قورئاندا، لە هونەری زخرەفە و نەخشونیگار و کاری سەر مسیشدا خۆی دەنوێنێت، هەروەها لە درووستکردنی کۆشک و تەلارەکاندا دەردەکەوێت و دەیبینین، وە لە چیرۆک و ڕاز و حیکایەتگێڕانەوەدا دەبینین، وە لە شێوازەکانی تری گێڕانەوەی سەرزارەکیی نێو خەڵکیدا کە بۆمان ماوەتەوە.

بۆیە پێمان باشە پۆلێنکردنی هونەرەکان بەو پێیە بێت، کە چەندە کاریگەرییـــان لەســـەر هەســـتەکانمان هەیە، پێویســـتە لەم لایەنەوە سەرنجیان بدەین، ئێمەش تەرکیزمان لەسەر قورئانی پیرۆز کردووە لەو ئایەتەدا کە دەفەرمێت: (وَلاتَقف مالَیسَ لَکَ بهِ عِلم إن السَمعَ والبَصر والفوأدَ کُلُّ أولئِکَ عَـنهُ مَسـئولا)[1]. واتە: شـوێن شـتێک مەکەوە کە زانیاریت لەسـەری نیـیە، چونکە بەرپرسیت لە بیستن و بینین و بیرکردنەوەت.

---

[1] سورة الإسراء ٣٦.

**هەر بۆیە هونەرمان دابەشکردووە بۆ:**

**یەکەم: هونەری پەیوەست بە بیستن (البصرية):** لەم بابەتەشدا هەموو ئەو شـتانەی کـاریگەریی لەسـەر بیسـتنی مـرۆڤ دادەنێـت، ئەوەی کە گوێکـان دەیبیسـتن، وەک: مۆسـیقا و گـۆرانی و خوێنـدنی قورئـان، کە هەموویـان بە هـونەری سـەربەخۆ دادەنـرێن، ئەمەش لەو فەرمـوودەی پێغەمـبەرەوە (دروودی خـودای لەسـەر) دێـت، کە دەفەرمێـت: "هەمـوو شتێک خشڵی خۆی هەیە، خشڵی قورئانیش بریتییە لە دەنگی خۆش[1]".

**دووەم: هـونەرە دیـدەییەکان یـان چاوییەکـان (البصـرية):** ئەمەش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر چاو دادەنێت، چاو هەسـتی پـێ دەکـات و لێـی ورد دەبێـتەوە و سـەرنجی دەدات، دڵـیش خۆشـی دەوێـت، بەردەوام دەبێـت لە سـەرنجدانی. ئەوەش لەم چواچێـوەیەدا خـۆی دەبینێـتەوە بـریتییە لە هـونەری ئەرابیسـک و تەلارسازی و وێنەکێشان و هەڵکۆڵین و هونەری مینیاتۆری و ڕێخستن و ڕێکوپێککردنی باخچەکان و شتی تری لەم بابەتە.

**سێیەم: هەروەها هـونەری بیسـتەنییە/ دیدەییەکانیشـمان (السـمعية البصرية):** کە هاوکات کاریگەری لەسەر بیستن و بینین دادەنێت، واتە هاوکات گوێ دەیبیسێت و چاویش دەیبینێت، دڵیش پێی کاریگەر دەبێت، ئەمەش پێکهـاتووە لەو هـونەرە پێکهـاتە و تـێکەڵانەی کە دەتـوانین لە هـونەری گـۆرانی و مۆسـیقادا بیبینیـنەوە و شـوێنەواری قورئـان و فەرموودەکانی پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر) لەسەرە.

---

[1] صحيح البخاري.

**ئەو هونەرانەشمان دابەشکردووە بۆ دوو بەش:**

**یەکـەم: هـونەری ڕازگێـڕانەوە یـان حەکـایەتگێڕانەوە (الحكي):** کە چیـرۆکە خۆماڵییەکـان لەخـۆ دەگرێـت، داسـتانەکانی قارەمـانێتی و مەقامات[1] و باسوخواسی کەسایەتییە میللییەکان.

**دووەم: هونەری جووڵە و خۆبزواندن،** کە بە شێوەیەکی سـەرەکی سەمای سۆفییەکان دەگرێتەوە.

پاشان بینیمان زمانیش - وەک پێشتر باسمان کرد- لە خۆیدا یەکێکە لە پایەکانی ئایین[2] و بۆ مسوڵمانیش دەبێتە یەکێک لە بناغەکانی ئیسلام، هەر بـۆیە باسـمان لەو هـونەرانەی زمـانیش کـرد کە دەخـوێنرێتەوە و سەرنجی دەدرێت، ئەویش کاریگەریی لەسـەر بینین و بیستن دادەنێت، یـان دەکرێتە ئـاوازیش، لەوێشـەوە کـاریگەریی لەسـەر بیسـتن دادەنێت. ئەمەشـمان دانـا بە جـۆرێکی سـەربەخۆ، ئەو هـونەرانە دەگـرێتەوە کە تایبەتمەندیی کردارییان تێدایە. واتە کردار دەبێتە ئاکاری جیاکەرەوەی تایبەت بە خۆی و ئەوەشمان دابەش کردووە بۆ دوو بەش:

[1] المقامات: کۆی وشـەی (المقامـة)یە، لە زمـانی عەرەبیدا بە واتـای کـۆڕی دانیشـتن و ئەو کەسانە دێت کە لەو کۆڕەدان. لە زاراوەدا: هونەری نووسین پەخشانی ئەدەبییە کە لەسەر بنـاغەی گێـڕانەوەی چیرۆکئـامێز بونیـاد نـراوە، چیرۆکبێـژ و پـاڵەوان و کەسـی تـری ناسـەرەکیی تێـدایە و بـاس لە زیرەکـی و فێڵزانـی و موعانـاتی پـاڵەوان دەکـات لە پارەپەیـداکردن و خۆڕزگارکردنـدا، بـابەتی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و هزریـی ئەو سەردەمەی تێهەڵکێشراوە زمانێکی زۆر چڕ و دەوڵەمەندی هەیە. بدیع الزمان الهمذاني و الحريري بەناوبانگترین مەقامەنووسی زمانی عەرەبین. (و)

[2] محمود محمد شاكر- رسالة في الطريق الى ثقافتنا – مطبعة الخانجي – القاهرة، ١٩٨٨ز.

**یەکەم: هونەری دەربڕین:** کە شیعر و هۆنراوە و ڕێکخستنی قافیە و گێـــڕانەوەی ژیـــانی کەســـــایەتییەکان دەگـــرێتەوە بە ڕەوانبێـــژی و جوانکارییەوە.

**دووەم: هـــونەری قەڵەم:** کە خۆشنووســـییە، بە هەمـــوو شـــێواز و قوتابخانەکانیەوە.

**میتۆد:**

لەســـەر بنـــاغەی ئەم پـــۆلێنکردنە، ئامانجمـــان ئەوەیە بۆچـــوونی ئەو کەســـــانە هەڵبوەشـــێنینەوە، کە مەبەســــتگەرایی ســــادەگەراییە، وەک حەرامکردنی وێنەکێشان یان هەڵکۆڵین، بە پاساوی ئەوەی کە مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە بۆ پەرستنی بتەکان، یان وەک بە مەکرووهدانانی گۆرانی و مۆسیقا بە پاساوی ئەوەی وامان لێدەکات یادی خودا لەبیر بکەین. بۆیە ئەم کـارە دەکەیـن، چـونکە زۆربەی مەبەسـتگەراییە سـادەگەرییەکانیان پێچەوانەی ئەو پێکهاتە مرۆییەن، کە ئاکاری ئیسلامی لە بناغەدا لەخۆی گرتووە، لێرەوە ئەویش دەکەوێتە ناو ئەو بـازنەیەی، کە دەمانەوێت تێی بپەڕێنـین و بەسـەریدا بـڕۆین، چـونکە دەبێـتە دیلێکـی هەمـان دیـدگەی مەعریفی کە ئێمە دەمانەوێت تێی پەڕێنین.

بۆیە ئێمە لە سنووری حەرامکردنـدا، یـان مۆڵەتپێدانـدا نەوەسـتاوین، بەڵکو دەمانەوێت سـەیرێکی وردبینـانەی ئەو ڕەهەنـدە مەعـریفییە بکەیـن کە لەنێـو هەریەک لەم لۆژیکـانەدا هەیە، هەوڵەکەشـمان بـۆ ئەوەیە ئەو بناغـــانە یەکـــبخەین، کە دەمانەوێـــت پەیوەنـــدیی و هەمـــاهەنگییەکیی مەعریفیمـان لەگەڵیـدا هەبێـت. ئەبووسـەعیدی خـودری (ڕەزای خـودای لەسەر) دەفەرمێت: پێغەمبەری (دروودی خـودای لەسـەر) فەرمـوویەتی:

﴿إنَ أَللهَ جَميلُ يُحِبُ الجَمال وَ يُحِبُ أَن يَرى نِعَمَهُ عَلى عَبدِهِ﴾[1]. واته: خودا جوانه و پێشی خۆشه نیعمەتەکانی لەسەر بەندەکانی ببینێت.

کورەیبی کوڕی ئەبرەهە دەڵێت: لە ئەبورەیحانەم بیست وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: (إنَهُ لا يَدخُل مِنَ الكِبرِ شَيءً الجَنَة) واتە: خاوەنی لووتبەرزی (تکبر) ناچێتە بەهەشت، پیاوێکیش وتی: من پێم خۆشە کە جوانی بنوێنم و خۆم جوان بکەم، تەنانەت لە شەلاخی دەستم و لە بەندی پێڵاوەکانیشمدا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: (انَّ ذاكَ لَيسَ مِن كِبر) واتە: ئەوە لووتبەرزی و خۆبەگەورەزانین نییە. (إنَ أَلله جَميلُ يُحِبُ الجَمال اِنَّما الكِبرُ مَن سَفَّه الحَقَّ وَ غَمض الناس (أى احتَقَر)النَاسَ بِعَينِه)[2]. واتە: بێگومان خودا جوانە و جوانیی خۆشدەوێت، بەڵکو لووتبەرزی بریتییە لە ڕەدکردنەوەی حەق و سەیرکردنی خەڵکی بە سووکی.

ئەو دوو فەرموودە پیرۆزە، پێکەوە یەکەیەکی مەعریفیی پڕاوپڕ دروست دەکەن، خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان بریتییە لە داکۆکیکردن لەسەر جوانیی بەدیهێنەر و خۆشەویستیی ئەو بەدیهێنەرە بۆ جوانی، واتە ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی (الله جَميلُ يُحِب الجَمال). ئەم بەشەش وەکو پردێک وایە لە نێوان دوو فەرموودەکەدا و سەرەتای فەرموودەی دووهەم، کە دەبێتە هۆی تەواوکردنی فەرموودەی یەکەم، لەنێو پێکهاتەیاندا دوو چەمکی دژبەیەک هەیە لە چۆنیەتیی دەرکەوتنیان لەناو کۆکەدا، ئەوەتا ئەو کردارەی کە بەکار هێنراوە لە فەرموودەی یەکەمدا، بریتییە لە فرمانی خۆشەویستی

[1] صحيح البخاري.
[2] صحيح البخاري.

و بینین (فعل المحبة والرؤیة)، واته کردارێکە مرۆڤ هەڵدەنێ و وای لێدەکات ئارەزووی لە کردنی شتێک بێت، بەڵام فرمانی بەکارهێنراو لە فەرموودەی دووهەمدا بریتییە لە فرمانێکی مەنفی (فعل منفي)، واتە نەهی دەکات لە کردنی کارکە، وەک دەفەرمێت: (لا يَدخل الجَنة من كان في قلبه ذرة من الكِبر،) واتە ناچێتە بەهەشتەوە کەسێک بەقەدەر زەڕڕەیەک خۆبەزلزانی لەدڵیدا هەبێت، کە ئەمەش ترساندنە و ناشیرینکردنی ئەو کردارەیە، کەوا کردارێکی بێزار و خراپە کە خۆبەگەورەزانینە.

(جوانی)ش وەکو سیفەتێکی خوداوەندی لەسەر ڕێگەی خۆشەویستی دەڕوات، هەروەها لەسەر ڕێگەی دەرخستنی نیعمەتەکانی خۆی لەسەر بەندەکانی، بەڵام لووتبەرزی، سیفەتی جوانی دەکوژێت کە ئەویش بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ڕاستی (حەق) و بە سووک و بێنرخزانینی مرۆڤەکان.

لەم دوو فەرموودەیەدا پوختەی تێڕوانین و دیدگەی مەعریفیی ئیسلامی دەبینین بۆ جوانی، ئەمەش لەو لایەنەوە کە بە کرداری پەرستشی دادەنرێت و مەبەستی نزیکبوونەوەیە لە خودای پاک و بێگەرد، چونکە ئەو خۆی جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت، ئەمەش لە جەمسەری دژ و ناتەبایە بە شێوەیەکی بابەتی لەگەڵ خۆبەگەورەزانین و غروور و لووتبەرزیدا، ئەوەتا خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ﴾ واتە: بەلووتبەرزییەوە ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی.

کەواتە لێرەدا نەهییەکی ڕوون و ڕاشکاو هەیە لە خۆبەگەورەزانین و لووتبەرزی، هەر ئەم دوو فەرموودە پیرۆزەش داکۆکی لەسەر ئەو بابەتە دەکەن پێشتر باسمان کرد لەسەر دیدگەی مەعریفیی نێو ناوکۆی جوانبینیی ئیسلام بۆ هونەر.

له تـويژینەوەیەکی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتای پـایەبەرز: دکتـۆر "اسـماعیل راجـي الفـاروقی[1]"دا لەژێـر ناوونیشـانی "التوحیـد والفـن[2]"دا دەبینـین دکتـۆر فـاروقی بە شـێوەیەکی رەخنەئـامێزانە و مێژووییـانە و شیتاڵکارییانە و مەعریفیانە سەرنجێکی وردی لە ماهیەتی هونەر داوە و چەمکی تەوحیـد و یەکتاپەرستییشـی کـردووەتە بنـاغەی کـارەکەی، لەم کـارەدا دکتـۆر فـاروقی بەنـاو شارسـتانیەتە جیاوازەکانـدا دەڕوات و دیدگەی مەعریفیی نێو بەرهەم و پوختەی هەریەک لەو شارستانییەتانە بۆمـان بـاس دەکـات، داکۆکییش لەسـەر ئەوە دەکـات، کەوا پێوەنـدییەکی دیالێکتیکی هەیە لە نێوان هونەر و ژیانـدا، داکۆکی لەسـەر ڕۆڵـی هـونەر دەکـات وەک پـاڵنەرێکی جـوانی لەسـەر خوداپەرسـتی و مـاهیەتی هونەریش وەک پێکهاتە کارێک و پێکهێنانێکی کولتووری و ئەنجامێک بۆ شارستانیەتییەکی ئاڵۆز.

چونکە کاری هونەری بەرهەمـی بیـری مـرۆڤە، ئەوەش کە جیـاوازی دروسـت دەکـات لەنێـوان مـرۆڤ و ئاژەڵـدا بـریتییە لە توانـای مـرۆڤ لەسەر بەرهەمهێنانی کاری هونەری، وەک کردارێک، چێژلێوەرگرتن لەو کـارە هـونەرییەش وەک شـتێکی بـابەتێکی بەردەسـت و هزرێـک. هـونەر بەهـرە و ئیلهـامە، هەروەهـا کـارێکە مـرۆڤ لێـی بەرپرسـە، لەوێشـەوە زەروورەتێکی حەتمی دروست دەبێت بۆ پێکەوەبەستنی هزر و کـردار و بەرپرسیارێتی[3].

---

[1] إسـماعیل ڕاجـي الفـاروقي: نووسـەر و تـوێژەری فەلەسـتینی (١٩٢١-١٩٨٦ز). پسـپۆڕی بەراوردکـاریی ئاینەکـان بـووە. لە ڕابەرانـی (اسـلامیة المعرفـة)یە. یەکەمـین سـەرۆکی پەیمانگەی هزری ئیسلامیی واشنتۆن بووە. بە چەقۆ لە ئەمریکا تیرۆرکرا. (و).

[2] التوحید والفن- اسماعیل راجي الفاروقي.

[3] تعریف الفن عند التوحیدي- عفیف بهنسي.

دۆزەکە لێرەدا بریتییە لە دۆزی بینینی دارستانەکە، نەک خودی درەختەکان، واتە دیاریکردنی ناسنامەی سیستەمەکە و چۆنیەتیی پێناسەکردنی لە ڕێگای سیفەتە هاوبەشەکانەوە. وەک دۆزی ئەسڵی تەوحیدی و دۆزی قورئانی پیرۆز، وەک نموونەیەکی پێشەنگی ناو ئەم سیستەمە. وەستاکار (پیشەگەر) لەژێر تیشکی ئەو هیدایەتەدا کارەکانی دەکات و لەو نووورەوە بەهرەی خۆی وەر دەگرێت[1]. دۆزی جیاکردنەوەی نێوان دیدگەی هونەری ڕۆژئاوایی و هونەری مسوڵمان لە ڕێگەی ژیانئامێزییەوە دەردەکەوێت، وەک سیفەتێکی بناغەیی لە هونەری مسوڵماندا کە جیاوازیی نەخستۆتە نێوان پیشە و هونەرەوە. هەروەها دۆزی لێوردبوونەوەی قووڵ، جیاکردنەوەشی لە سەرنجێکی ئاسایی ڕووت.

لە کاتێکدا کە سەرنجی ئاسایی جوانی دەبینێت لە شکڵێکی ئاساییدا بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام ئەو کەسەی بە وردی و سەرنجی قووڵەوە دەڕوانێت، جوانی بەباشی دەناسێت لە پشتی ڕووکەش و شێوەکانەوە[2]. ئەو دۆزەش کە بریتییە لە جیاکردنەوەیەکی ساختەی نێوان هونەر و پیشە، بە سەرنجی ورد و قووڵ تێدەگەیت لەوەی دیاردەیەکی ئەورووپیی نوێیە و پەیوەندیی بە ڕێنیسانس و لقوپۆکانی ڕێنیسانسەوە هەیە[3].

هەروەها گرنگیی توانای دەربڕینی زمانی عەرەبی (و زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و گەلانی تری مسوڵمان -و-) ڕۆڵی

---

[1] الفن الإسلامي أم الفن المسلم – لويز لمياء الفاروقي.
[2] الفن والتأمل – تيتوس بوركارت.
[3] سەرچاوەی پێشوو.

سەرەکیی گرنگی هەیە بۆ تێگەشتن لە هونەری ئیسلامی، بۆیە پێویستە توێژینەوە لەسەر دیدگەی ئیسلامی بکەین، پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەو شتە بکەین کە ئیسلامییە[1]، پێویستە لەسەرمان جوانی وەک ڕووی دەرەوە و ڕووی ناوەوە ببینین، بنەماکانی جوانییەکان بناسین و خەڵکیش هان بدەین بۆ بیرکردنەوە و خۆشەویستییەک لە سەرنجدانی جوانییەوە هەڵدەقوڵێت، چێژ لە هونەر وەرگرین، مرۆڤە جیاوازەکان و توانای چێژوەرگرتنیان لە جوانی دەرک بکەین.

یەکێک لە گرنگترین ئەو بیرۆکانەی لەم بوارەدا گرنگە بیزانین، ئەو وتەیەی "داودی ئەنطاکی[2]" کە دەربارەی سرووشتی جوانییە و پێیوایە جوانی ئەوەیە کە زمان دەخاتە تەسبیحی خودای گەورە[3]. ئەم وتە مەعریفییە ڕەوانبێژییە بریتییە لە بەرجەستەکردنێکی زۆر جوان بۆ ژیانئامێزیی هونەر و پێکهاتەیی هونەر و پەیوەستبوونیشی بە خوداپەرستییەوە، چونکە ئێمە کاتێک شتێکی جوان دەبینین تەسبیحی پەروەردگار دەکەین و سوپاسی دەکەین و دەڵێین: الله، وەک نیشانەیەک لە سەرسوڕمان و چێژوەرگرتنێکی زۆرمان لە جوانییەکەی، ئەو جوانییەی مرۆڤ وا لێ دەکات بگاتە عیبادەت و خوداپەرستی بریتییە لەو جوانییە ڕاستەقینەیەی، کە داودی ئەنطاکی بە جوانیی حەقی داناوە.

پێویستە داکۆکی لەسەر بەکارهێنانی ژیانئامێزانەی هونەر بکەین، چونکە یەکەی پێکهاتەیی بەردەوام کۆ دەبنەوە و لە ئەنجامدا چەندین

---

[1] الفلسفة الإسلامية والفنون الجميلة- محسن مهدي.

[2] داود بن عمر الأنطاكي (١٥٣٤- ١٥٩٢ز): پزیشکی بەناوبانگ و پسپۆڕی دەرمانناسیی سەدەی شانزەهەم. لە مەککەی پیرۆز کۆچی دوایی کردووە. (و)

[3] داود الأنطاكي – التذكرة.

یەکەی گەورەتـر دروسـت دەکەن، کە کـۆی جەبـری یەکە سـادەکان تێـدەپەڕێنن وە دەگەنە دیـدگایەکی گەشـتاڵتیی سـەرتاپاگیر، هەروەهـا یەکەیەکی ڕەمزیـی زۆر تـۆکمە هەیە لێـرەدا کە شـاعیری عێراقـی "بلّند الحیـدری"[1][2] باسـی کـردووە، کە بـریتییە لە بەیـت، ئەمەش لە "بەیـت"ی شـیعری عەرەبی و لە ڕەشـماڵ "بیـت الشـعر" کە بـریتییە لەو خێـمەیەی کۆچەرییەکـان بەکاریـان هێنـاوە و دەگـاتە ئەوەی کە وشـەی بەیت وەک بەشێک لە ناوی شار بەکار هـاتووە، هەر وەک دەوترێت: "بیت الدین" و "بیت المقدس" و "بیت مرین" و گەلێک نـاوی تـریش کە وتەی بەیتی تێدا بەکـار هـاتووە بە واتـای مـاڵ، وە بەردەوام لەسـەر ئەم بـابەتە و لێرەوە قسـە لەسـەر بیـرۆکەی تایبەتمەنـدی و گشـتییەتی دەکـات، کاتێـک کە گفتوگۆ دەکات لەسەر ڕۆڵی ماڵ (البیت) لە ژیانی مسوڵماندا.

هەر لەو دیـدگەیەوە دەبینـین کە "حەسـەن تـورابی"[3] باسـی پەیوەندییەکی گەرموگوڕی نێوان ئایین و هونەر دەکات، چونکە پێی وایە کە هەردووکیـان مـامەڵە لەگەڵ شـتێکی ڕەمزیـی نێو ژیـان دەکەن، ئیدی لەوێـوە هەردووکیـان بەرجەسـتەکردنێکن بـۆ مەسـەلەی کولتـووری و پێکهـاتەیی (الترکیبـي)لای مـرۆڤ، وە دوورکەوتـنەوەیە لەو شـتانەی غەریزەیی و سرووشتین[4].

---

[1] بلند الحیدري (١٩٢٦- ١٩٩٦ز): یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی عێراقی و عەرەبی. لە بنەماڵەی سەییدەکانی حەیدەری کوردوستانە. گەلێک دیوانی شیعری چاپکراوی هەیە. (و)

[2] بلند الحیدري- زمن لكل الأزمنة.

[3] حسن الترابي (١٩٣٢- ٢٠١٦ز) نووسەری نـاودار و سیاسـەتمەداری سـوودانی. خـاوەنی هەندێک بیری نوێگەرییە لە بواری ئاینی ئیسلامدا. (و)

[4] حسن الترابي – حوار الدین والفن.

لێرەدا دەپرسین چۆن هـونەری ئیسـلامی دەتوانێت دوور بکەوێتەوە لە تـوخمە بتپەرسـتییەکان؟ بێگومـان هـونەری ئیسـلامی ڕۆڵێکـی ژیـاریی/کۆمەڵایەتیی گەورە دەبینێـت، وە تەنهـا بەدەوری تاکەکانـدا ناسـووڕێتەوە، نموونەشـمان بـۆ ئەمە بـریتییە لە خۆشنووسـی، وەک دەربڕینێـک بـۆ جـوانی، وە ئەو دەربـڕینە جـوانییەش سـەرچاوەکەی سیفەتە شکڵییە پێشکەوتووەکانە لە خودی نووسیندا[1].

هونەرمەندی مسوڵمان ملکەچە بۆ شەریعەتی خودای گەورە، ئەوەش دەزانێت کە خـۆی داهێـنەری جـوانی نیـیە، بەدیهێـنەری جـوانی نیـیە لە نەبوونەوە بۆ بوون، بەڵکو دڵنیایە لەوەی ئەو مادە خاوەی لە سیسـتەمی گشـیی خوداوەندیـدا لەم گەردوونەدا هەیە دەسـتکاریی دەکـات و پەی بە بەها ژیانییەکانی هونەر دەبات.

هـونەری ئیسـلامی وەڵامـدەرەوەی پێداویسـتییەکانی کـۆمەڵگەیە، ئەو پێداویسـتییانەی کە زەرووریـن، وە ئامـانجی بەدیهێنـانی چەمکـی بەنـدایەتییە بۆ خـودای گەورە، لە ڕێگەی پابەنـدبوونی بـاوەڕدارانەوە بە شەریعەت.

ئەو دیدگەیەی پێیوایە، کە نێرەر و وەرگر هەیە، وەرگـر هونەرمەنـدە، وەرگریش جەماوەرە، نێرەریش باشـترە لە وەرگر، لە ترسـی ئەوەش کە نێـرەرەکە لە چوارچێـوە و سـنووری خـۆی دەرنەچێـت، ئەوا پێویسـتە چاودێر و لێپرسەرەوەیەکی بەسـەرەوە هەبێت، تـا وەرگرەکـان لە ڕێ لا نەدات و زیانیـان پـێ نەگەیەنێت. ئەم جـۆرە دیـدگە و بینینـە بـریتییە لە دیـدگەیەکی دەسـەڵاتپەروەرانەی تـۆقێنەر وەک دەبینـین، گریمـانەی ئەوە دەکـات ئەو کەسـانەی وەرگـرن - واتە کۆمەڵگـا - تەنهـا ڕوو لە شـتە

[1] قاضي عبدالقادر- من الفن والتعليم.

خــراپ و ویــرانکەر و بێڕەوشــتییەکان دەکەن، بەڵام لە ڕاســتیدا ئەم دیــدگایە بنەمــایەک و بنــاغەیەکی نــامۆ و ئیمپریــالیی هەیە و لەوێــوە سەرچاوە دەگرێت.

## هونەرە بیستۆکییەکان (الفنون السمعية ):

لە کــاتی پۆلێنکردنــدا پێمــان بــاش بــوو دەســتەواژەی (هــونەرە بیســتۆکییەکان) بەکــار بێنــین، چــونکە بیســتن ئەو هەســتەوەرەیە کە لە ڕێگەیەوە دەنگی کارا و کاریگەر دەگوێزرێتەوە بۆ نـاو مێشـک و دڵـی مرۆڤ، تا لەوێ پۆلێن بکرێت بۆ دەنگی خۆش و دەنگی ناخۆش. ئێمە لێرەدا کاریگەری لەسەر هەست وەک دەروازەیەکی پۆلێنکردن بەکارمـان هێنا، بەڵام هەندێکی تر وەک دکتۆر "لـویز لمیـاء الفـاروقی[1]"، دەنگی وەک نێوەنـدگیرێکی کـاریگەر دانـاوە، کـردوویەتیە دەروازەیەکـی پـۆلێنەکە و دەڵێن: الفنون الصـوتيه، واتە هـونەرە دەنگییەکـان[2]. جیاوازییەکەشـمان لە ئاســتی پــلەی گشــتیبوونەکەدایە، چــونکە کاتێــک دەڵێــین: هــونەرە بیســتۆکییەکان، لەلای ئـێمە لەنـاو پـۆلێنێکی گشـتگیرتر و فراوانتـردایە، هەمـوو هـونەرە دیـدەییەکان (البصـرية) و بیسـتەنییە/دیدەییەکان (السـمع بصــرية) دەگــرێتەوە، بەڵام نــاتوانی بڵێیــت هــونەرە تیشــکییەکان، یــان هـونەری تیشـکدانەوە بۆ نمـوونە، یـان بڵێین هونەرەکـانی دەنگ/تیشـکی،

---

[1] لویز لمياء الفاروقي: پسپۆڕی مۆسیقای تـایبەت بە کەنیسـەکان بـووە، سـەرەتا مەسـیحی بـووە و پاشــان موســوڵمان بـووە. نـاوی خـۆی لە (لـویز)ەوە کـردووە بە (لمیـاء). بـۆتە پسـپۆڕی هـونەری ئیسـلامی و لەگەڵ دکتـۆر عمـر ڕاجي الفـاروقي هاوسـەریدا ئەتڵەسـی شارستانێتی ئیسلامییان بە ئینگلیزی نووسیوە.. لەگەڵ هاوسەریدا لە ئەمریکا لە ١٩٨٦ز بە چەقۆ تیرۆر کرا. (و)

[2] لويز لمياء الفاروقي- وضع الموسيقى في العالم المسلم.

چونکە دەنگی کارا و کاریگەر لە هونەرە بیستۆکییەکاندا لە بەرانبەریدا لە هونەرەکانی بینیندا شتێکی دەقاودەق نییە، مەگەر ئەوە قەبووڵ بکەین کە پۆلێنێکی فیزیکیی بێکاریگەر و جۆری بێنینە ئاراوە، کەواتە جیاوازییەک نییە لە ناوناندا، چ ناو بنرێت هونەری دەنگی یان هونەری بیستۆکی، وەکو پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە، جا لێرەشدا هونەری بیستنی لای زانا جیاوازەکانی ئوممەتی ئیسلامی چ سەلەف و چ هاوچەرخەکان دەکرێن بە سێ لقەوە:

**لقی یەکەمیان:** پەیوەندیی بە دەنگی ڕووتەوە هەیە، وەک لە ڕۆژئاوادا پێی دەوترێت مۆسیقا، ئەمەش لە ڕاستیدا وەرگێڕانێکە بۆ دیدگەیەکی مەعریفیی تایبەت بە هەر گەلێک یان هەر شارستانیەتییەک، لە شێوەی چەند چینێکی دەنگی و ماوەی ڕیتمی جیاواز.

**لقی دووهەم:** پەیوەندیی هەیە بە زیادکردنی دەنگی مرۆڤ لە ڕێگەی توخمی ئەنجامدان (الأداء) و هەست (الإحساس)ەوە، ئەمەش دەخرێنە سەر چینەکان و ماوە ڕیتمییە ئاوازدارەکان، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئەو شتەی دروست بێت، کە لەلای خەڵکی پێی دەوترێت گۆرانی.

**لقی سێهەم:** لقی تایبەت بە مسوڵمانانە، بریتییە لە خوێندنی قورئان و تەجویدی قورئان، واتە بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینی/ پەرستشی بە دەنگێکی خۆش و نەرم و ئاوازدار، ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کە دەفەرمێت: قورئان بە دەنگەکانتان بڕازێننەوە[1]. هەروەها ئەو فەرموودەیەی تری پێغەمبەر

[1] صحيح البخاري.

(دروودی خودای لەسەر) دەفەرمێت: هەموو شتێ خشڵی هەیە، خشڵی قورئانیش بریتییە لە دەنگی خۆش[1].

کاتێکیش کەسێک پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کرد: من زۆر حەزم لە دەنگی خۆشە، ئایا لە بەهەشتا دەنگی خۆش هەیە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: بەڵێ، سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە، خودای گەورە وەحی دەکات بۆ درەختێکی بەهەشت دەفەرمێت: دەنگێک بدە بە گوێی ئەو بەندانەدا، کە بەهۆی عیبادەتیانەوە مەشغووڵ بوون لە لێدانی ئامێری عوود و دووزەلە، ئیدی درەختەکەش دەنگێک بەرز دەکاتەوە، کە کە هیچ کەسێک دەنگی خۆشی وەهای نەبیستووە و تەسبیحات و تەقدیسی خودای گەورەی پێ دەکات[2].

ئەم فەرموودەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دەنگی خۆش یەکێکە لە ڕۆزییەکانی خودای گەورە بۆ بەندەکانی، هەم لەم جیهانەدا و هەم لە ڕۆژی دواییشدا، تەنانەت ئەو کەسەی بەهۆی عیبادەتەوە نایپەرژێتە سەر لێدانی ئامێرێکی مۆسیقی لە دونیادا، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا دەنگێکی ئەوەندە خۆش دەبیسێت کە هیچکات نەیبیستووە، ئەو دەنگەش تەسبیح و تەقدیسی خودای گەورە دەبێت.

ئیشکالیەتی هونەرە بیستەنییەکان لای مسوڵمانان ئیشکالیەتێکی چارەسەرکراوە بە کردار و خراوەتە پێش چاویش بە گوفتار، بۆیە گۆرانی و مۆسیقا وەک کردەیەکی شارستانیەتی تەعبیر دەکات لە دیدگەیەکی مەعریفیی ئوممەتی ئیسلامی، ئەمەش کارێکی بەردەوامە و

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] احمد تیمور باشا – الموسیقی والغناء عند العرب.

پێویســتی به بەڵگەهێنــانەوە و ڕوونكــردنەوەی پتــر نیــیە، بەڵام ڕای جیاوازی فوقەهاكان لەم بابەتەدا دەبێتە ڕەحمەتێك بۆ بەندەكانی خودا، چــونكە ئەوەش ڕاجیــاییەكە كە وا وردەكــاریی تێــدایە، هەنــدێ جــار پەیوەنــدیی نێــوان گــوێگرتن لە مۆســیقا و لەهــوو و وەرگێــڕان و و گوێنەدان و پشتهەڵكردن لە زیكری خودای تەعالا، ئەمەش لەم كاتەدا نەهیكردن لە مۆسیقا و گوێگرتن لە گۆرانی دێتە ئاراوە لەسەر بناغەی گرتنی كەلێنەكان و دووركەوتنەوە لە شوبهەكان.

ئەوەتا لە قورئاندا گەلێك ئایەتی ڕوون و ئاشكرامان هەیە، كە گرنگی بە دەنگــی خــۆش و كــاریگەری لەســەر مــرۆڤ و پەری (الجــن) ڕوون دەكــاتەوە وەك یەك، بـۆ نمـوونە لە ســوورەتی (الجـن)دا خـودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قُل أُوحِيَ إِلَيَّ... بربنا أحدا﴾[1]. واتە: پێیان بڵێ: وەحیم بۆ هاتووە كە هەندێك لە جینەكان گوێیان بۆ قورئان گرتووە و پاشان وتوویانە، بێگومان گوێمان لە قورئانێكی سەیر و سەرسوڕهێنەر گرت. ڕێنموونی دەكات بۆ ڕاستی و تەوحید، بۆیە باوەڕمان پێهێنا و ئیدی شەریك بۆ پەروەردگارمان دانانێین. كەواتە بیستنی قورئان و گوێگرتن لە قورئان لێرەدا ڕێگایەك بووە بۆ گەشتن بە هیدایەت، هەروەها قورئان داوامان لــێ دەكــات كەوا بە تەرتیــل بیخــوێنینەوە، وەك لە ســوورەتی (مُزَمِل)دا دەفەرمێت: ﴿ ياأَيُّهاالمزَّمّل....ترتيلا﴾[2] واتە: ئەی ئەو كەسەی خۆت داپۆشیوە، زۆربەی كاتی شەو شەونوێژ بكە، نیوەی یان كەمێك لە نیوەی كەم بكەرەوە، یان زیاتری بكە لەوە و قورئان بە لەسەرخۆیی بخوێنە.

[1] سورة الجن- ١-٢.

[2] سورة المزمل ١-٤.

کەواتە قورئانی پیرۆز بریتییە لە نەسەقێکی نموونەیی بۆ هونەرە دەنگییەکان، هەر وەک دەبێتە نموونەیەکی سەرەتایی، کەوا هەمیشە شوێنی دەکەوین لە هەموو جۆرەکانی تری هونەردا.

شێخی سوهرەوەردییش[1] پێیوایە، کەوا سەماعی حەق و ڕاست بریتییە لە گوێگرتن لە قورئان، چونکە ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێت: ﴿وَإِذا سَمِعوا ما أُنزِلَ إِلى الرَّسولِ...من الحق﴾[2] واتە: کاتێک ئەو ئایەتانەیان بیست کە هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر، چاویان دەبینیت کە پڕ لە فرمێسک دەبێت، چونکە بەو هۆیەوە حەقیان زانیوە. بەو شێوەیە مەعنای دەکات، کە ئەمە گوێگرتن و سەماعی حەقە، دوو کەس لە ئەهلی ئیمان ڕاجیاییان نییە لەسەری، ئەمەش ئەو گوێگرتنەیە کەوا خاوەنەکەی دەگەیەنێتە هیدایەت و عەقڵ[3].

لە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لێ بێت) ڕیوایەت کراوە، کە هەندێک جار کاتێک لە ویردەکانیدا ئایەتێکی دەخوێند، قوڕگی پڕ دەبوو لە گریان و دەکەوت و بۆ ماوەی ڕۆژێک یان بۆ دوو ڕۆژ لەسەر جێگا دەبوو، تا وەکو خەڵکی دەچوون بۆ عیادەکردنی و بە نەخۆشیان دەزانی. کەواتە گوێگرتن لە دەنگی خۆش دەبێتە هۆی هاتنی ڕەحمەتی خودای بەخشندە، ئەسڵیش لەلای ئێمە ئەوەیە کە جوانی بە هەموو شێوەکانیەوە مرۆڤ دەهێنێتە تەسبیحات، جا ئەگەر ئەو دەنگە

[1] مەبەستی (شهاب الدين عمر السهروردي)یە، کە لە ٥٣٩ کۆچی لەدایک بووە و لە ٦٣٢ کۆچی وەفاتی کردووە. یەکێکە لە زانایان و خوناسان و پێشەوا (الذهبي) دەربارەی دەڵێت: "الشيخ الإمام العالم القدوة الزاهد العارف المحدث شيخ الإسلام أوحد الصوفية". دامەزرێنەری تەریقەتی سوهرەوەردییە. جیاوازە لە سوهرەوەردیی ئیشراقی. (و)

[2] سورة المائدة ٨٣ .

[3] مختارات من السهروردي – عوارف المعارف.

خۆشە قورئانی پێ بخوێنرێتەوە و بە تەجویدەوە، ئایا کاریگەرییەکەی چۆن دەبێت؟

کەواتە قورئان نموونەیەکی سەرەتاییە بۆ هونەرە دەنگییەکان، وە هونەرمەند دەیکاتە پێشەنگی خۆی، کاتێک بیەوێت هونەرێکی دەنگی یان بیستۆکی بەرز و شکۆمەند پێشکەش بکات، کە کار بکاتە سەر دڵەکان و خەڵکیش بەرەو عیبادەت ڕابکێشێت، وە ڕێکەوتیش نییە کاتێک دەبینین گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان و مۆسیقیبە بەناوبانگەکان لە کۆن و لە ئێستاشدا، گەلێکیان قورئانیان لەبەر بووە و بەتەجویدی خوێندوویانەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە، بۆ نموونە کەسانێکی بەناوبانگی وەکو (ام کلثوم)، کە بە گەورە و پێشەوای گۆرانیبێژە عەرەبەکان و هارپ (قیثارة)ی گۆرانیی عەرەبی دەناسرێت، هەروەها کەسانێکی وەک "ابوالعلاء محمد و سید دەرویش و زەکەریا ئەحمەد و سەیید مەککاوی"[1] و گەلێکی تریش[2]. (لەناو گەلانی کورد و فارس و تورک و گەلانی ئەفریقیا و ئاسیای ناوەڕاست و هیندستانیشدا لە خانەقا و تەکیەکانی تەریقەتەکاندا بەردەوام بە دەنگ و ئاوازی تایبەت و سەرنجڕاکێشەوە قورئان خوێنراوە و بەردەوامیش لە بۆنە ئاینییەکانی وەک یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و میعراج و جەژن و گەلێک بۆنەی تردا قورئانخوێنە دەنگخۆشەکان پێگەی تایبەتیان هەبووە، گەلێک لە مەقامبێژە بەناوبانگەکانی کوردستانیش لە ڕابردوودا لە خانەقا و تەکیەکانەوە فێری مەقاماتەکان بوون - و-)

---

[1] کەسانی دیاری بواری هونەری عەرەبین. (و)

[2] صحبة العشاق- خيري شلبي- مكتبة الأسرة- سلسلة الأعمال الإبداعية- الهيئة المصرية العامة للكتاب ص٦، ١٩٩٦.

توانـای خوێنـدنەوەی قورئـان بە تەرتیـل و تەجویـد نهێنییەکـانی مۆسیقایی دەبەخشێتە مۆسیقار، کە ئەویش تەعبیرە لە هێزی دەنگی لە دیـدگەی مەعریفیـی تـایبەت بە ئـوممەتی ئیسـلامی، ئەم تەعبیـرە بە شـێوەیەکی بنـاغەیی لە بـابەتە دەنگییەکـانی علـوومی قورئانـدا خـۆی دەبینێتەوە.

مۆسـیقای - نەتەوە جیاوازەکـانی ئـوممەتی ئیسـلامی - و- و نەتەوەی عەرەبییش وەک هەر جۆرێکی مۆسیقا لە جیهاندا شوناسێکی تایبەتی دەنوێنێت، کە تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ئەو ئوممەتە نیشان ئەدات، کە ئەو مۆسیقایە دەژەنێت، مسـوڵمانانیش بە شـێوەیەکی تـایبەتی سەرمەشقی یەکەمینیانە، کە هەموو هونەرە دەنگییەکانی تری لێوە دێت، وەک بانگ و تەراتیلەکانی حەج و نموونەکانی تر هەمووی هەر قورئانە[1].

هەروەها لای مسوڵمانان مۆسیقا بە عیلم دانراوە، هەندێک جاریش کـرداری لەگەڵـدا جـووت دەبێـت، وە زانسـتی مۆسـیقا لای "مَسـکَوَیە[2]" یەکێکە لەو چوار ئادابەی، کە پێویستە لەسەر فەیلەسووف بیزانێت[3].

وە ئەوەی کە هـونەرە بیسـتەنییەکان جیـا دەکـاتەوە (لە لای نەتەوە مسـوڵمانەکان - و- ) بـریتییە لە جووتبـوونی لەگەڵ کـرداری ژیاریـدا بەبەردەوامـی. ئەوەتـا لای عەرەبەکـان مۆسـیقا و گـۆرانی و (حـداء[4] وَ نَصیب[5]) و سروود و بانگ و تەرتیل و جگە لەمانەش لە جۆرەکانی تری

---

[1] وضع الموسيقى في العالم المسلم- لويز لمياء الفاروقي.

[2] میسـکەوەیهی یـان ئیـبن مەسکەوەیهـ یـان ئیـبن میسکەوەیهـ (٣٢٠ - ٤٢١ کـۆچی): فەیلەسووف و مێژوونووس و توێژەر و پزیشکی ئێرانی. (و).

[3] مختارات من مسكويه – من كتاب الهوامل والشوامل.

[4] حداء: گۆرانییەکی شەعبیی بێمۆسیقایە و بەدەوییەکان بۆ حوشترەکانیان وتووە. (و).

[5] نصیب یان نصب: جۆرێکە لە گۆرانیی بێ مۆسیقا. (و).

هــونەرە دەنگییەکــان، کە دکتــۆر ئیســماعیل فــارووقی نــاوی نــاون هەندەســەی دەنــگ، هەمــوو ئەمــانە دەرکەوتە (مەزهەر)ێک و نـوێنەرێکی دیاردەکانی کرداری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی مسـوڵمانن. ( بۆ نمـوونەش مەقامە جیاوازەکان لەلای کورد و تورک و فارس، سیاچەمانە و لاوک و حەیران و هۆرە لای کورد - و-)

لە گێڕانەوەیەکـدا هـاتووە، کە پێغەمـبەر (درووودی خـودای لەســەر) فەرمـووی بە ئەنجەشــە - کاتێـک کە بە دەنگێکـی ئـاوازدارەوە لە پـێش کـاروانی دایکـانی مسـوڵمانانەوە دەڕۆشـت و حەدەئـی دەخوێنـدنەوە - : رفقا بِاالقَوارير[1]. واتە: ڕەحم بکە بە شووشـەکان با نەشکێن. حەدەئیش (الحـدأ) بـریتییە لە پێشــەنگکردنی ئەو وڵاخـانەی کەوا لە کاروانـدان بە ئـاواز و دەنگێکـی خـۆش و ئیقـاع و ڕیتمێکـی ڕێـکەوە، کە کـاریگەریی لەسەر گوێکان و دڵەکان دادەنێت[2]. (لە دێر زەمـانەوە کوردیش ئـاوازی تایبەتیی هەبووە بۆ کـاتی درەوکـردن و هەرەوەزی و لایـلایەی منداڵ - و-).

کەواتە هونەرە دەنگییە ئیسـلامییەکان، وەکو هـونەرە ئیسـلامییەکانی تـر مەرجەکـانی تـری تێدایە، هەمـان ئەو تایبەتمەندییانەشـی تێدایە، کە جیـای دەکـاتەوە لە هونەرەکـانی تـر، کە پێمـان دەگـوتن تایبەتمەنـدیی هونەرە ئیسلامییەکان، هەر بۆیە هونەری بیستۆکی و ژیاری کە ڕۆڵێکی ژیاری دەبینێت لە لای مسـوڵمانان، شـتێکی خۆشەویسـتە و بە پێویسـت

---

[1] صحيح البخاري.

[2] القاموس المحيط- م. س. مادة حداء.

دانـراوه. إِبـن القَيسَـرَوانی[1] دەڵێـت: بـابەتی (سَـماع[2]) ناتوانرێـت بەتەواوی یەکلایی بکرێتەوە، هەر شتێک، کە سـوودی بۆ مسـوڵمانان هەبێت، ئەوە حەڵاڵە و مەباحە[3].

"ابن حَجَر الهَيتمي[4]"یش پێیوایە کە سەماع سێ بەشی هەیە:

١- سـەماعی عەوام: کە بە حەرامـی دەزانێـت، چـونکە ڕەزیـلەیە و خراپەکارییە و هیچ سوودێکی تێدا نییە.

٢- سەماعی زاهیدەکان: بە موباحی دەزانێ، چونکە لە سلووکدایە و خۆماندووکردن بۆ خواپەرستی سوودی لێ وەردەگرن.

٣- سـەماعی عارفەکـان: کە بە شـتێکی موسـتەحەببی دەزانێـت، کە مایەی ژیانی دڵەکانیانە[5].

کەواتە لێرەدا دەبینـین (ابـن حَجـر) پەیوەنـدییەک دروسـت دەکـات لە نێـوان سـەماع و پلەکـانی تەقـوا و خودناسـیدا، ئەمەش هەمـان ئەو میتۆدەیە کە پێیـوایە جـوانی ئەبێـتە هـۆی بەگۆهێنـانی زمـان، تـاوەکو تەسبیحاتی خودای گەورە بکات.

ئاکـار و سـیفەتی ژیـاریش لە زۆر دیـاردەدا هەسـتی پێ دەکەیـن و دەردەکەوێـت، وەک گـۆرانیی ئەو کەسـانەی پیشـەییانە کـار دەکەن،

---

[1] محمد بن طاهر أبو الفضل المقدسي الحافظ: نووسەر و زانایەکی بواری فەرموودە بووە. لە (٥٠٧کۆچی) وەفاتی کردووە. (و).

[2] وشـەی (السماع) لە زمانی عەرەبیدا بە واتـای گوێگرتنە، بەڵام بـۆتە زاراوەیەک بۆ ئەو سروود و ئاواز و گۆرانییانەی لە مەجلیسـەکاندا گوێی لێ گیراوە، هەندێکی بێمۆسـیقا و هەندێکیشی مۆسیقای لەگەڵ بووە. (و)

[3] مختارات من ابن القيسراني (السماع).

[4] ابن حجر الهيتمي (٩٠٩ – ٩٧٣ کۆچی): زانای گەورەی سەدەی دەهەمی کۆچی. (و).

[5] ابن حجر الهيتمي – كف الرعاع عن محرمات اللهو والسماع.

هەروەها سروودی ئەو کەسانەی کرێکارن، ئەو کەسانەش کەوا سەر بە ڕێچـــکەی مەزهەب و بۆچـــوونی تـــایبەتین، هەروەهـــا گـــۆرانیی موناسـەباتەکان، واتە بۆنەکـان. وە پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەر) خەڵکـی هـان داوە بـۆ زینـدووکردنەوەی خۆشـییەکان و شـادییەکان بە نەشید و گۆرانی. تەنها ئەمەش نییە، بەڵکو جەژنەکان و بۆنە ئاینییەکـان گـۆرانیی تـایبەتیی خۆیـان و ئەهـازیجی گونجـاوی تـایبەت بە خۆیـان هەبووە. بەم شـێوەیە هـونەرە دەنگییەکـان ڕۆڵێکـی گرینگیـان بینیـوە وە ئێستەش بەردەوامن لەم ڕۆڵە لە ژیانی ئوممەتی ئیسلامیدا.

**ئاکاری دووهەم:** بریتییە لە پێکهاتەیی (التركيبية): ئەمەش ئاکارێکە لە بنـاغەدا لە پڕۆسـەی دیـدگەی مەقامـاتە شـەرقییەکانەوە دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشـتی، وەک چەنـد پەیژەیەکـی پێکهـاتەیی، ئەوەتـا مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتی تەنها بریتی نییە لە چەن یەکەیەکی سـادە، بەڵکو بـریتییە لە چەند یەکەیەکی ئاڵۆز لە خودی خۆیدا، وە میزاجی ڕۆژهەڵاتییش لەگەڵ ئەم یەکـانەدا وە لەگەڵ دیـدگەی دەنگـی گەردوون هاوئـاهەنگە و ڕێـکە، ئەمەش لە بنـاغەدا جیـاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دیـدگە و بینشـی ڕۆژئاواییدا.

فەیلەسـووفە مسـوڵمانەکانیش پێیـان وایە کە گـۆرانی فەزیلەتێکـی وەهای هەیە ئاستی دەنگ و دەربڕین تێدەپەڕێنێت، مرۆڤیش ناتوانێت بە زمـان دەری ببڕێـت، هەر وەک "أَبوحَيـان التَوحيـدي[1]" دەڵێـت، هەروەهـا

[1] ابوحيان التوحيدي (٣١٠ – ٤١٤كۆچی): لە ئەدیبە ناودارەکانی سەدەی چوارەمی کۆچییە، کۆچییە، هەندێک وەک (الامـام السـبكي) بە مرۆڤێکی خوانـاس و هەندێکیش وەک (الإمـام الذهبي) بە پێچەوانەوە بە زیندیقی دەزانن.

مۆسـیقا دەبێـتە هـۆی جووڵانـدنی فەزیلەتـی نەفـس و مـرۆڤ بەرەو فەزیلەت و خۆشەویستیی خودا و موناجات دەبات[1].

وە گەلێک لێکۆڵینەوە کراون لە بواری مۆسیقادا و لە بـواری زانستی دەنگدا، کە زۆرینەی بە عەرەبی نووسـراوە. هەمووی ئەوەمـان پێدەڵێن کەوا گەلانـی مسـوڵمان شـارەزاییەکی زۆریـان لەم بـوارەدا هەبـوو و تـوێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسـەری کردووە و ئامانجیشـیان سوودوەرگرتن و سوودگەیاندن و بەرچاوڕوونی بووە.

پـــوختەی قســـەکەمان ئەوەیە کە هـــونەری بیســـتۆکییش لەلای مسوڵمانان وەک هونەرەکانی تر تایبەتمەندیی ژیاری و پێکهاتەیی تێدایە و خەڵکیش بۆ پەرستش بانگ دەکات.

چێژوەرگـــرتن لە حەڵاڵ، لای هەمـــوو فەقیهەکـــان ڕێگاپێـــدراوە. حەرامکردنـی مۆسـیقا یـان گـوێگرتن لە گـۆرانییش تەنهـا پەیوەنـدیی بە گرتنـی ئەو کەلێنـانەوە هەیە لەلای هەنـدێک لە فەقیهەکـان کە مـرۆڤ تووشی گوناح ببێت لێوەی، چونکە ئەسڵ ئەوەیە شتەکان موباحن.

لەم ڕوووەوە پێویسـتە ئـێمە تێـبگەین لە چوارچێـوەی ژیـانی کـاری هـونەری/ دەنگـی، یـان هەندەسـەی دەنـگ. هەر وەک دکتـۆر شـەهید ئیسماعیل ڕاجی الفاروقی دەڵێت، بزانین چۆن مۆسیقا دەگونجێت لەگەڵ ئەو بۆنەیەدا کە تێیدا دەژەنرێت.

ڕۆڵـی مۆسـیقای دینـی و فۆلکلـۆری و مۆسـیقای تەقلیـدی لە موناسەباتەکاندا چییە و چۆن بگونجێندرێت لەگەڵ ئەدا و ئەو کەسانەدا کە بەکـاری دەهێـنن و کـاریگەریی لەسـەر ژمـارەیەکی فراوانـی زۆری جەماوەر؟ (گەلانی مسوڵمان کاریگەریی مۆسیقییان لەسەر عەرەبەکان و

---

[1] ابو حيان التوحيدي- الإمتاع والمؤانسة- دار مكتبة الحياة -د.ت.

یەکتریش داناوە و بە هۆی ئەم کاریگەییەشەوە هەندێک گۆڕانکاری لە مۆسیقای کورد و فارس و عەرەب و تورک و گەلانی ئەفریقیا و ئاسیای ناوەنددا دروست بووە – وە – )، هەروەها گەلانی دەرەوەی عەرەبیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی مۆسیقای عەرەبی، هەر وەک چۆن ئیسلام دابونەریتی جوانبینیی ناو عەرەبی وەک زمانێکی شارستانیەتی گواستووەتەوە بۆ ناو گەلانی تر.

بێگومان تێگەیشتن لە مۆسیقا و هونەرە بیستۆکییەکان، پێویستە تەرکیز بکات لەسەر نەگۆڕەکان، هەر وەک چۆن پێویستە هاوکات تەرکیزیش بکات لەسەر ئەو شتانەی دەگۆڕێن ، ئەمەش بۆ تێگەیشتنێکی سەرتاپاگیر لە مۆسیقا، نەک تێگەیشتن لە بەشێکی[1].

بێگومان بەئیسلامکردن، وەک پرۆسەیەکی تەجریدی و داهێنان بۆ ماوەی دەیان ساڵ لەسەر زمانی مسوڵمانان، تێکۆشەر و موسلیحەکان هەبووە، بەڵام کەمێکیان ئاگاداری ڕۆڵی گرینگی هونەرە دەنگییەکان بوون، ئەوەی کە شەهید دکتۆر فارووقی پێی وتووە هەندەسەی دەنگ.

هۆکاری ئەوەش کە هەندێک مۆسیقایان پێ حەرام بووە، ئەوە بووە ڕێگە بگرن لە کەوتنەناو گوناح و خۆدوورخستنەوە بووە لەو شتانەی گومانی لەسەرە (شبهات)، بەڵام ئەم بابەتەش دەبێتە هۆی داخستنی بابەتی بەئیسلامکردن یان زانستێکی بەسوود، وە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی پێچەوانەی مەبەست، چونکە دەبێتە هۆی کردنەوەی دیدگە مەعریفییە جیاواز و پێچەوانەکان[2].

---

[1] وضع الموسيقى في العالم المسلم. م.س

[2] أسلمة المعرفة – الأسلمة بواسطة الفنون الصوتية، لويز لمياء الفاروقي.

ئەگەر لەســەر حــوکمی گــۆرانی بــدوێین لە ســەدەکانی ســەرەتای ئیسلامدا، ئەوا دەبینین ڕاجیایی و هەڵوێستی فەقیهەکان جیاوازە بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا بوون. بۆ نموونە خەڵکی عێراق، زۆرتر توند و زبر بوون و گۆرانییان حەرام کردووە، لە کاتێکدا خەڵکی حیجاز زۆرتر شارستانی بوون، بۆیە پێیان وا بووە حەڵاڵە[1].

لێرەدا دەبینین پەیوەندییەکی بابەتی هەیە لەنێوان شوێن و دیدگەی مەعریفییدا، کە کـاریگەری دادەنێـت لەســەر دیـدگەی حـوکمی فیقهـی، هەروەهـا کـاتیش. لە کاتێکدا دەبینـین کە عەرەب دەڵێت: ئەهلی عێراق، ئەهلـی تونـدی و زبـرین، مەبەسـتیان ئەو کـاتە بـووە کە ئەو شـوێنانە سنووری نوێی جیهانی ئیسـلامی بووە، وە مەبەستیان پێی کوفە و ئەو شوێنانەی تر بووە، کە لەو سەرسنوورانەدا بوون، بەڵام ئەهلی حیجاز ئەهلی مەدەنیەت بوون و ئیسلام لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، لە پاش هاتنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر).

بێگومان گۆرانییش لە سەردەمی جاهیلیدا زۆر گەشەی نەسەندبوو، بەڵکو تەنها لە چەند ئورجووزەیەکی[2] کەمدا بووە، کە بە یەک شێوە دەوترا و هیچ ئامانجێکی نەبووە، وە پلە دەنگییەکانیشی زۆر سنووردار بووە. مۆسیقاش لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیدا گەشەی کردووە و ســەردەمی عەباســییەکان و ســەردەمی فاتمییەکــان پرشــنگدارترین سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامییە، لەو ڕوووە کە پەیوەندیی بە گۆرانی و مۆسیقا و هونەرە دەنگییەکانەوە هەبێت، تەنانەت لەگەڵ ڕووخانی

[1] الغناء في الإسلام-م.س – من كتاب الموسيقى والغناء عند العرب.

[2] أرجوزة: قەسیدەیەکی بەحری ڕەمەل بووە، لەسەر کێشی ڕەجەز و لە کاتی وشترەوانیدا وەک جۆرێک لە گۆرانی وتراوە. (و).

شارستانییەتی ئیسلامییشدا، لە پاش سەردەمی فاتمییەکان ئیدی مۆسیقاش بەرەو نزمی و لاوازی ڕۆشت[1].

ئێمە دەتوانین پۆلێنبەندییەک بکەین بۆ هونەرە دەنگییەکان، بە شێوەیەکی هەرەمی، لە لووتکەکەیدا تەرتیلی قورئانی دێت، وەک پێوەرێک و نموونەیەکی سەرەکی ببێتە هۆی یەکخستنی تایبەتمەندییە بناغەییەکانی بونیادی گشتی و هونەرە ئیسلامییەکان.

پاشان ئەمەش کاریگەریی دانا لەسەر ئەدای بەربڵاوی نێو مسوڵمانان لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا وە تەنانەت کاریگەریی دانا لەسەر شێوازی وڵاتە دوورەکانیش، کە لەم ئوممەتەوە دوور بوو، بەڵام تێکەڵیی لەگەڵ ئوممەتی ئیسلامیدا هەبوو.

وە ئەم دابەشکردنەش ڕەهەندێکی مەعریفیی گرینگی هەیە، کە بریتییە لە کاریگەریی عەقیدەی تەوحید لە ڕێگەی قورئانەوە لەسەر ژیانی دەنگی ئوممەتی ئیسلامی. وە چۆن ئەم عەقیدەیە ڕێنموونیی ئەم ئوممەتە دەکات بە شێوەیەکی عەقیدەیی و عیبادەتیانە[2].

سوهرەوەردی دەڵێت: گوێگرتن لە قورئان بریتییە لە گوێگرتنێکی حەق، دەبێتە هۆی ڕەحمەتی خودای بەخشندە و دڵەکان پڕ دەکات لە هیدایەت و یەقین، پاشان باسی حیکمەتی ڕاجیایی دەکات لە گۆرانی و گوێگرتن لە گۆرانیدا، ڕای شێخ "أبي طالب المكي"[3] دەهێنێت، کە پێی وایە سەماع حەرام و حەڵاڵ و شوبهەی تێدایە، جا هەر کەسێک گوێی لێ

---

[1] تذوق الموسيقى العربية – محمود كامل.

[2] الموسيقى والموسيقيون في ميزان الشريعة – لويز لمياۓ الفاروقي.

[3] خواناسی بەناوبانگی سەدەی چوارەمی کۆچی و خاوەنی پەرتووکی (قوت القلوب)، پێشەوایەکی دیاری ئەهلی تەصەوف بووە. (و)

بگرێ بە مەبەست و نیەتی و بینینی شەهوەت و هەوا و ئارەزووبازی، ئەوا حەرامە و ئەو کەسەی گوێی لێ بگرێ وەک شتێکی عەقڵانی کە سیفەتێکی موباحی هەیە چ لە جارییەی خۆیەوە بێت یان لە هاوسەری خۆیەوە بێت، ئەمە وەک شوبهەیەک وایە، چونکە لەهووی تێدەکەوێت، بەڵام ئەو کەسەی بە دڵێکی وەهاوە گوێی لێ بگرێت کە دەبێتە بەڵگە و ڕێنموونی بۆ گەیاندنی بە خودای خۆی، ئەوە بە موباح دادەنرێت. بەسادەیی بیڵێین، شێخ أبوطالب المكي[1] پێی وایە کە سەماع کردەیەکی مرۆییە وەک هەر کردەیەکی تری مرۆڤ پێکهاتووە لە شێوە جیاوازەکانی کاری مرۆڤ، ئەگەر بە مەبەستی عیبادەت بوو حەڵاڵە و بە مەبەستی شەهوەت و ناپاکی بوو ئەوا حەرامە[2].

قورئان نموونەی بناغەیی و سەرمەشقی هەموو هونەرە دەنگییە ئیسلامییەکانە، دیارە کە فەرموودەی خودای گەورە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە و قورئانیش بریتییە لە حەقیقەتێکی مەرکەزیی ژیانی مسوڵمان.

ئیمامی غەزالییش سەماع وەک کردەیەکی مرۆیی پێکهاتەیی دەبینێت و حوکمی هەر کردارێکی مرۆیی پێکهاتەیی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و پەیوەندیی بەو ئامانجەوە هەیە کە حەڵاڵی دەکات یان حەرامی دەکات[3].

قورئانیش هەم شەرعە و هەم نموونەیەکی باڵایە بۆ شارستانێتی. بێگومان قورئان فەرمان دەکات بە خوێندنەوەی قورئان بە ئاوازەوە لە

---

[1] ابو طالب المكي: زانا و نووسەری دیاری ئەهلی تەصەوف لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا. لە ٣٨٦ک کۆچی دوایی کردووە. (و)

[2] عوارف المعارف، السهروردي- م.س

[3]الغزالي- إحياء علوم الدين – كتان آداب السماع والوجد- القاهرة، المكتبة التجارية، ١٩٧٥.

چەنــدین ئــایەتی ڕوون و ئاشکراشــدا پێمــان دەڵێــت. قورئــانیش بــۆ مسوڵمانان بریتییە لە دەنگی ئەو ئایەتانەی کەوا دەیبیستن، کەواتە تەنها بریتـی نیـیە لە دەقێکـی نووسـراو بەو شـێوەی کە ڕۆژئاواییەکـان لێـی تێگەشتوون[1].

"ئەبولقاسمی جونەید[2]" سەماع دابەش دەکات بەپێی ئەو کەسانەی کە دەیبیسـتن، بـۆیە حەرامـی دەکـات لەسـەر عەوام و ئەو کەسـانەی کە خاوەن نەفسێکی خراپ و نزمن، بەڵام سەماعی زاهیدەکانی پێ موباحە، چونکە سوودی لێ وەردەگرن لە موجاهەدە و سلووکیاندا، وە سەماعی عارفەکـانی پـێ موسـتەحەببە[3]. وە "ئیـبن حەجەری هەیتەمـی" دەڵێـت: گۆرانیبێژ شاهێدیی لێ وەرناگیرێت، دەف و تەپڵی پێ حەڵاڵە و ئامێرە مۆسیقییەکانی تریشـی لا حەرامە[4]. بەڵام کەسـێکی تری وەکو شـەوکانی دەڵێت: لەهوو و ئامێرە مۆسیقییەکان حەرامـن، وە پێی وایە دەف حەڵاڵە بۆ ئافرەت، کاتێک لە پێشوازیی کەسێکدا بەکاری بهێنێت کە لە سەفەر گەڕابێتەوە[5].

ئیــبن قەیســەرونی دەڵێــت: نــاتوانین بەتەواوی فتــوایەک بــدەین بەیەکجـاریی بـۆ حەڵاڵکردنـی یـان حەرامکردنـی، وە پێیشـی وایە کەوا لێدانی دەف سـوننەتە، چەند فەرمـوودەیەک دەهێنێتەوە کە پشتیوانی لە سەماع دەکات و چەند فەرموودەیەکیش کە مسـوڵمانان بانگ دەکات بۆ

---

[1] Kristina Nelson Contribution of musical elements in The idials of Ouranic recitation.

[2] جنید بن محمد: زانا و خواناس و دیاری ئەهلی سوننەتی سەدەی سێهەمی کۆچی (٢١٥ – ٢٩٨کۆچی). (و).

[3] كف الرعاع من محرمات اللهو والسماع لإبن حجر الهيتمي- م.س

[4] هەمان سەرچاوە.

[5] الشوكاني – نيل الاوطار – القاهرة – دار التراث. د.ت

بەکارهێنانی هەندێک گۆرانی یان دەف لە کاتی شایی و زەماوەنددا، وە هیچ ڕیوایەتێک لەو ڕیوایەتانە ناهێنێتەوە کە نەهی لێ دەکات[١].

وەک ئەویش گەلێک لە فەقیهەکانی تر هەن، وەک "إبن تيمية" سەماع لە چوارچێوە ژیانئامێزی/ پێکهاتەییەکەیدا دەبینێت، هەندێکی بە حەڵاڵ دەزانێت و هەندێکیشی بە حەرام. وە هەندێکی شوبهەی تێدەکەوێت وە هەندێکی موستەحەببە[٢].

هەموو ئەم جۆرە ئەحکامانە ئەو ڕایەی ئێمە ڕوون دەکاتەوە کە هونەرە دەنگییەکانیش وەکو هونەرە ئیسلامییەکانی تر کۆمەڵێ کاری ژیانی/ پێکهاتەیی/ پەرستشین، بۆیە حەڵاڵن، ئەگەر لەو کایەش دەرچوون، ئەوا شوبهەی تێدەکەوێت و هەندێک جاریش حەرام دەبێت.

وە مامۆستا "محمد الغزالي" داکۆکیی لەسەر ئەوە دەکات کە گۆرانی حەرام نییە، وتەی إبن حزم[٣] و ڕاکانی ئەو دەکاتە بەڵگە، کە پێی وا بووە هەموو ئەو ڕایانەی کە گۆرانی حەرام دەکەن تەنها کۆمەڵێ فەرموودەیان هێناوەتەوە کە هیچی صەحیح نین[٤].

وە شێخ "محمد غەزالی" گۆرانی دەکات بە حەوت بەشی حەڵاڵەوە، چونکە پێی وایە کە ئامانجی باشیان هەیە، ئەمەش بریتین لە جووڵاندنی شەوق و ئارەزوو بۆ زیارەتکردنی شوێنە پیرۆزەکان. هەروەها وروژاندنی هەست و حەماسەتی جەنگ لە کاتی جیهاددا، وەسفکردن و پیاهەڵدان لە کاتی جەنگدا، ئەو مۆسیقایەی دەبێتە هۆی

---

[١]ابن القيرواني – السماع م.س.

[٢]ابن تيمية – الفتاوى في مسألة السماع.

[٣]ابن حزم (٩٩٤ – ١٠٦٤ز): زانا و ئەدیب و نەسەبناسی ئەندەلووسی. لە کۆتایی چوارەمی کۆچی و سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە. (و)

[٤]مخطوطة عن الغناء للأستاذ للشيخ محمد الغزالي.

ورەبەرزکـردنەوەی ئەو کەسـانەی لە مەیـدانی جەنگـدان، شـیوەنگێڕان (الرَثاء)، هەروەها وەسفکردن و باسکردنی کاتەکانی ڕەزامەندیی مرۆڤ کە ڕەزامەندیی خۆی دەرببڕێت، وە دەربڕینی خۆشی و غەزەلی خاوێن، لە باسی گەورەیی و شکۆمەندیی خودای گەورەدا.

پـوختەی قسـە لەسـەر سـەماع ئەوەیە کە دەقێـک لە قورئـان یـان لە سوننەدا نەهاتووە کە بەڕاشکاوی سەماعی گۆرانی یان ئـالاتی مۆسـیقی حەرام بکـات و بێـتە حـوججە و بە سـەنەدی سـەحیح وەرگیرابێـت، کە ئەمـانە حەرام بکـات. بەڵکـو بە سـەنەدی سـەحیح هـاتووە کە پێغەمـبەر (دروودی خـودای لەسـەر) وە سـەحابییە گەورەکـان، گوێیـان لە دەنگـی جارییە و دەف گرتووە، بەبێ نەهیلێکردن و ئینکاریکردن. وە ئەسڵیش لە شتەکاندا بریتییە لە حەڵاڵی. وە هەر شـتێک کە زەرەری هەبێت بـۆ دیـن یان بۆ عەقڵ یان نەفس یان سامان یان شـەرەف یـان نـاموس، ئەوە بە حەرام دادەنرێـت، هەر شـتێکیش کە زیـانی نەبێـت نـاتوانی بە حەرامـی بزانیت. هەر کەسێکیش کە دڵنیـا بـوو لەوەی یـان گومـانی بەهێزی ئەوە بوو کە سەماع و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا بەرەو حەرامی دەبات، ئەوا بۆ ئەو کەسە حەرام دەبێت.

**هونەرە دیدەییەکان (چاوییەکان):**

هونەرە چاوەکییە ئیسلامییەکان، ئیشکالیەتێکی گەورەی تێدایە، کە گەلێک پرسیارمان لا دروست دەکات، چ پرسیارەکان پەیوەندییان بە ماهیەت یان ناسنامە یان حوکمی ئەو هونەرەوە بێت، یان پەیوەندیی بەو پرسیارەی کە خودی ئەو هونەرانە چین؟ بۆچی پێیان دەوترێت ئیسلامی؟ حوکمەکەیان چییە؟

لە سەرەتادا ئەوەمان باس کرد کە ئیسلام جیاوازییەکی لە نێوان هونەر و پیشەدا دانەناوە، هونەریش لە ئیسلامدا سنووری شکڵ و شێوە تێدەپەڕێنێت بۆ ئەودیوی ڕووکەش و شێوە، ڕێبازی هونەری ئیسلامی هەم هزرە هەم کردارە، ئیدی لێرەوە دەبێتە کارێکی کولتووری و تایبەتمەندیی پێکهاتەیی دەبێت و کارلێک لەگەڵ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤدا دەکات، هەمیشە مرۆڤ بانگ دەکات بۆ خواپەرستی و یەکتاپەرستی و ناسینی خودای بەدیهێنەر، چونکە کارێکی مرۆییە و هاوکات مرۆڤێنراویشە.

پۆلێنی هونەرەکانیشمان لەسەر بناغەی ڕادەی کاریگەریی لەسەر هەستەکان دادەنێین، ئەمەش لەو ئایەتەوە وەرمان گرتبوو کە دەفەرمێت: ﴿إِنَّ السَمعَ وَالبَصَرَ و الفؤادَ كُلُّ أُولَئِكَ عَنهُ مَسئولا﴾[1]. واتە: بێگومان مرۆڤ بەرپرسە لە بەکارهێنانی بیستن و بینین و دڵ. کاتێک دەبینین پەیوەندییەک لە نێوان بیستن، بینین، دڵ - کە بە فوئاد یان قەلب (الفؤاد أو القلب) – ناوی هاتووە، هەروەها عەقڵ یان نەفس، کە بە واتای ڕۆحی مرۆڤ دێت، فاکتەری کاریگەریش لە ڕووی مرۆییەوە، بۆیە دەڵێین کاتێ

[1]سورة الإسراء ١٦.

هونەرەکانمـــان بەپێــی کــاریگەریی لەســـەر هەســـتەکان پــۆلێن کــرد، ئامانجمان لە بناغەدا ئەوە بـوو کە ئەو پەیوەندی و لێکۆڵینەوەیە ببینین کە لە پشــتی واتــای مەعــریفییەوە هەیە، ئەو واتــا مەعــریفییەی لەنێــو سیسـتەمی جوانیـدا هەیە، ئەو سیسـتەمە جـوانییەی ناومـان نـا هـونەری ئیسلامی.

ئەوەمان بینی کە چۆن ئەم سیستەمە لە ڕێگەی کـارتێکردنی لەسـەر چاوەوە دەڕوانێتە هونەرەکانی بینین، هەروەها بینیمـان کە چۆن جوانی مــرۆڤ وادار دەکــات بە بیرکــردنەوە و و لێوردبــوونەوە. لەوێشـــەوە دەیگەیەنێت بە تێفکرین لە بەدیهێنان و ناسینی خودای بەدیهێنەر.

دیارە ئەم بینینە چاوەکییە هەموو هونەرەکانی خۆرهەڵاتی دووریش تێیدا بەشدارن، کاتێک دەبینین - بۆ نموونە - بیری تێفکرین لە جوانی و داهێنانی هونەری لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی یابانیدا هەیە[1]. جیاوازییەکە لێرەدایە کە تێفکرین و بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی تێفکرینێکە بە ئامـانجی تێفکرین خۆی، واتە جوانی و هاوئاهەنگی و پێکەوەگونجـان تێیدا دەبێتە ئامــانج، بەڵام جــوانی لە ئیســلامدا ڕێگــایەکە بــۆ ئەوەی گەورەیــی و شکۆمەندیی خودای گەورەی بەدیهێنەر تێیدا بناسین و بزانین.

ئیدی لێرەوە هەمـوو جوانی لەوێوە دەست پێ دەکـات کە کارمـان تێدەکات و دەمـانهێنێتە قســە و دەربڕینــی تەسـبیح و یـادی خـودا، وە بــانگکردنی خەڵکـیش بـۆ ئیحســان و ئیتقـان لە قورئانـدا بەڕوونــی لەم ئایەتەدا دەبینرێت، کە دەفەرمێت: ﴿وَ لاتَـنسَ نَصیبَکَ مِـنَ الـدُنیا وَ أَحسِـن کَما

---

[1] افتتاحیــة الهــادیء – المقدمــة – جـون ویـدمان و بیتـر سـوندهایم – ترجمــة وتقـدیم د. عبدالوهاب المسیري- سلسلة من المسرح العالمي وزارة الإعلام الکویتیة. رقم ٢٣٧.

أَحسَنَ اللهُ اِلَيك﴾[1]. واتە: بەشی خۆت لە دنیا بیر مەکە، چاکە بکە، هەر وەک چۆن خودای گەورە چاکەی لەگەڵ کردوویت. کەواتە ئیحسان، ئیتقان لە هەر کارێکدا بریتییە لە دەرخستنی ئەو نیعمەتەی خودای گەورە پێی بەخشیوین، ئەم پێزانینەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودایە.

بۆیە هەر دەسکارێک کە بە چاو ببینرێت و وامان لێ بکات کە تەسبیحی خودا بکەین، بە هونەرێکی جوانی چاوەکی دادەنرێت. ئەو باخچە ڕازاوە و ڕێکوپێکەی کاتێک بەناویدا دەگەڕێین و چێژ لە جوانییەکانی وەر دەگرین، وەک پارچەیەکی هونەری، ئەو کورسییەی لە دارێکی نەخشێنراو بە هونەری ئارابێسکی زۆر ورد ڕازێنراوەتەوە و یەکە پڕ لە وردەکارییەکانی زۆر بەوردی ڕێک خراون، ئاوێزانبوونی دووبارەی هونەرەکانی تێدایە و بە زمانێکی دی تەسبیحات دەڵێت، واشمان لێ دەکات کە ئێمەش تەسبیحی خودا بکەین، ئەمەش بە هونەر دادەنرێت. هەروەها ئەو مەشخەڵدانە مسینە یان لەخەزەفدروستکراوە بە شێوەیەکی جوان و ناسک و سەرسوڕهێنەر و ئەو تابلۆ جوانەی کە بە چاو هەست بە جوانییەکەی بکەین، بە هونەر دادەنرێت، باڵاخانە و ماڵیش بە هونەر دادەنرێن. هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا دەیانبینین بە هونەر دادەنرێت، بە مەرجێک وەها سەرنجمان ڕابکێشێت کە لێی ورد ببینەوە، بەهای پڕ لە ژیانی دەرک بکەین، وەهامان لێ بکات بەوردی بیر لە پێکهاتەکانی و چۆنیەتیی پێکهێنانی بکەینەوە، وەهامان لێ بکات بیر لەوە بکەینەوە چۆن وەستاکەی توانیویەتی لە ماددەیەکی بێتایبەتمەندیی ڕێخراو، کە لە جەوهەری خۆیدا ماددەیەکی خاوە، ئەم

[1] سورة القصص: ٧٧.

شــــته جوانـــــانه بەدی بهێنێـــت، کەواته وەســـــتا و خـــــاوەن دەســــکار جوانییەکمان بۆ بەدی دەهێنێت و لەسەر ڕێمانا دایدەنێت، تا ئێمەش لەو بەرهەمە جوانەوە گەورەیی و شکۆمەندیی خودای گەورە بزانین.

گەلێـک ڕای جیـاواز هەیە دەربـارەی ناسـنامەی هـونەرە چـاوەکییە ئیســـلامییەکان، بەڵام یەکـــدەنگییەک لەســـەر ئەو توخمـــانە هەیە کە هاوبەشـی تەواون، کاتێـک کە لە شــەمعدانێکی مسـین و تـابلۆی سـەر دیوارێکیشـــدا دەیبینـــین. هەر وەکـــو چـــۆن لە هـــونەری ئارابێســـکی کورسییەکیشدا دەیبینین، یان لەسەر ئەو نەخشـانەی کە لەسـەر ماڵەکان نەخشـێندراون، ئەم توخمـانەش بـریتییە لە: تەجرید و دوورکەوتـنەوە لە تەمثیل و پابەندبوون بە قانوونێکی هەندەسـیی زۆر تۆکمەوە، هەروەهـا هەبوونی نموونەیەک کە ببێتە سەرمەشـق بـۆ نموونەکـانی پاش خـۆی، وەک سـەرەتایەک سـوودی لـێ وەردەگیرێت و هونەرمەنـدی مسـوڵمان هەمیشە دەیکاتە سەرچاوە، هەمیشـەش ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ قورئـانی پیـرۆز و سـوننەتی نەبەویـی پیـرۆز، هەروەهـا ڕاکـردن لە بۆشـایی و گرینگیـدان بە دووبـارەبوونەوە و چەنـدین تـوخمی تـر لەم توخمـانە کە پێویستیمان بەوە هەیە بە شێوەیەکی شیتەڵکاری لەسەری بوەستین، بۆ ئەوەی بیگێـڕینەوە بـۆ سـێ بنەمـاکەی، کە پێشـتر لە ئاکـار و سـیفەتی هونەری ئیسلامیدا دیاریمان کردبوو، کە بریتی بوو لە ژیانی، تەرکیبی وە هەروەها بانگکردن بۆ پەرستنی خودا.

**١- تەجریـــد (ئەبســـتراکت):** ئەو ئاکـــارەی کە هەمـــوو تـــوێژەران کۆدەنگییـان لەسـەری هەیە، کە پێیـان وایە یەکـێکە لە تایبەتمەنـدییەکانی هـــونەرە چـــاوەکییە ئیســـلامییەکان بـــریتییە لە ئاکـــاری تەجریـــد، واتە هەمـووی بـڕوای وایە کە یەکـێکە لە سـیفەتە ئیسـلامییەکانی نـاو ئەو

هــونەرە، بەڵام یەکــدەنگ نــین لەســـەر هەبــوونی هۆکــاری تەجریــد، هەنــدێکیان پێیــان وایە کە هەبــوونی تەجریــد لەو هــونەرەدا بەهــۆی قەدەغەکردنی وێنەکێشانی زیندەوەرانەوەیە، لەوێشـەوە تەجرید بۆ ئەوە بووە کە هونەرمەند دوور بکەوێتەوە لە تووشبوون بە حەرام.

بەڵام ئەم ڕاڤەیە زیــاتر لە ئامــانجگەراییەکی ســادەگەراوە دێــت، کە دەیەوێــت شــتەکان بە ئــاڵۆزی و پێکهــاتەیی نەخــاتە پێشــچاو و بەو شـێوەیە قسـە لەسـەر هـونەر دەکـات، گـوایە وێنەکێشـانی هاوشـێوەی زیندەوەرەکانی تێدا بێت حەرامە و ئیدی پەنا دەبرێتە بەر وێنەکێشـانی تەجریدی.

بەڵام ئەم لـۆژیکە کەلێنـی تێـدایە و زۆر سـادەگەرایە، مـن پێمـوایە کە ناتەبایە لەگەڵ ئاکاری ئیسـلامیدا، چـونکە هەر لە سـەرەتادا و لە بناغەدا ئەو دیدگا مەعریفییە ئامانجگەرایەی تێدایە کە دەیەوێت هەمیشە بایس و عیللەتێکـی سـادە و ڕاسـتەوخۆ بـۆ هەر مەعلوولێـک بـدۆزێتەوە. پێـی وا نییە کە پەیوەندییە گەردوونییەکـان بە شـێوەیەکی تۆڕئـامێز بەنـاو یەکدا چـــوون، باوەڕیشـــی بە ئـــاڵۆزی و تێکەڵیـــی کولتـــوور و بونیـــادی شارستانییەتی نییە.

هەندێکیش پێیوایە تەجرید هۆکارێکە هونەرمەندی بـاوەڕدار پەنـای بۆ دەبات، تـا بەرگ و پۆشـاکی بەدیهێنراوەکـان لا ببـات و لەوێوە بگـاتە گەورەیـــی و شـــکۆی خـــودای گەورە، ســـەرەڕای ئەوەی کە ئەم لێکدانەوەیەش جۆرێـک لە تەسـەوفی ڕووکەشـگەرایی تیـایە و ئەوەشـی قبــووڵ کــردووە، کە ئاکــارێکی بانگهێشــتکردنی خەڵکــی تێــدا بێــت بــۆ خوداپەرســتی، بەڵام ئەمەش لەســـەر ئەو وێنـــاکردنە بونیـــادنراوە کە هونەرمەنــدی داهێــنەر/ بەدیهێــنەر هونەرمەنــدی مســـوڵمانە، ئەمەش

ئیشکالیەتێکە لە بناغەدا ڕوونمان کردەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدگا مەعریفییە ڕۆژئاواییەی لە یۆنانییەکان (گریکییەکان)ەوە سەرچاوەی گرتووە و پێیوایە، کە بیرۆکەی ئەم هونەرمەندە تایبەتمەند و لێهاتووە بەتەواوی ناتەبا و ناڕێکە لەگەڵ ئەو ژیاندۆستییەی لە ئاکاری ئیسلامیدا هەیە و ئەم سیستەمە هونەرییە تایبەتییە جیا دەکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەو بەشەی، کە تایبەتە بە بیرۆکەی تەجریدخوازی، وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە پشتی پەردەی شکڵ و شێوەکان وەک بانگهێشتێک بۆ لێوردبوونەوە و تێفکرین لە جوانی دەسکار و دروستکراوەکانی خودای گەورە، ئەمە لە خۆیدا بیرۆکەیەکی چاکە و پێویستە گرینگیی پێ بدرێت، بەڵام ئەمە بۆ خۆی بە تەنها ناتوانرێت بکرێتە تاقە تەفسیرێک بۆ ئاکاری تەجریدی، کە لە هونەری ئیسلامیدا دەیبینین.

کۆمەڵی سێهەم پێیان وایە، کە تەجرید ئەنجامی خۆپارێزییە لە وێنەکێشانێکی تەمثیلی، واتە خۆدوورخستنەوەیە لە نواندنی شێوەیەک لە شتێکی بەرامبەر، کە بۆخۆی سیفەتێکی نەرێنییە. ئەمەش وا لە هونەرمەند دەکات پشت بە تەجرید ببەستێت وەک ئاکارێکی ئەرێنی، بەڵام ئەم ڕاڤەیەش هیچ شتێکمان لە واقیعدا پێشکەش ناکات، چونکە دەتوانین بپرسین: ئایا بۆچی سیفەتی خۆدوورخستنەوە لە تەمثیل و نواندنی نەرێنی هاتووەتە ئارا و باڵادەست بووە؟ ئایا ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وێنەکێشانی تەمثیلی بە حەرام زانراوە؟ وەک پێشتر باسمان کرد.

من پێموایە ئەو لێکدانەوەی پتر لە دیدگەی مەعریفییەوە نزیکە، ئەو تەفسیرەیە، کە دەڵێت تەجرید لە هونەری ئیسلامیدا بریتییە لە

بەردەوامبــوون و درێژەپێــدانی ئاکــاری تەجریــد و دوورکەوتــنەوە لە نواندن و کێشانی وێنەی ئەو بوونەوەرانەی لە هونەری گەلانــی سـامییدا پێش ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی هەبووە، هەروەهـا هـونەری نەخش و ڕازاندنەوە کە لە دوورگەی عەرەبیدا پێش ئیسلام بە شـێوەیەکی تـایبەت هەبووە.

لێــرەدا دەتــوانین بە وردبــوونەوەیەکی زۆرەوە بیــر لەم قســەیە بکەینەوە لەسەر دوو ئاست:

**ئاسـتی یەکەم:** ئاسـتی مێژوویـی و شـوێنەواری، کە دەکـۆڵێتەوە لە بنەماکــانی تەجریــدی گەلانــی ســامی، چ لەو هــونەرانەدا لە دوورگەی عەرەبیــدا پــێش ئیســلامدا هەبــوون، یــان لەو هــونەرە ســامییانەدا کە پەیوەندییان بە نامسوڵمانانەوە هەبووە.

**ئاستی دووهەم:** کە ئاسـتێکی مەعریفییە، وە بەوردی سـەرنج دەدات لە تەجرید لەژێر تیشکی چەمکی یەکتاپەرستیدا، کە نووری خۆی بەسـەر ناوچەی گەلانی سامیدا پەخش کرد، پێش گەلانی تری ئەم جیهانە.

ئەوەی لێکـۆڵینەوە لەسـەر مێـژووی هـونەر بکـات، ئەوە دەزانێـت کە هــونەری ســەردەمی فیرعەونەکــان (پادشــاکان)ی میســر، تەنهــا کاتێــک گەیشتە لاساییکردنەوەی سرووشت کە گەشتە سەردەمی "ئەخنـاتوون[١]"، کە یەکێک بووە لە فیرعەونەکان. ئەمەش جۆرێک بووە لە هونەرێکی نـاو گەل و کەسـانی ئاسـایی ئەو سـەردەمە، ئەمەش لای زۆربەی تـوێژەران

[١] ئەخناتوون: یەکێکە لە فیرعەونەکانی میسر و لە نزیکەی ١٣٣٤ پێش زایین کۆچی دوایی کردووە. باوەڕی یەکتاپەرستی لە میسر کردە ڕەسمی. (و).

بە کاریگەریی دەرەوە دادەنرێت، کە جێپەنجەی خۆی لەسەر هونەری میسری کۆن داناوە[١].

بیرۆکەی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە هەوڵی هونەرمەندی نادیار بۆ گەشتن بە بەرزی و هێز لە ڕێگەی گەورەیی و قەبەییەوە، واتە تەجریدکردنی توخمەکانی شکڵ و شێوە لە خودی خۆیدا، تەرکیزکردنیش لەسەر یەک توخم بە ئامانجی گەشتن بە بیرۆکەیەک کە لە ماددیات تێپەڕێت، ئەویش بریتییە لە شکۆمەندی و نەمری، ئەمەش ڕۆح و گیانی دیدگەی مەعریفیی فیرعەونییە، کە مردنیان بە شکۆمەندی و گەورەیی دەزانی و جیهانی زیندووبوونەوەیان بە پیرۆز دادەنا. ئەم دیدگە و تێڕوانینە لەوێوە گواسترایەوە بۆ ناو جوولەکەکان و فکرەی یەهوودیەت. ئیدی لەوێوە حەرامکردنی وێنەکێشان، وەکو جۆرێک لە حەرامکردنی لاساییکردنەوەی پەروەردگار وەهابوو لەلایان، جۆرێک بوو لە نەهییکردن لە شوێنکەوتەیی و تەقلیدی میسرییەکان، کە هاوکات هەم خۆشەویست بوون هەم بێزراو بوون، هەم خۆشیان دەویست هەم ڕقیان لێی بوو.

بۆ نموونە ئەگەر بیگوێزینەوە بۆ یەمەن، دەبینین تەجرید لە هونەری تەلارسازیدا لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هەبووە و لەوێ زۆر بەڕوونی دیارە. بە هەمان شێوە لە ناوچەکانی "عەسیر"[٢] و "ئەبهاء"[٣] و "حیجاز" لە

---

[١] Warwic Bray & David Trump- The pengin dictionary of Archeology –هەروەها Amanna Tellel p14 7 Akhenaten p12. Pengnin Books 1975.
بڕوانە ماددەی:تل العمارنة. خ٢٤٤-٢٤٥، في معجم الحضارة المصرية القديمة – مكتبة الأسرة مهرجان القراءة للجميع ١٩٩٦- الهيئة المصرية العامة للكتاب.

[٢] عسیر: باشووری ڕۆژئاوای شانشینی سعوودی. (و).

[٣] پایتەختی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەی عەسیر لە شانشینی سعودی. (و)

نیـوەدوورگەی عەرەبیـدا. ئەم تەجریـدەش گونجـاوە و سـازگارە لەگەڵ سرووشـتی بیابـانی و زبریـی ئەو شـوێنەدا، کە ڕێگـا بـۆ ئینسـان خـۆش دەکات خەریکی تێفکرین و خۆدابڕین بێت لە ماددییات.

ئەوەی ئەم گریمانەی ئێمە بەهێز دەکات، کە دەڵێین تەجرید یەکێکە لە ئاکارەکانی هونەری گەلانی سامی، ئەوەیە کە پێوەرەکانی وێنەکێشـان لە لای گەلە جیـاوازە سـامییەکان هەمیشـە لە دەرەوەی چوارچێـوەی ئایدیاڵی و نموونەییدا بووە، هەوڵیداوە موبالەغە بکات و تێکەڵی بکات لە نێـوان خـورافی و واقعیـدا، واتە مەیلـی بە لای سـریالیدا[1] هەیە، ئەگەر بمانەوێـت زاراوەیەکـی نیگارکێشـیی نـوێ بەکـار بهێنـین. ئەوەش هەنگاوێکە بەرەو خەونامێزی و لێوردبوونەوە.

هەروەها دەبینین، کە هونەرە چاوەکییە سەرەتاییەکان لە سـەردەمی ئومەوییەکانـدا[2] (٦٦٢ – ٧٥٠ز – و–) هەبـووە، وەک نەخشـەکانی سـەر دیـوارە ڕازاوەکـان لە مزگەوتـی ئومەویـدا، یـان "تەلاری عـومەر" لە ئوردون، یان لە "قبة الصخرة" لە فەلەستین، یان "قصرالخیر"ی غەربی لە سـووریا. هەمـووی کـاریگەرییەکی زۆرمـان بـۆ دەر دەخـات، کە لە شێوازی کاری بەیزەنتییەکانەوە وەرگیراوە، چەند بابەتێکی تەمثیلیمـان بـۆ وێنە دەکێشـێت، یـان دیدگایەکی بەیزەنتیمـان لە هـونەری مـۆزایکی (فسیفساء)دا بۆ دەکێشێت.

نموونەی هونەرە ئیسلامییەکان لەو سەردەمانەی، کە پاش سەردەمی ئومەوی[3] دێت، زیاتر لایەنی تەجریدیمان بۆ دەردەخات و نیشـان دەدات.

---

[1] سریالی: ژووررووی واقیعی یان ژوور واقیعی. (و)

[2] Richard Eitenghausen- Islamic painting

[3] ماوەی دەسەڵاتی ئومەوییەکان لە ٦٦٢ز – تا ٧٥٠ز بووە. واتە ٤٢ ک تا ١٣٢ ک. (و)

بەو واتــایەی کە ســەردەمی ئومەوییەکــان بریتــی بــووە لە ســەردەمی پەیوەنـــدیکردن لەگەڵ شارســـتانییەتەکانی دەوروبەردا، لەوێشـــەوە کــاریگەریی وەرگرتـــووە، بەڵام لەگەڵ دامەزرانـــدن و تۆکمەبـــوونی شارستانیەتی ئیسلامیدا جۆرێک لە گێڕانەوەی بنەماکان و گەڕانەوە بۆ بنەماکـان دەسـتی پێکـردوە و لە کـاریگەریی شارسـتانیەتی دەورووبەر تێپەڕیون، ئیدی لەوێوە لایەنی تەجریدی لە هونەردا زۆرتر دەرکەوتووە.

**٢- پابەندبوون بە یاسایەکی ئەندازەیی توندوتۆڵەوە:** ئەم ئاکارە داکـۆکی لەســەر ئاکـاری پێکهـاتەیی دەکـات، هەروەهـا لەســەر لایەنـی ڕۆشـنبیریی تێـپەڕ لە ئاسـایی لەنـاو چوارچێـوەی هـونەری چـاوەکیی ئیسـلامیدا، ئەمەش ئاکـارێکە سەرمەشـقی خـۆی لە یاسـا زمـانەوانییە تۆکمەکـانەوە وەردەگرێـت، کە مســولْمانەکان دایــان هێنــاوە بــۆ ڕێســامەندکردنی و پاراســتنی زمــانی عەرەبــی لە لادان و تێکچــوون. (هەروەهـا گرنگـی دراوە بەو زمانـانەی تـریش، کە بەکـار هێنـراون بـۆ لێکـدانەوە و ڕاڤەی قورئـان و فەرمـوودە و ڕوونکـردنەوەی ڕێسـاکانی زمانی قورئان، وەک زمانی فارسی و تورکی و کوردی و... هتد – و –).
وە ئەم یاســامەندییە تونــدوتۆڵە لە هــونەرە چاوەکییەکانــدا ڕەنگــی داوەتەوە، هەر وەک چـۆن وەزن و کـێش و هــاووێنەیی شــیعرییش لە هونەری چاوەکیدا ڕەنگی داوەتەوە و پاشتر باسی دەکەین.
نمــوونەی ئەم یاســامەندییەش بــریتییە لە وەرگێڕانــی عەرەبــی بــۆ بەکارهێنــانی وشــەی: "اَلعَضــلاتُ المُقَرِبَــة والمُبَعِــدَة"، واتە: ماســوولکە نزیککەرەوەکــان و ماســوولکە دوورخەرەوەکــان، کە وەرگێڕانێکـــی تەســەورییە، ڕەچــاوی بیــرۆکەی هاوشــێوەیی دوو نیــوەی جەســتەی

مرۆڤی کردووە، پێیوایە ئەو هێڵە وەهمییەی لە نێوەڕاستدایە و جەستەی مرۆڤ دەکات بە دوو بەشەوە بریتییە لە هێڵی مرۆڤبوون، وە لێرەوە ئەو ماسوولکانەی، کە ئەندامێکی لەش لە هێڵی ناوەند نزیک دەکاتەوە بریتییە لە ماسوولکەی مرۆیی، ئەو ماسوولکانەش کە ئەندامێک لەم هێڵە دوور دەخاتەوە بریتییە لە ماسوولکەی نامرۆیی، یان ماسوولکە ئاژەڵییەکان (یان کێوییەکان)[١]، باقیی ناوی العضلة (ماسوولکە) لە ئاراستە و شێوەی ڕیشاڵەکانیەوە دێت، کەواتە کاریگەریی توێکاری و شێوەی جەستەی مرۆڤ لەسەر زمان، لێرەوە کاریگەریی یاساییەتی و لۆژیکیی زمان لەسەر تێگەشتن و لەوێشەوە بۆ سەر سیستمی هونەری دەبینین. ئەم یاسامەندییەش بەڕوونی لە هونەری خۆشنووسی و میناتۆرکاری و ئەرابێسک و زەخرەفە و مسکاری و... هتد، کە شێوە بازنەیی و شەشپاڵوویی و شێوە ئەندازەییەکانی تر هەریەک بەپێی پێگە و پلەی خۆی زاڵ دەبێت.

٣- **نموونەیی:** قورئانی پیرۆز و سوننەی نەبەوی، نموونەی یەکەم و سەرمەشقی هەموو هونەرە ئیسلامییەکانن، چونکە هەمیشە لە قورئان و سوننەتدا داکۆکی لەسەر جوانی دەکرێت وە لەسەر وردەکاری و ئیتقان و ئیحسان. هەمیشە توخمێکی داهێنەرانە لە کاری هونەری ئیسلامیدا هەیە، کە مرۆڤ بەرەو خواپەرستن دەبات، کە ئەویش شوێنپێهەڵگرتنی نموونەی قورئانییە. ئایەتە قورئانییەکانیش گەلێک نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە لەسەر وێنەی هونەری"اَلتَصویر الفَنی."

---

[١] اسامة النقاش- تأثير الترجمة على عملية انتقال المفاهيم- ورقة غير منشورة.

ئەم نموونـانەش هونەرمەنـدی مسـوڵمانی دەسـتڕەنگین کـردوویەتیە سەرمەشـقی خـۆی، چ لە پیشـەکەیدا بـۆ نمـوونە وەک تـاق (مشـكات)، مۆمـدان، یـان لە نمـوونەی تەلارسـازیی مزگەوتەكانـدا، دەشـتوانین ئەم نمـوونەگەراییە لە منارەكانـدا ببینـنەوە، کە حەز و چێـژ و تاسـوخبوونی تەلارسـازیی درووسـتکردنی مزگەوتـدا وەک ڕێگـایەک بـۆ گەشـتن بە ئاسمان و بەرەو گەیشتن بە پەروەردگار.

هەروەهـا دەبینـین، کە خـانووی ئیسـلامی بە حەوشـە و دیوەخـان و داڵانەوە سەرچاوەی لە نموونەی مزگەوتەوە وەرگرتووە، وەک یەکەمین تەلار، کە ئامانجی گەشتنە بە پەروەردگار و پەرستنی پەروەردگار.

**٤- ڕاکردن لە بۆشایی:** کاتێک هونەرمەنـدی مسـوڵمان دەسـتوپەنجە لەگەڵ ماددەیەکی خاودا نەرم دەکات و کـاری لەسـەر دەکـات، بەتەواوی بـاوەڕی وەهـایە، کە دەیەوێـت جـوانی لەو مـاددەیە دەربهێنێـت، ئەو جـوانییەی کە خـودای گەورە لەنـاو ئەو ماددەیـا داینـاوە، جـا بـۆیە بەردەوام هەوڵ دەدات جوانیی ناو ناخی ئەو مـاددە دەربهێنێت، ئەمەش لە هەمـوو ئەو مـاددانەی، کە لە دەوروبەریـدا هەیە، لە شـتەکان و بەدیهێنراوەکان.

بۆشایی لە ئیسلامدا بە واتای (نەبوون) نییە، چونکە گەردوون پڕە لە بەدیهێنراوەکـانی خـودای گەورە، هەمـووی بە سوپاسـگوزارییەوە تەسبیحاتی خـودای گەورە دەکـات، ئەم تەسـبیحاتەی بەدیهێنراوەکـان - کە پـڕە لە جـوانی - دەمـانگەیەنێتە بینینـی جـوانی لەنـاو خـودی دروستکراوەکاندا، ئەمەش وامان لێ دەکات ئێمەش تەسبیحات بکەین و سوپاسگوزاری خودای گەورە بین.

ئەو بۆشاییەی دەیەوێت نموونەیەک بەرجستە بکات و جەستەی پێ ببەخشێت هەر وەکو لە هونەری گریکی و لە هەڵکۆڵینی پێوەرگەراییدا لای ئەوان دەیبینین، لە ڕاستییدا ئەو جۆرە بۆشاییە بوونی نییە، چونکە گەردوون هەمووی نموونەیە بۆ جوانی و فرەیەتی لە دروستکراوەکاندا، لە خۆیدا بەڵگەیەکە لەسەر تاکی و تەنهایی خودا.

ئەو بۆشاییەی کە قەوارەی بەردینی گریکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەوڵێکە بۆ لاساییکردنەوەی خودای بەدیهێنەر و بەرهەمهێنانی نموونەیەک بەپێی ئەو پێوەرانەی کە مرۆڤ لە پەلەکردنی خۆیدا و ستەمکردنی لە خۆی پێی وایە نموونە و سەرمەشقێکە بۆی، بەڵام هونەرمەندی مسوڵمان لە پەیبردنی بەو ڕاستییەی کە گەردوون بۆشایی تێدا نییە، دەگاتە ئەوەی جوانییەک هەیە لە فرەیی شێوەی دروستکراوەکاندا. لەو لادان و جیاوازی و ناڕێکییەی، کە دەبینرێت لە نێو دروستکراوەکاندا، پێیوایە بەو شێوەی درووستکراوە ڕاستە و جوانیی خۆی تێدایە. ڕاکردن لە بۆشایی لەلای هونەرمەندی مسوڵمان بریتییە لە ڕاکردن لە سازشکردنەوە بۆ یەکسانی[1]، ڕاکردنە لە هەوڵی فەرزکردنی ئەو ڕێکی و نموونە مرۆییەی دەیەوێت بیسەپێنێ بەسەر گەردووندا. مرۆڤ وا گومان دەبات، کە خۆی گەورەی گەردوونە. هەوڵێکیشە بۆ پەنابردن بۆ تێگەیشتنی حەقیقەتی جێنشینی. لەو ڕووەوە کە بەرپرسیاریەتیی مرۆڤە لە گەردوون، چونکە پێی وایە گەورەی گەردوونە و گەورەی هەموو ئەو بەدیهێنراوانەیە، کە بۆی ڕام کراوە،

---

[1] عبد الحليم ابراهيم عبدالحليم- مواجهة مع مفاهيم التحيز في الفراغ المعماري – في إشكالية التحيز تحرير وتقديم عبدالوهاب المسيري – ج١ – المعهد العالمي للفكر الإسلامي- القاهرة ١٩٩٥.

بەڵام بە مەرجێک گوێڕایەڵی فەرمان و سنوورەکانی پەروەردگاری بەدیهێنەری بێت[1].

کەواتە نموونەی یەکەمین لەلای هونەرمەندی مسوڵمان بریتییە لە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و ئەوەی، کە لە دەوروبەری مرۆڤدا دروست کراوە و بەدیهێنراوەکان، کە هەموویان تەسبیحاتی خودای گەورە دەکەن، هونەری ئیسلامییش جۆرێکە لە سوپاسگوزاریی خودا، بەپیرۆزدانانی گەورەیی و شکۆمەندیی خودای گەورە، کە گەردوونی بەدی هێناوە لە نەبوونەوە و بۆشایی نەبوونی لەنێو گەردووندا نەهێشتووەتەوە.

**٥- دووبارەبوونەوە:** تایبەتمەندیی دووبارەبوونەوەی نەخشاندن (زەخرەفەکاری) بریتییە لەو تایبەتمەندییە پێکهاتەییەی، کە یەکەیەکی سادە لەنێو سیستەمێکدا دەگۆڕێت بۆ چەن یەکەیەکی گەورەتر، کە خاوەن بەهای جوانیی گەورەترن لەناو کۆی جەبریی هەموو یەکەکاندا. نموونەی یەکەمینی ئەم تایبەتمەندییەش لە پرۆسەی تەسبیح و تەحمیددا دەبینینەوە. کاتێ دەبینین کە هەردوو دەستەواژەی "الحمدالله" و "سبحان الله" چەنبارە دەبێتەوە، لێرەوە مۆسیقایەکی ئیمانیی تایبەت دروست دەبێت لە ناخ و ویژدانی هەر تاکێکدا، لەبەر ئەوەش هونەرمەندی باوەڕدار پەی بەوە دەبات، کە هەموو بەدیهێنراوەکان تەسبیحی خودای گەورە دەکەن، ئەوا پرۆسەی دووبارەبوونەوەکە یەکەیەکی سادە دەگۆڕێت بۆ یەکەیەکی پێکهاتە و ئاڵۆز، دەبێتە پرۆسەیەکی پەرستشی و پێکهاتەیی و ژیانئامێزیش، لە بناغەدا ئامانجیشی بریتییە لە تێپەڕاندنی

[1]عبد الوهاب المسيري- موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية- تحت الطبع- مادة التسوية.

سرووشـتی و سـاده (یەکەیەکـی زەخرەفـی ڕووەکـی)، یـان تێپەڕانـدنی یاســایی ســادە (یەکەیەکــی زەخرەفــی ئەنــدازیاری)، بــۆ گەشــتن بە کولتووری مرۆیی ئاڵۆز (واتە ئەو پێکهاتەی ئامانجی گەشتنە بە جوانی)، لە هەموو ئەمانەشەوە تێپەڕین بۆ مەزنی و شکۆ، لەوێشەوە بۆ ناسینی خودای گەورە، کە ئامانجی باڵای هەموو کارەکانە لە ئیسلامدا.

پاش ئەوەی کە بەدرێژی باسی تایبەتمەندییەکانی هونەری چاوەکیی ئیسلامیمان کرد و گەڕاندمانەوە بۆ ئاکاری ئیسلامیبوون لە هونەردا، کە لایەنی ژیانئامێزی و پێکهاتەیی و بانگکردن بۆ عیبادەت و سوودگەیاندن بە خەڵکــی و گواســتنەوە لە ســادەییەوە بــۆ پێکهــاتەیی کولتــووریی مرۆڤێنـراو، بـۆ تەسـبیح و سوپاسـگوزاریی خـودای گەورە (تەسـبیح و تەحمیـد). ئەوە مـاوەتەوە وەڵامـی ئەو پرسـیارە تایبەتـانە بـدەینەوە بە حـوکمی هـونەری چاوەکیی ئیسـلامی، کە بـابەتی حەڵاڵـی، یـان حەرامـی دەگــرێتەوە. گەلێــک لە بیرمەنــدە هاوچەرخەکــانی ســەرقاڵ کــردووە، بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی کاری هونەرین.

ئێشکالیەتەکەش لەوەدایە، هەمووی هەوڵ دەدات بەرگری لەوە بکات، کە هـونەری دیدەیی (چاوەکی) لە ئیسـلامدا حەڵاڵە و وێنەکێشـان حەرام نەکراوە، ئەمەش وەک هەوڵی دوورخستنەوەی توهمەتێک، یان گومـانێکە لەسەر ئیسلام.

بەڵام بـابەتەکە زۆر لەوە سـادەترە، چـونکە حەڵاڵ ڕوون و ئاشـکرایە و حەرامیش ڕوون و ئاشکرایە. ئیسلامیش پێویستیی بەوە نییە بەرگریی لێ بکرێت، پێویستی بەوە نییە ئەوەی بۆ ڕوون بکرێتەوە، کە ئەم ئایینە ئـایینێکی شارسـتانییە، چـونکە ئەسـڵ لە هەمـوو شـتەکاندا حەڵاڵبـوونە

(الإباحة). ئەو کەسەش دەعوایەکی هەیە پێویستە بەڵگە بهێنێتەوە. ئەوەی کە بە حەرامی دەزانێت، پێویستە قسەکەی خۆی بسەلمێنێت.

یەکێک لەو ئامانجە سادانەی، کە لەنێو لۆژیکی باودا هەیە لە بابەتەکانی بەرگریکردن لە حەلاڵیی هونەری چاوەکی، کاتێک دەڵێن حەرامکردنی وێنەکێشان لەبەر ئەوەیە خەڵکی نەگەڕێتەوە بۆ پەرستنی بتەکان. ئەمەش قسەیەکی زۆر سادەیە و سووکایەتیکردنێکە بە عەقڵی خەڵکی. گریمانەی ئەوەی کردووە، کە مرۆڤەکان، زۆر سادە و گەمژەن، بۆیە ئەمە پێویستی بە وەلامدانەوە نییە.

ئەوەی لە ڕاستیدا لە ئیسلامدا حەرام کراوە، بریتییە لە پێچواندن (التشبیە)، واتە هەوڵی خۆچواندن بە پەروەردگاری بەدیهێنەر، وە باوەڕبوون بە خوداوەندیتی هەر شتێکی جگە لە خودا. ئەوەش وەک پێشتر باسمان کرد بینش و دیدگەیەکی مەعریفییە، کە لەنێو یان لە پشتی هونەری گریکییەکانەوە هەیە، کاتێک هونەرمەند دەیەوێت لاسایی خودا بکاتەوە لە بناغەدا، وەک باسمان کرد. هەروەها دەبینین سیرەی نەبەوی گەلێک فەرموودەی تێدایە و هەڵوێستی تێدایە، کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەو قسانەی ئێمە[1].

ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین لەنێوان بنەما مەعریفییەکانی هونەرە چاوەکییەکاندا لە سێ شارستانییەتیدا، دەبینین هێڵ بە واتای پەیوەندیی نێوان دوو خاڵ، ئەسڵی مەعریفیی هونەری وێنەکێشانی گریکییە، ئەسڵی

---

[1] O. Elkaffash- Gnosticism in Alexandrian from Philoto Ibn Attaa Allh- Unpublished paper – presented to'' Nag Hammadi: 50 years of ten''
A Colloquium to mark the 50th an niversary of the discovery of Nag Hammadi.
Coptic Library- St. Luke`s, University of Exwter 3-5 September 1996.

مەعریفیی هونەری دیدەیی (چاوەکی)ی چینی بریتییە لە سرووشت، بەڵام ئەسڵی هونەری چاوەکیی ئیسلامی بریتییە لە ڕۆح[١].

هێڵ هاوشێوەیی ئەندازەیی و بایسگەرایی (عیللییەت) لۆژیکیی سادە ڕوون دەکاتەوە، کە بناغەی مەعریفیی بینشی گریکییە و دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ باوەڕی بە توانای سەروومرۆیی خۆی بێت و پێیوا بێت - پەنا بە خودا - هێزی خوداوەندیی تێدایە.

سرووشت تایبەتمەندیی گونجان و هاوئاهەنگی و پێکەوەبوون دروست دەکات لای مرۆڤ و وای لێدەکات زۆرتر سەرقاڵی تێفکرین و لێوردبوونەوە بێت لەو شتانەی لە دەورووبەریدا هەیە، ئەمەش مرۆڤ وا لێدەکات خۆی زۆر بە خاکی ببینێت و داکۆکی لەسەر گیانی دەستەجەمعی بکات، هەمیشەش کۆی کۆمەڵگای لا گرنگترە لە تاک.

بەڵام ڕۆح بابەتێکی ترە، لە ڕۆحەوە مرۆڤ دەچێتە دەرەوەی سرووشت و دەرەوەی لۆژیک، واقیع تێدەپەڕێنێت بۆ دەرەوەی سنووری واقیع و دەیەوێت بگاتە حەقیقەتێکی نەمر و سەرمەدی. کاتێک مرۆڤ وەک تاک بە چاوی سەری سەرنج دەدات، تەنها خۆی دەبینێت و دەوروبەری، بەڵام کاتێک ڕۆح دەڕوانێت، شتی تر دەبینێت، لێرەوە بەرپرسیاریەتیی تاک دروست دەبێت بەرامبەر جیهان، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت، چ لە ڕووی گەردوونییەوە بێت، مرۆڤ هەست بە خۆشەویستی دەکات، وەک ئاکارێکی پەروەردگاری، کە توانای بینینی

---

[١]سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێت لەم بارەوە: پەڕتووکەکانی فەرموودە، یان پەڕتووکی: محمد علي الصابوني، حكم التصوير في الإسلام- کە هەشت فەرموودەی صەحیح ی لە بوخارییەوە هێناوە، کە دەلالەتی قەطعی لەسەر حەرامکردنی پێچواندن دەکات.

پێ دەبەخشێت، بینینی جوانی و چێژوەرگرتن لە جوانی و لەوێشەوە ناسینی خودای گەورە.

ئێستا ئیشکالەکە لەوەدایە، بنەما مەعریفییەکانی هونەری هاوچەرخ لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بریتییە لە بنەما ڕۆژئاواییە ئیمپریالیستییەکان، کە ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ دیدگە و بینینی مەعریفیی ئیسلامیدا، چونکە کاتێک دەوترێت هونەرە جوانەکان - بە بەکارهێنانی ئاکاری: جوانەکان، ئیدی هونەر جیا دەبێتەوە لە دیزاین (التصميم)، وە جیا دەبێتەوە لە کۆمەڵگە و ژیانئامێزی (الحياتي) دوور دەکەوێتەوە و ڕۆڵێکی بناغەیی دەبینێت لە داکۆکیکردن لەسەر بیرۆکەی هونەرمەندی خۆپەرستی داهێنەر. لە ڕاستییشدا ئەم بیرۆکەیە هیچ پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نییە، چونکە بێگومان ئیسلام نایەوێت هونەرەکان و هونەرمەند کۆتدار و بەستراوە بکات، چونکە هەر تاکێک ئازادە لەوەی دەیکات و بەرپرسیشە وەک تاکێک بەرامبەر ئاین و ئوممەتەکەی خۆی و بەرامبەر خودای گەورە، هونەریش لە ئیسلامدا پەرستشیە و ژیانئامێزە (ژیانییە) پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بێت، واتا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پەرستن و ژیانەوە هەیە[١].

یەکێک لە نیشانە و تایبەتمەندییەکانی هونەری ئیسلامی بریتییە لە گواستنەوە لە نزم و بێنرخەوە بۆ گرانبەها[٢]، وەک بانگکردنێکی مرۆڤ بۆ بەرزکردنەوە و باڵابردنی ڕۆح و نەفسی مرۆڤ، لەوێشەوە بۆ ناسینی خودای بەدیهێنەر. "جۆن بیکویث"[٣] پێیوایە ئیسلام لە ڕووی

---

[١] عفيف بهنسي- جمالية الفن العربي.

[٢] الفن الإسلامي- ابوصالح الألفي.

[٣] أثر الفن الإسلامي في الفن الغربي الوسيط- جون بكويث.

زانســـتییەوە کـــاریگەریی لەســـەر ڕۆژئـــاوا دانـــاوە، بەڵام لە ڕووی جـــوانبینییەوە کـــاریگەریی لەســـەر دانەنـــاوە. لە ڕووی نەخشـــاندن و زەخرەفەیشـــەوە کـــاریگەریی لەســـەر دانـــاوە، بەڵام لە ڕووی تەلار و خانووسـازییەوە کاریگەریی لەسـەر دانەناوە. مانـای ئەمەش ئەوەیە، کە کاریگەرییەکە لە لایەنی زانسـتییەوە بووە، نەک لە لایەنـی فەلسـەفییەوە، ئەوەی پەیوەنـــدیی بە هـــونەرەوە هەیە، ئەوا کـــاریگەریی لە شـــێوازی وێنەکێشـاندا دانـاوە، نەک لە شـێواز و میتـۆدی تەلارسـازیدا. هەمـان نووســـەر ڕای خـــۆی بە چەنـــد نمـــوونەیەکی مێژوویـــی دەهێنێـــتەوە لە ســـەردەمی فەرمـانڕەوایی ئیسـلام لە ئەورووپـا، لە باشـووری ئیتالیـا و ئەندەلووس. وە کاریگەریی ئەو دوو مـاوەی دەسـەڵاتەی ئیسـلام لەسـەر وڵاتە جیاوازەکانی تری ئەورووپا.

ئەم جۆرە دیدگەیەش لە ڕووکەشدا وا دیارە، کە لایەنگریی تێدا بێت، بەڵام لە ڕاســـتیدا بابەتییـــانە قســـەی کـــردووە، چـــونکە کەوتـــنە ژێـــر کـــاریگەریی فەلســـەفییانەی دیـــدگەی مەعریفیـــی ئیســـلامی - کە ڕەنگـــی دەدایەوە لە تەلارسـازی و هـونەری ژیـانی ئەورووپییەکانـدا - شـتێکی ئەســـتەم (مســـتحیل)ە، چـــونکە ئەورووپـــا ئەوەی ڕەفـــز کـــردووە، کە بیرۆکەی ئوممەتی ئیسـلامی وەربگرێت، بەڵکو ئەوەی هەڵبژاردووە، کە ببێـتە (دار الحـرب). ئەمەش بەو واتـایەی، کە (دارالإسـلام و دارالحـرب) دوو دەربڕینن بۆ دوو دیدگەی مەعریفی، کە هەڵبژاردنی بەرپرسیارانەی جیاوازیان هەیە، مسوڵمانان ئەوەیان فەرز نەکردووە لەسـەر ئەورووپا، کە ببێتە (دارالحرب)، بەڵکو ئەوە خودی ئەورووپایە قەبووڵی نەکردووە ببێـتە (دارالإســـلام)، قبـووڵی نەکـردووە، کە بێـتە نـاو چوارچێـوەی لێبوردەیی ئوممەت، بەڵام سوودی لەو تـوخمە شـەکلانییانە وەرگرتـووە،

که گیـــان و وزەی جەنگینـــی پـــێ بەخشـــیوە، ئەوەش بـــووەتە هـــۆی بەهێزکردنـــی دیـــدگەی ئیمپێریـــالیی نێـــو نـــاخی، ئەوەش ســـەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتی یۆنانی کۆن.

یەکێـک لەو کێشـانەی، کە تووشـی تـوێژەری ئیسـلامی دەبێـتەوە، بـریتییە لە زۆر سـادەکردنەوە لە مـامەڵەکردن لەگەڵ بەرامـبەردا، بـۆ نمـوونە تـوێژینەوەیەکی دکتـۆر "مـوحەممەد کەمـال جەعـفەر" هەیە دەربارەی ڕەنگ لەژێر ناونیشانی "ڕەمزیەتی ڕەنگەکان لەناو ئایینەکاندا" "یەهوودیەت و ئیسلام"[١]. ئەوەش توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان ڕۆڵـی ڕەنـگ لە یەهوودییەتـدا و بەتـایبەتی لە ڕێـی تـوێژینەوە لەسـەر ڕێبازی "قوبالی[٢] حلوولی کومموونی[٣]" و لە نێوان دیدگەی ئیسلامدا بۆ ڕەنـگ، وەک جیهانێک کە لەلایەن خـودای گەورەوە دروسـتکرابێت، نەک وەک ڕەمزێک بۆ زاتی باڵای خودا، یان بۆ ئاکار یان تایبەتمەندیی خودا. سرووشـتی گشـتیبوون زاڵە بە سـەریدا، جیاوازیی نەکـردووە لە نێوان: یەهـوودیەتی کتێبـی و یەهـوودیەتی قەرائـیم (تەنـاخی یـان عەنـانی [٤]) و یەهوودیەتی قوبالی حلوولی، ئەمەش ئاسۆیەکی مەترسیداری هەیە، کە لەنێو توێژینەوە ئیسلامییەکاندا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەو بوارانەدا، کە

---

[١] رمزية الألوان بين الأديان – اليهودية والإسلام – محمد كلام جعفر.

[٢] قبالـة يـان القبلانيـة: ئەو بـاوەڕ و لێکـدانەوە ڕۆحـی و فەلسـەفییانەیە، کە لەنێـو یەهوودییەکاندا لە کۆنەوە هەبووە بۆ واتاکانی ژیان و گەردوون و بابەتەکانی پەیوەست بە خودا، پتر وەک لایەنی باطنی تەوارات و ڕێنومابییەکانی ئاینی یەهوودی دەرکەوتووە و سوودی لێ وەرگیراوە. (و).

[٣] الحلولية: باوەڕ بەوەی کە خودا دەچێتە نێو جەستەی هەندێک لە مرۆڤەکانەوە. (و).

[٤]قەرائـیم: ئەو کەمیـنە یەهوودییـانەن باوەڕیـان بە لێکـدانەوەکانی تەوارات نیـیە کە لە کتێبەکانی میشنا و تەلمووددا تۆمار کراون. (و).

له سەردەمی نوێدا لەسەری نەنووسراوە وەک توێژینەوەی هونەری، کاتێک دەبینین توێژینەوە ئیسلامییەکان هەمیشە هەر شتێک، کە ناوی ئیسلامی پێوە نووسێنرابێت پیا هەڵدەدەن، ئیدی سەرنجی ئەوە نادەن، کەوا ڕەها و ڕێژەیی جیا بکەنەوە، وە دەقی پیرۆز و لێکدانەوەی مرۆڤ جیا بکەنەوە، هەروەها ئەم توێژینەوانە هەر شتێکی ناوی نائیسلامی بێت، یان ئیسلامی لەسەر نەبێت پشتگوێی دەخەن، یان لەبیریان دەچێت، دیارە ئەمەش هەڵەیە، چونکە خودی ئیسلام بریتییە لە تەواوکەری پەیامەکانی تر، واتە پەیوەندییەکی بەردەوام هەیە لە نێوانیاندا، زنجیرەیەکە و سەرچاوەیەکی خوداوەندیی پڕبەهرەیە و ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهانیان.

هەر لەم بوارەدا توێژینەوەیەکی گرینگی دکتۆرە "زینب عبدالعزیز[1]" هەیە بە ناوی "ئیسلام و هونەری شێوەکاری"[2]، کە دیدگە و سەرنجێکی پیلانگێڕباوەڕیی سادەیە، دەیەوێت پەیوەندییەک دروست بکات لە نێوان بڵاوبوونەوەی ڕا و بۆچوونی حەرامکردنی وێنەکێشان لەلای فەقیهە دواییینە مسوڵمانەکان (الفقهاء المتأخرين) و لە نیوان جوولەکەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا، کە ڕۆڵێکی دیار دەبینن لەو موئامەرە گەردوونییە گەورەدا، کە لە ئارادایە.

[1] زینب عبدالعزیز: دکتۆرای لە سۆربۆنی فەرەنسا هێناوە و مامۆستای شارستانێتی و ئەدەبی فەرەنسی بووە لە زانکۆی قاهیرە. نزیکەی ٣٠ پەڕتووکی لە بوارەکانی هونەری هاوچەرخ و و بەرگری لە ئیمان و ڕەخنە لە ئیلحاد و مەسیحییەت هەیە. خاوەنی باشترین وەرگێڕانی قورئانە بۆ زمانی فەرەنسی. شێوەکارە و پتر لە پەنجا پێشانگای تاکەکەسی و هاوبەشی لە دەرەوە و ناوەوەی میسر کردۆتەوە. (و).

[2] الإسلام والفن التشكيلي – زينب عبدالعزيز.

دکتۆره زەینەب دەیەوێت بەوە دەست پێ بکات، کە لە ئیسلامدا ئەسڵ لە هەموو شتێکدا حەڵاڵبوونە، پاشان باس لەوە دەکات، کە لەلای جوولەکەکان لە "وەسیەتی دووهەم"دا بڕیار دراوە لەسەر حەرامیی وێنەکێشان، جوولەکەکانیش بە وێنەکێشان و بە هەڵکۆڵین سەرپێچی ئەم وەسیەتە و ئامۆژگارییانەیان کردووە. باسیش لەوە دەکات، کە چۆن جوولەکەکان هەوڵیان داوە لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا ئەو ڕێباز و ڕێچکە توندڕەوانە بڵاو بکەنەوە، کە دەبێتە هۆی تێکدان و لەناوبردن و ڕووخاندن و فەوتاندنی ڕۆحی هونەر.

گرنگیی نووسینەکەی لەوەدایە، کە توێژینەوەیەکە نموونەگەرێتییەکی تەواو زاڵە بەسەریدا، چونکە نموونەیەکی پاڵفتەیە بۆ هزری پیلانباوەڕیی کە هەژموونی بەسەر واقیع و دیدگە و سەرنجی مەعریفیدا فەرز کردووە، تا گەشتۆتە سەلماندنی ئەو ئەنجامەی، کە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکردووە وەک گریمانەیەک، کەواتە نەیتوانیوە لەژێر هەژموونی گریمانەکەی سەرەتادا دەرچێت. هاوکات هۆکار و ئەنجامی هۆکارە (سەبەب و موسەببەبیشە)، بایس و ئەنجامی بایسە (عیللە و مەعلوولە)، ئەم توێژینەوەیە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ورد هەیە، وە نموونەیەکی گرنگی بیرکردنەوەیە و پێویستە بەجوانی بخرێتە ڕوو.

ئەوەی ئێمە لێرەدا، وەک بیرۆکەیەکی بناغەیی دەمانەوێت باسی بکەین، بریتییە لە فرەیی لەناو میتۆدی ئیسلامییدا، هەروەها قبووڵکردنی لایەنگریی جۆراوجۆر، کە لە بناغەو ناخی هەر یەکێک لە ئێمەدا هەیە و پایەیەکی تۆکمەیە لە پێکهاتەماندا، هەر وەک دکتۆر "عبدالوهاب

المسيري[1]" له پێشەکیی پەڕتووکەکەیدا بە ناوی "مَوسوعة اِشكالية التَحَيُز"[2] دەڵێت: ئێمە بێگومان لایەنگریمان هەیە بۆ دیدگە و بۆچوونێکی مەعریفیی تایبەت و دیارییکراو، هەمیشە بەوە دەست پێدەکەین، کە شتێک بێت پشتیوانی لەو سەرنج و دیدگەیەمان بکات، بەڵام ئەمە وا ناکات، کە دیدگە و بینینی تری مەعریفی نەبێت لەناو چوارچێوەی ئیسلامیدا، دوور یان نزیک لە دیدگەی مەعریفیی خۆمان.

ئەگەر بگوێزینەوە بۆ بابەتی تەلارسازی، ئەوا لە توێژینەوەیەکی دکتۆر "ڕاجی ئیسماعیل فاررووقی"دا، کە بە ناوی "ئیسلام و هونەری تەلارسازی"ەوەیە[3]، دەبینین دیدگەی مەعریفی لە هونەری تەلارسازیی ئیسلامیدا لە سەرچاوەی بیرۆکەی نموونەگەراییەوە دەست پێدەکات، بەو پێیەی کەوا نموونەی یەکەمین و بناغەی تەلارسازیی ئیسلامی - کە بەڕوونی و ڕێکوپێکی دیارە وە پەیوەندییە لە نێوان بۆشایی و بونیادناندا - بریتییە لە مزگەوت، هەموو مزگەوتەکانیش نموونەیەکی سەرەتایی و یەکەمینیان هەیە، کە بریتییە لە مزگەوتی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) لە مەدینەی مونەوەرەوە.

لەسەر هەمان ئاراستە و بۆ ڕاکردن لەبیر و هزرە باوەکان، دەربارەی شێوازە جیاجیاکانی تەلاری ئیسلامی و دەسپێکردن لە

[1]عبدالوهاب المسيري: نووسەر و کۆمەڵناسی بەناوبانگ و چالاکی میسری. لە ١٩٣٨ز لەدایک بووە و لە ٢٠٠٨ز کۆچی دوایی کردووە. لە بوارەکانی ئەدەب و هزر و مێژووی جوولەکە و یەهوودییەت و ئیسرائیل و عەلمانییەتدا نووسینی هەیە. پتر لە پەنجا پەڕتووکی بە عەرەبی و شەش پەڕتووکی بە ئینگلیزی هەیە و وەرگێڕان و توێژینەوە و وتاری هەبووە. (و)

[2] إشكالية التحيز – المعهد العالمي للفكر الإسلامي ونقابة المهندسين- القاهرة ج١. ١٩٩٥

[3] الإسلام وفن العمارة- اسماعيل راجي الفاروقي.

سەرچاوەی قورئان و سوننەتەوە" سوهەیر موحەممەد حیجازی" لێکۆڵینەوەیەکی جوان و ڕێکوپێکمان پێشکەش دەکات[1]، ئەو بناغانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پێویستە ماڵی لەسەر بونیاد بنرێت بەپێی ڕێنماییەکانی ئیسلام، کە لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وەرگیراوە. ئەم خانمە توێژەرە چەند ڕێنماییەکیی دیاریکراومان بۆ باس دەکات بۆ نەخشە و دیزاینی ماڵ بەپێی ڕێنموونییەکانی ئیسلام، کە ئەمانەن:

١- ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی و سنوورەکان و مرۆڤایەتی.

٢- داپۆشینی عەورەت (ئەوەی دەرخستنی لە شەریعەتدا قەدەغەیە).

٣- ڕەزامەندیی و ئارامیی دەروونی بۆ ئەو کەسەی تێیدا دەژی.

٤- ڕەچاوکردنی دراوسێیەتی.

٥- دوورکەوتنەوە لە هەڵەخەرجی (ئیسراف).

٦- داکۆکیکردن لەسەر ڕێزگرتنی وردەکاریی و جوانی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە و توانیویەتی دۆخی ئاسایی و باو تێپەڕێنێت. سەرچاوەکەشی زەمینەی ڕاستەقینەی دیدگەی ئیسلامییە، لەو شوێنکەوتەگەراییانە دەردەچێت، کە پەیوەندیی بە تەلارسازیی ئیسلامییەوە هەیە، چونکە هەمیشە تەلارسازەکان کاتێک باس لە شێوازی تەلارسازیی ئیسلامی دەکەن، باس لە سیستەمێکی ئیسلامیی فرەشێوازی ناکەن، بەڵام ئەم توێژەرە سیستەمێکی فرەسرووشتیی باس کردووە، باس لە بناغە مەعریفییەکانی تەلار دەکات، لەوێشەوە

---

[1] سهير محمد حجازي – دراسة التحيز في التصميم المعماري خ٢٩١- في إشكالية التحيز ج١ – تحرير عبدالوهاب المسيري – المعهد العالمي للفكر الإسلامي – القاهرة ١٩٩٥.

جێبەجێکردنەکـــانی و کردەییکردنەکـــانی لە هەر وڵاتێکـــدا بەپێـــی تایبەتمەندیی کولتووریی ئەو وڵاتە باس دەکات.

لێکۆڵینەوەکە تەنها خستنەڕوو و ڕەخنە نییە، بەڵکو دەگاتە ئەوەی پێشنیازی چارەسەر بکات، هەروەها پێیوایە هەڵە و ناتەواویی پراکتیکی لە یاساکانی بیناسازیی ئێستادا هەیە. توێژینەوەکە باس لە نموونە و سەرمەشق دەکات و پێویستی بەوە هەیە، کە بەوردی بخوێندرێتەوە و پەیگیری بکەیت، دەتوانیت پوختەیەکی ئەم لێکۆڵینەوە لە توێژینەوەیەکی تـــردا دەســـت بکەوێـــت، کە خـــودی تـــوێژەر لە ڕوانـــگەی ئیشـــکالیەتی لایەنگری (إشكالية التحيز)دا بە ناوی: "توێژینەوەی لایەنگری لە دیزاینی تەلارسازیدا" باسیکردووە .

دیارە هەوڵێک هەیە بۆ دیارییکردنی ناسنامەی سیستەمی ئیسلامی بۆ نیشانە دیار و بەرچاوەکانی تەلارسازیی و نەخشاندن (زەخرەفە). پرۆفیسۆر " ئۆڵگ گرابار [1]"لەژێر ناونیشانی "ڕەمزەکان و نیشانەکان لە هەندەسەی تەلارسازیی ئیسلامیدا"[2]، کە باسێکی پێشەنگە لە بوارەکەی خۆیـــدا، ڕۆدەچێـــت بـــۆ نـــاو ســـیمانتیکای ڕەمـــزە بینراوەکـــان. لەگەڵ داکـۆکییکردنی بە شـێوەیەکی ڕوون لەســـەر تێـپەڕین و دەربـــازبوونی ئیســـلام لە ڕەمـــزی دینـــی، بەهـــۆی ئەو سرووشـــتە تێکشـــکێنەرەی، کە هەیەتی بۆ بتەکان (Iconoclastic)، ئیسلام وەکو ئایینێک ڕەمزێکی چاوەکیی دیارییکراوی نییە، کە پێویستی بە ئەوە هەبێت ببێتە سەرچاوە

[1] ئۆڵـگ گرابـار (١٩٢٩- ٢٠١١ز): پســپۆڕی بـواری مێـژووی هـونەر و ئەکیۆلۆجیســتی ئەمریکـی بە ئەسـڵ فەرەنسـی. گەلێـک نووسـینی هەیە لە بـواری هـونەر و ئەنـدازیاری ئیسلامیدا. (و)

[2] رموز وعلامات في الهندسة المعمارية الإسلامية – اولج جرابار.

وەک شـتێکی بینـراو، چـونکە ئیسـلام ئەم تایبەتمەنـدییەی تێپەڕانـدووە. ئەوەتـا سـەرزەمینی خـودای گەورە هەمـووی هەر مـزگەوتە بـۆ مسوڵمانان، ناشتوانرێت بوترێت، کە منارە یان شوێنی بانگدان بکرێتە ڕەمزێکی دیدەیی (چاوەکی). هەروەها لەم بوارەدا دیدگایەکی تایبەت هەیە و پێیوایە منارە پەرەپێدانێکە بۆ ستوونی فیرعەونی، بەڵام ئەم بۆچوونە بەڕوونی لاوازیی پێوە دیارە، چونکە لە هەموو کون و قوژبنێکی سەرزەویدا، منارە بڵاو بووەتەوە[1].

تـوێژینەوەکە گـرنگە، لێکـۆڵینەوەش لە بـواری نیشـانەگەرایی و سیمانتیکای[2] چاوەکییدا، هەروەها هێرمۆنۆتیکای[3] تەئویلی بۆ ڕەمزە ئیسلامییەکان. هێشتا لە بێشکەدایە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆرە، تا بەرەوپێش ببرێت.

---

[1] Farag Fouda- index on Censorship Vol. 21No. 7July/ August 1922 Sectarianism-p.90

هەروەها هەبوونی بورجی کەنیسە و زەنگەکانی لە هەموو شوێنێکی سەرزەویدا ئەم ڕایە دەخاتەوە بە درۆدا، بیرۆکەی سەرکەوتن بۆ ئاسمان توخمێکی بناغەییە لە توخمەکانی بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆیی لە هەموو شوێن و کاتێکدا، ئەویش بیرۆکەیەکی حلوولی ئاراستەیە، هەر وەک لە سوورەتی (غافر٣٦) دەفەرموێت: (وقال فرعون یاهامان ابن لي صرحا لعلي ابلغ الأسباب). بەڵام منارەی مزگەوت ڕۆڵێکی ئەرکداری و ژیانئامێزی دەبینێت و ئیدی دەبێتە توخمێکی بناغەیی لە توخمەکانی تەلاری ئیسلامی. لێکچوون لێرەدا تەنها لە شێوەدایە، ئەوەش بەهۆی جیاوازیی ئەرکەکان و ئەسڵە مەعریفییەکەی هەریەک لە توخمەکانی تەلارەکە.

[2] سیمانتیکا یان سیمانتیکس: زانستی دیلالەت، کە گرنگترین بەشەکانی زمانناسیی هاوچەرخە. (و).

[3] هێرمنۆتیکا: زانستی لێکدانەوە و تەئویلی دەق بە دەرهێنانی دەق لە ناوکۆ مێژووییەکەی. (و)

"نجم الدين بامات" دیدگەیەکی نموونەگەرایی تەلارسازیی ئیسلامی باس کردووە، لە ڕێگەی نموونەی یەکەمینی مزگەوتەوە، وەکو تەوەرێک و میحوەرێکی چەقئاسای ژیانی ئیسلامی و وەک نموونەیەکی ئیسلامی بۆ دووبارەبوونەوە و دۆزینەوە. وە لەو باسەیدا، کە تویژینەوەیەکە بە ناوی "هونەر لە کۆمەڵگە و کولتووری ئیسلامدا"[1]، بانگهێشتمان دەکات بۆ خۆڕزگارکردن لە لایەنگریی شوێنکەوتەیی و تەقلیدی لە دیدگای هونەری ئیسلامیی چاوەکیدا، داوا دەکات ڕێگایەک بگرینە بەر، کە ئەو هونەرانە لە چوارچێوەی مەعریفیی خۆیاندا سەیر بکرێن.

نووسەرێکی تر بە ناوی "ثروت عكاشة[2]" لەژێر ناوونیشانی: "بەهای جوانی لە تەلاری ئیسلامی[3]"دا، باس لە پەرەسەندنی مێژوو و جوگرافیای تەلاری ئیسلامی دەکات لە وڵاتە جیاوازەکاندا. دەیەوێت توخمەکانی یەکێتیی نێو ئاکارە ئیسلامییەکان ببینێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو توخمی فرەیی و جیاوازییەوە، کە لە شێوازی کاری تەلارسازیی تایبەت بە هەر وڵاتێک لە وڵاتە ئیسلامییەکانی ئوممەتی ئیسلامیدا هەیە.

وە ئەم دیدگە و سەرنجەش گرنگە و لەگەڵ عەقیدەی یەکتاپەرستیدا لە ڕێگەی فرەیی و فرەجۆرییەوە پێی دەگەین، هەر وەکو شاعیری سۆفی دەڵێت:

---

[1]نجم الدين بامات- الفنون في مجتمع وثقافة الإسلام.

[2]ثروة عكاشة (١٩٢١ – ٢٠١٢ز): لە بواری سەربازیدا خوێندوویەتی و دکتۆرای ئادابی لە سۆربۆن وەرگرتووە. لە شەستەکان و حەفتاکاندا ماوەیەک وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بووە لە میسر. هەندێک بەرهەمی لە بواری مێژووی هونەری ئیسلامی و بواری شانۆ و ڕۆشنبیریدا هەیە. (و)

[3]ثروة عكاشة – القيمة الجمالية فه العمارة الإسلامية.

وفِي كلِّ شَيء لَهُ آيَة      تَدُلُ عَلى أَنَّهُ الواحِدُ[1].

واتە: لە هەموو شتێکدا نیشانەیەک هەیە، کە بەڵگەیە لەسەر تاک و تەنهایی خودا.

لە دیدگەیەکی نوێدا، کە دەیەوێت ئەو تەلارە ئیسلامییەی لەسەر بناغەیەکی مەعریفیی جیاواز دانراوە بکاتە جێگرەوە و ئاڵتەرناتیڤێک بۆ تەلارسازیی عەلمانی (لائیکی) هاوچەرخ و باوی ئێستا. "س. حیدر" دەڵێت: تەلاری ئیسلامی پێویستە ڕەچاوی ئەو گوتەزا بناغەییە بکات، کە ڕۆڵی مرۆڤ لەسەر زەویدا وەک ئیسلام دیاری کردووە بە جێنشینی خودا، کەواتە پێویستە تەلار جۆرێک بێت لە بانگهێشتکردنی مرۆڤ بۆ پەرستنی خودا و هاوکات سوودی مرۆڤیش[2].

یەکێک لە تویژینەوە گرنگەکانی بواری دیدگەی ئیسلامی بۆ تەلارسازی، تویژینەوەی دکتۆر" محمد عبدالستار عثمان[3]"، کە لە "موسوعة اشكالية التحيز"دا بڵاوی کردووەتەوە بە ناوی "میتۆدی ئیسلامی بۆ تویژینەوە لەسەر مەدەنیەتی ئیسلامی"، باس لە چۆنیەتیی بونیادنانی شار دەکات لە ڕێگەی سەنتەرەکەیەوە ، کە مزگەوتە، پاشان سەنتەری دونیایی، کە "دارالامارة[4]"یە. وە چۆن ئەم دوو سەنتەرە لە ڕۆژی هەینیدا بە یەک دەگەن لە حاڵەتی نوێژدا. تویژینەوەکە باس لە

---

[1] احمد بهجت- في رحاب الله – المختار الإسلامي – ت٢ ١٩٧٨. القاهرة ص١٤٥.

[2] س. حيدر – الفن الإسلامي – نموذج توجيهي.

[3] محمد عبدالستار عثمان: زانای شوێنەوارناس و نووسەری میسری، دکتۆرای لە شوێنەواردا هەیە و مامۆستای زانکۆکانی میسر بووە. ساڵی ١٩٥١ز لە میسر لەدایک بووە. (و)

[4] دار الإمارة: لە سەردەمی ڕابوردوودا شوێنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبەریی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەمیرەکان بووە لە نێو شاردا. وەک پارێزگای ئێستا. (و)

چەند نموونەیەکی پراکتیکی دەکات لە قاهیرە و بەغداد و قورتووبە. تویژینەوەکە بانگمان دەکات بۆ ئیجتهادکردن لە بواری نەخشەی شارەکاندا بە شێوەیەکی ئیسلامی، کە دیدگە و بینشی لائیکیی هەندەسەی لائیکی تێبپەڕێنێت[1].

یەکێکی تر لە تویژینەوە گرینگەکان لە بواری هونەری چاوەکیدا، بریتییە لە تویژینەوەی بەراوردکاری، تویژینەوەیەکی جوان هەیە، بە ناوونیشانی "کاریگەریی قیبطی لەسەر هونەری ئیسلامیی جیاواز لە میسر"، کە دکتۆر "زکی محمد حسن[2]" نووسیویەتی، بەراوردێکی جوانیش دەکات لە نێوان کاریگەریی "قبطی[3]" لە هونەرە جیاوازە ئیسلامییەکانی ناو وڵاتی میسردا، لە تەلار و پیشە و وێنەکێشان و ڕەنگ و زەخرەفە و نموونەی تریش. گرینگیی ئەم تویژینەوەیش لەوەدایە، کە باس لەم کاریگەرییە سەرتاپاگیرە دەکات، لە ڕێگەی هەموو جۆرە هونەرییەکانەوە، چ وێنەکێشان و کاریگەربوونی بە وێنەکێشانی قیبطی، پاشان پیشەکان و تەنانەت تەلارسازی. پاشان باس لە منارەکان دەکات، کە چۆن سوودیان لە بورجەکانی کەنیسەکان وەرگرتووە،

---

[1] محمد عبدالستار عثمان – نحو منهج اسلامي لدراسة المدينة الإسلامية ص٣٤٩. في اشكالية التحيز ج١ – تحرير عبدالوهاب المسيري – المعهد العالمي للفكر الإسلامي، القاهرة – ١٩٩٥.

[2] زکی محمد حسن (١٩٠٨ – ١٩٥٧ز): زانایەکی دیاری شوێنەوارناسی میسرییە. هەندێک پەڕتووک و تویژینەوەی مێژوویی و شوێنەوارناسانەی بەرنرخی هەیە، لەسەر هونەری ئیسلامی پەڕتووکی بەنرخی هەیە. (و)

[3] قیبطی: ئێستا بە مەسیحییەکانی میسر دەوترێت، کە کەنیسەی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام بۆ گەلانی میسری کۆنیش بەکار دێت، کە پێش فەتحی ئیسلامی لە میسر بوون. (و).

ئەمەش تیۆرییەکە هەندێ کەس دەیگەڕێنێتەوە بۆ ستوونی میسری. هەر وەک پێشتر باسمان کرد و ڕەتمان دایەوە.

ڕەنگە جوانترین نموونەمان بۆ بیرۆکەی بیرمەندی سویدیی بەناوبانگ "یان میردال" دەربارەی شوێنی پیرۆز، کە بەردەوام بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، شوێنی دێرینەی "ئەلبەهەنساء" لە دەوروبەری شاری "مینیا"ی میسری سەنتەری "بەنی مەزار"، کە پەرستگایەکی فیرعەونی کۆنی تێدا بووە لەسەر ئەو پەرستگایەدا، پەرستگایەکی تری ڕۆمانییش - کە پاش ئەوان هاتوون - بونیادنراوە، پاش ئەویش کەنیسەیەکی قیبطی بونیادنراوە، پاشان بەسەر ئەودا مزگەوتێکی ئیسلامیی تێدا دروستکراوە، کە بە شێوەیەکی پلە بە پلە بەرەو سەرەوە زۆر جوان هەستی پێ دەکرێت، ئەمەش لە ناوجەرگەی ئاوەدانی و شوێنی نشینگەی خەڵکدایە و هەمیشە سوود لە هونەری تەلارسازیی جیاواز و پاشماوەی پەرستگای پێشوو وەردەگیرێت بۆ ئەو پەرستگایانەی، کە بەشوێن ئەوانەی پێشوودا دێن، هەر وەک چۆن دەبینین لە مزگەوتی "أبو الحجاج الأقصري" لە شاری "الأقصر"ی میسر، کە لەسەر پاشماوە و کەلاوەی پەرستگایەکی کۆنی شاری "أقصر"دا هەبووە و لەسەر ئەوە بونیاد نراوە. هەروەها دەبینین مزگەوتی گەورەی شاری مینیا لە میسر، کە لە سەردەمی "فاطیمییەکان[1]"دا دروستکراوە، پایە جیاوازەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین پەرستگای پێش ئایینی ئیسلام. هەروەها دکتۆر زەکی باسی کاریگەرییەکانی ڕەنگمان بۆ

[1] الفاطمیة یان العبیدیة: دەسەڵاتی شیعەی ئیسماعیلی لە باکووری ئەفریقیا و هەندێک بەشی شام و حیجاز. بەگشتی لە (٩٠٩ز) تا (١١٧١ز) دەسەڵاتیان هەبووە. بە دەستی سەرکردەی مەزن صلاح الدینی ئەییوبی کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هێنا. (و).

دەکات، لەسەر ناخی هونەرمەندی میللی مسوڵمان، کاتێک دەبینین کە ڕەنگی سوور وەک ڕەنگێکی گەش و ئاڵ بەردەوام هەر لە سەردەمی قبطییەکانەوە، تا سەردەمی مسوڵمانان دەرکەوتووە و هەستی پێدەکەین لە ڕازاندنەوە و نەخشونیگاری ئیسلامیدا لە وڵاتی میسردا، بەتایبەت لەو شوێنەوار و پاشماوانەی، کە میللین و لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە دروستکراون.

هەر لەم بارەیەوە توێژینەوەیەکی زۆر گرنگمان هەیە بە زمانی ئینگلیزی، کە بە "قەڵەمی ڕیچارد ئیتینگهاوزن[١]" نووسراوە بە ناوی: "Arab Paintng[٢]"، (مەبەستی لە وشەی عەرەب: مسوڵمانانە - و-)، یان هونەری وێنەکێشانی ئیسلامی، کە باسێکی مێژوویی شیتاڵکاریی دەکات بۆ هونەری وێنەکێشان لە سەردەمە سەرەتاییەکانی هاتنی ئیسلامدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە وێنەکێشان لە سەردەمی ئومەوییەکاندا و لە تەلارسازیی کۆشکەکانیاندا، کە لەشام و لە مزگەوت و باڵاخانە گەورەکاندا لەژێر کاریگەریی هونەری ڕازاندنەوە و مینیاتۆری بیزەنتییەکان و هونەری ڕۆمییەکاندا بووە، کە لەو سەردەمەدا باو بووە.

لەو توێژینەوانەشدا لەسەر هونەری دیدەیی و چاوەکی (بصري) کراون، چەن توێژینەوەیەک دەبینین، کە باس لە هونەری دیدەیی جیاواز دەکات، بۆ نموونە بیرمەندی ئەڵمانیی بەناوبانگ (ئان ماری شیمل[٣])ە، کە

[١] ڕیارد ئیتینگهاوزن (١٩٠٦ – ١٩٧٩ز): پسپۆڕی مێژووی هونەری ئیسلامی. سەرەتا لە ئەڵمانیا و پاشان چۆتە ئەمریکا. (و)

[2] R. Eitenghausen – Arab painting –op. cit

[٣]خانم ئانا ماری شیمل (١٩٢٢ – ٢٠٠٣ز): یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییە ناسراوەکان لەسەر ئاستی جیهان. (و).

عاشــقی کــاره هــونەره ئیســـلامییەکان بــووه و فەیلەســـووف بـــووه، نووســینێکی هەیە بە ناوونیشــانی "بەهەشــتی دوارِۆژ لە ئیســلامدا"[١]. ئەم تــــوێژینەوە گرنـــگ و جـــوانە بــــاس لە هـــــونەری هاوئـــاهەنگی و پێکەوەگونجـانی باخچەکـان دەکـات، پێیـوایە ئەم هـونەری ڕێکخسـتنی باخچـــانە، لە هاوئاهەنگییەکەیـــدا ســـوودی لە نمـــوونەی قورئـــانی وەرگرتووە، کە وێنـای بەهەشـت و چـوار ڕووبـارەکەی کـردووە، پاشـان بۆتە سەرچاوەیەکی ئیلهام بۆ ئەندازیارەکان، لە وێناکردنی ئەو جۆگە و کەناڵە ئاوییە ڕێکوپێکانەی لە باخچەکانی ناوچەکانی ئێران و و هیندی ئیسلامیدا دەیبینین. توێژینەوەکە پڕە لە نموونەی تەفسیری سۆفیگەری بۆ ڕەمزە بینراوەکان لەنێو باخچەکاندا. بۆ نموونە سووڕی ژیان، کاتێک کە زەوی لەگەڵ بەهـــاردا دووبـــارە دەژییـــتەوە، چـــۆنیش ئەمە دەبێـــتە بەڵگەیەک لەسـەر زیندووبوونەوە و پاشـەڕۆژ. وەکو نمـوونەی ڕەمـزی گوڵی سووری ئاڵ، کە شێوەی وەک کڵپەی ئـاگر وەهـایە، چۆن دەکرێت پەیوەندیی بۆ دروست بکرێت لەگەڵ ئـاگری ئیبراهیمـدا، کە "**بردا وَ سَلاما**" بوو و نەیسووتاند.

ماری شیمل بەو ڕەمز و تەفسیر و مێژووانەدا دەمانبـات کە باسـی دەکات، دەمانگەیەنێتە دیدگەیەکی مێژوویی فەلسەفیی زمانەوانی، کە بۆن و بەرامەیەکـی سـۆفیانەی تێـدایە، تـا پێمـان بڵێـت چـۆن مسـوڵمانەکان سەرنجیان لە جوانی داوە و کردوویانەتە ڕێگایەک بۆ ئەوەی کە بیکەنە عیبادەت، وەک چەمکێک کە دۆخی ئـاسایی تێپەڕاندووە و مـرۆڤ بەرەو ناسینی گەورەیی خودای گەورە دەبات.

---

[١]محمد زكي حسن – التأثيرات القبطية في الفنون الإسلامية المختلفة في مصر.

هەروەهـــا تـــوێژینەوەیەکی ترمـــان هەیە، کە لەلایەن "تیتـــۆس بورکـات"ەوە نووسـراوە، بە نـاوی "هـونەری زەخـرەفەی ئیسـلامییە"، کە بـاس لە هـونەری ئارابێسـک دەکـات بە یەکە تەجریـدی و ڕووەکـی و ئەنـدازەییە پـڕ لە دووبـارەبوونەوە بێکۆتاکـانیەوە، وە تەرکیـز لەسـەر بیـرۆکەی دووبـارەبوونەوەی دەکـات و پەیوەنـدیی لەگەڵ تەسـبیحات و تەحمیـددا (زیکـری الحمـد للـه و سـبحان اللـه)، هەروەهـا چەمکـی یەکتاپەرسـتی، کە لە پشـت بیـرۆکەی دووبـارەبوونەوەی زەخـرەفەی خاوەن یەکە سادەکان[١].

ئەگەر بگـوێزینەوە بـۆ بـابەتی حـوکمی ئیسـلام دەربـارەی هـونەرە بیناییەکـان لە ڕووی حەڵاڵ و حەرام و لە ڕێـی چەنـدین هەڵوێسـتەوە، ئەوا گەلێـک ڕای جیـاوازی فەقیهەکـان دەبینـین. گرنـگ ئەوەیە کە یەک دیـدگەی مەعریفـی هەیە لە پشـت ئەم ئەحکامـانەوە، ئەویـش بـریتییە لە حەرامکردنی پێچواندن، بۆیە هەر شـتێک گومـانی پێچواندنی لێ بکرێت، ئەوا بەڕوونـی بە حەرام دادەنرێت، وێنەکێشـانیش هەر لەم سـۆنگەیەوە حەرام دەکرێـت، ئەوەتـا نـاوی (المصـور) یەکـێکە لە نـاوە جوانەکـانی خودای گەورە، کەواتە دەلالەتی سـەرەکیی وشـەکە بـریتییە لە بەدیهێنـان لە نەبوونەوە (الخلق)، بۆیە بەکارهێنانی ئێستا و هاوچەرخی ئەم وشـەیە بەتەواوی جیـاوازە لە بەکارهێنـانی ڕابـردووی، ئەوانـیش ڕایـان لەسـەر حەرامکردنیەتـی، ڕێکـاری کەلێنگیـری (سـد الثغـرات) و نەهێشـتنی گومانەکان (درء الشبهات)ە، چونکە باوەڕیان بە احـوط و دوورکەوتـنەوە لە کردنەوەی دەرگای گومانەکان.

---

[١] آن ماري شيمل- جنة الآخرة في الإسلام.

دکتۆر "نذير العظمـة[1]" لەم بارەوە توێژینەوەیەکی بەنرخی هەیە، کە لە "کۆنگرەی لایەنگیری"دا لە قاهیرە پێشکەشی کرد، لە مانگی شوباتی ١٩٩٢دا، کە لەژێر چاودێریی "نەقابەی ئەندازیاران و پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامی/ نووسینگەی قاهیرە بەسترا و لە "ئەنسایکۆلۆپیدیای ئیشکالییەتی لایەنگیری" و لەژێر ناوونیشانی (ئیشکالیەتی وێنە لەنێوان هزر و هونەردا) بڵاوکرایەوە، دەیەوێت تایبەتمەندییەکانی ئەو هونەری بینـاییەی، کە لێکچواندن دەنوێنێت، دکتـۆر وەک خـۆی دەڵێـت، تایبەتمەندیی سێبەری دۆزیوەتەوە و پێیوایە، کە هەر شتێک سێبەری هەبێت حەرامە، چونکە چواندنە بە بەدیهێنراوەکانی خودا (التشبيه بخلق الله)[2].

پێویستە سوپاسی ئەم هەوڵەی بکرێت، کە ئیجتیهادێکی بەنرخە - گەرچی هاوڕای نین-، چونکە هەرکەس گومانی پێچواندنی لە هەر کارێکی دیدەیی (چاوەکی) هەبێت پێویستە بە حەرامی بزانێت، لێرەوە هەموو ئەو هەوڵانەی دەیەوێت تایبەتمەندیی دیاریکراوی پێچواندن بدۆزێتەوە، بەدڵنیاییەوە دەکەوێتە داوی سنووردارکران نەک خاوەنسنوور، بەو واتایەی هەمیشە ڕەخنەیەک هەیە لە یاسای هەڵقوڵاو لە ئیجتیهادی مرۆڤ، ئەم ڕەخنەیەش بەهۆی سنووردارbوونیەوەیە، بەڵام یاسای ئاسمانی هەمیشەیی و ڕەهایە، بەهۆی سنووربوونیەوە، بە واتای ئەوەی: ئەوەی فەرزی دەکات ئەو سنوورانەیە، کە قابیلی تەفسیر

[1] نذير العظمـة: شاعیر و ئەدیبی عەرەبی، لە سوریا لە ١٩٣٠ز لە دایکبووە. دکتۆرای لە ئەدەبدا لە ئەمریکا وەرگرتووە و ماوەیەک لە زانکۆکانی ئەمریکا وانەی هەبوو. جگە لە دیوانە شیعرییەکانی هەندێک نووسراوی ئەدەبیی هەیە. (و)
[2] تينوس بوركارت – فن الزخرفة العربي.

و ئیجتیهادی مرۆڤە و ئەو ئەحکامانەشە، کە قابیلی تەئویل نین و یەکلا بوونەتەوە. پەیوەندیی جەدەلیی نێوان تێگەشتنمان بۆ دەقی پیرۆزی ڕەها لەو شتەدا، کە پەیوەندیی بە سنوورەوە هەیە لەگەڵ مەعریفەی مێژووییماندا حەرام و حەلاڵمان بۆ دروست دەکات، بەتایبەتی لەو شتانەدا دەقێکی ڕاشکاوی لەسەر نییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێسایەی دەڵێت: ئەسڵ لە شتەکاندا ئەوەیە حەلاڵ بێت، لە کاتی هەبوونی گوماندا نابێت حەدد (سزای دیاریکراوی شەرعی) جێبەجێ بکرێت، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)[1].

لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستەیەک بکەم، لە (نعمان بن بشیر)ەوە گێڕراوەتەوە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر فەرمووی "حەلاڵ و حەرام ئاشکران، بەڵام لە نێوانیاندا چەند شتێک هەیە، کە جێگای گومانە و ڕوون نییە و زۆر کەس نایانزانێت، جا هەرکەس پارێزگاریی ئاین و نامووسی خۆی بوێت، خۆی لە شتە گوماناوییەکان دەپارێزێت، ئەو کەسەش دەکەوێتە ناو گومانەوە، وەک ئەو شوانە وەهایە بەدەوری شوێنێکی قەدەغەدا ئاژەڵەکانی دەلەوەڕێنێت، زۆر نزیکە ئاژەڵەکانی بچنە ناوی، ئاگادار بن! هەموو پاشایەک قەدەغەی تایبەت بە خۆی هەیە، قەدەغەی خوداش لە موڵکی خۆیدا بریتییە لە حەرامکراوەکانی، ئەوەش بزانن، کە لە جەستەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێک هەیە، ئەگەر باش بوو، ئەوە هەموو جەستە باش دەبێت، ئەگەر ئەویش خراپ بوو، ئەوا هەموو جەستەش خراپ دەبێت، بزانن! ئەو پارچە گۆشتە بریتییە لە دڵ[2].

---

[1] آن ماري شيمل – جنة الآخرة في الإسلام
[2] صحيح البخاري

ئەم فەرمـوودە پیـرۆزە دابەشـکردنێکی مەعریفیـی گرنگـی تێـدایە بـۆ حەڵاڵ و حەرام، چـونکە بـاس لە ڕاشـکاوی و ڕوونیـی حەڵاڵ و حەرام دەکات، بەڵام باس لە "شتە گوماناوییەکان" دەکات، کە ناڕوونن و زۆر کەس نایانزانێـت، کەواتە بوارێـک لێـرەدا هەیە بـۆ ئیجتیهـادی مرۆیـی، پێغەمـبەر (دروودی خـودای لەسـەر) ئامۆژگاریمـان دەکـات، کە لە "شـتە گوماناوییەکان" دوور بکەوینەوە و لە ڕاستیشدا هۆشداریمان پێ دەدات، دیارە جیاوازییش زۆرە لە نێوان هۆشداریدان و حەرامکردندا.

لەم نمـوونە گـرنگەدا دەفەرمێـت "نـزیکە یـان خەریـکە ئاژەڵەکـانی شـــوانەکە بـــکەونە نـــاو قەدەغەکەوە"، واتە هێشـــتا ڕووی نەداوە، قەدەغەکەشـی بە "حەرام" لێـک داوەتەوە و مەبەسـتی ئەوەیە، کە ڕەنـگە گوماناوییەکـان بمـانگەیەنن بە حەرام، پاشـان داوامـان لـێ دەکـات لەو گوماناوییـانە دوور بکەوینەوە، زۆر کەس ئەم ڕێگایە دەگرێتە بەر، ئەم ڕێگەیەش پارێزراوترە. بەشـی کۆتـایی فەرمـوودەکە نوێنەری تەفسـیری مەعـریفییە بـۆ ئیجتیهـادی مرۆیـی، کاتێـک دەیبەسـێتەوە بە دڵەوە وەک پـارچە گۆشـتێک، کە هەرکـات بـاش بێـت ئەوا هەمـوو جەسـتەش بـاش دەبێت، کەواتە ئیجتیهـادکردن بـۆ حەڵاڵکـردن پێویسـتی بە چـاکیی دڵ و خاوێنی نییەت و پشتبەستن بە خودا هەیە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی "محمد علی الصابوني[1]"دا بە ناوی "حوکمی ئیسـلام دەربـارەی وێنەکێشـان"[2] هەشـت فەرمـوودەی لە بوخـاری و موسـلیمەوە

[1] محمـد علـی الصـابوني: لە سـاڵی ١٩٣٠ز لە شـاری حەلەب لە سـوریا لە بنەمـاڵەیەکی زانستپەروەر لەدایک بووە. دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەر لە تەفسیر وەرگرتووە و پتر لە ٣٠ پەڕتـووکی نووسـیوە و یەکـێکە لە زانایـانی هـاوچەرخ. خـاوەنی تەفسـیری (صـفوة التفاسیر)ە. (و).

[2] حکم الإسلام في التصوير- محمد علي الصابوني.

هێناوە و دەیکاتە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر حەرامیی وێنەکێشان و عیللەتی حەرامکردنەکەش بە خۆچواندن و پێچواندنە بە بەدیهێنانی خوداوندەوە بۆ زیندەوەرەکان.

نووسەر ڕای ئەو فەقیهانە ڕەد دەکاتەوە، کە بەڵگەیان لەسەر حەلاڵکردن هێناوە، بۆیە ئێمەش داکۆکی لەسەر گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین، چونکە پشتی بە دیدگەیەکی ڕوونی مەعریفی بەستووە، کە هاوڕاین لەگەڵی، بەڵام ڕاجیاییمان لەو ئەنجامەدا هەیە، کە لەو دیدگەوە وەری گرتووە، لەوەش تێدەگەین بۆچی لە بناغەدا بەهۆی بابەتی کەلێنگیری (سد الثغرات) و دوورخستنەوەی گومانەکان (درء الشبهات)، کە بابەتێکی فیقهیی ڕوونە، وەک پێشتر باسمان کرد.

لەو دیدگەوە بیرۆکەی حەرامکردنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئیسلام دەیەوێت پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤ بکات، ئەو دروستکراوەی کە خودای گەورە لەسەر سوورەتی خۆی دروستی کردووە، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە، هەر بۆیە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە داگیری بکات و بیخاتە ژێر کونترۆڵی وێنەیەکی دیارییکراوەوە، کە بە ڕوونی بیبینین. لە لایەکی تریشەوە، "بۆرکارت" لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی "بتەکان و ڕەمزەکان"[١] گفتوگۆ لەسەر بەڵگەنەویستیی یەکتاپەرستیی خودا دەکات لە ئیسلامدا، کە بە (لا الە الا اللە) دەست پێدەکات، هەروەها بیرۆکەی نەبوونی هاووێنەی خودا (لَيسَ كَمِثلِهِ شَيء)، ئەم گەواهیدانەش هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی، کە ماهیەتی خودای گەورە دیاریی بکرێت، لەوێشەوە بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ شتێک، کە هاوشێوە و

[١] تیتوس بورکارت- الاوثان والرموز.

لێکچـــووی خـــودای گەورە بێـــت، چ بتێـــک بێـــت، یـــان هەر شـــتێک لە درووستکراوەکانی خودا.

گرنگیـــی ئەم تـــوێژینەوەیە لە داکۆکیکردنیـــدایە لەســـەر سرووشـــتی ئیسلام، کە بریتییە لە تێکشکێنەری بتەکان و هەر شتێکی تر، کە لە جێی خودا دابنرێت، چونکە هیچ درووستکراوێک لە خودی خۆیدا پیرۆزییەکی نییە، بەڵکو پیرۆزی بۆ خودای گەورە خۆی دەگەڕێتەوە، وە بۆ جـوانیی دروسـتکراوەکانی خـودای گەورە. لە لایەکی تریشـەوە زۆر تـوێژینەوەی فیقهیی تـر هەیە، کە سـوود و قـازانج دەکـاتە بەڵگەیەک بـۆ حەڵاڵکردنـی وێنەکێشـان. بـۆ نمـوونە تـوێژینەوەیەکی دکتـۆر "محمـد عمـارە[1]" هەیە، نـاوی "جوانییەکـانی وێـنە"یە، کە تـوێژینەوەیەکی فیقهیـیە و بـاس لە حەڵاڵیی وێنەکێشـان دەکـات و چەنـدین ئـایەت و فەرمـوودە دەهێنێتەوە، ئەحکـامی فیقهیـی تریشـی تێدا بـاس دەکـات، بە زمـانی سـوود و قـازانج باس لە حەڵاڵی دەکات، پێیوایە دوو هۆکـار: یەکەم: زیـان. دووەم: ئەوەی کە لەبەر غەیری خـوا بێت حەرامـی دەکـات. جیـاوازیی ئەم تـوێژینەوەی دکتۆر عیمـارە لەوەدایە، کە عەقڵانیـەت و دیدگەی هـاوچەرخی کـاریگەر بە فەلسـەفە نـوێ زاڵە بە سـەریدا، ئەمەش لە کارەکـانی (محمـد عمـارة)دا ئاشکرایە[2].

هەروەهـا دکتـۆر عەبـدولقادر حوسـەین، بـاس لە دیـاریکردنی حەرام دەکـــات و دەڵـــێ خۆمـــان بەدوور بگـــرین لەوەی، کە وێـــنەکە هەمـــوو

---

[1] محمـد عمـارة (١٩٣٠ – ٢٠٢٠ز): نووسـەری گەورە و نـاوداری میسـری. پتـر لە ٧٠ پەڕتووکی کاریگەری نووسیوە. گەلێک خەڵاتی وەرگرتووە و نووسینەکانی بۆ زۆر زمانی جیهانی وەرگێڕراوە. (و).

[2] محمد عمارة- جماليات الصور.

ئەنـــدامانی لەشـــی سرووشـــتی ئەو زینـــدووە بەتەواوی هەمـــووی نەکێشـــرێت، تـــا دوور بکەویـــنەوە لە پێچوانـــدن بە بەدیهێنـــان و دروستکردنی کاری خودا، واتە ئەو وێنەیە بۆ زیندوو دەکێشرێت تەواو بێت و وەک ئەوە وا بێت ڕۆحی تێدایە. ئەوەش ئیجتهاد و بۆچوونێکی باشە.

کەواتە دەبینین چەندین ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، لە خودی خۆیدا جیاوازییەکانیش لە باسی حەرام و حەڵاڵدا ڕەحمەتە، دیدگەی ئێمەش لە بنـــاغەدا پشـــت بە دیـــدگەی پێچوانـــدن دەبەســـتێت، کە وەک عیللەتـــی حەرامکردن باوەڕمان پێی هەیە، باوەڕیشمان وایە کە پێچواندن (تشبیە) دوو پایەی هەیە:

**یەکەم:** بەرهەم، کرداریش وێنەکەی و بەکارهێنانمان بۆی و دیدگەی ئێمەیە بۆی. **دووهەم:** پەیوەندیی بە خودی بکەرەوە هەیە، هەروەها دیتنی خۆی و بەرهەمەکەی خۆی. هونەرمەندی ڕۆژئاواییش دیدگەیەکی ئیمپریالیستیی خۆی هەیە، مومارەسەی پێچواندن بەپێی ئەو عەقیدەیە دەکات، کە هونەرمەند خۆی خالیق و بەدیهێنەرە، بەڵام هونەرمەندی مسوڵمان مومارەسەی پێچواندن ناکات، چونکە بەرهەمەکەی پەیوەندیی بە لایەنی ژیانەوە هەیە، کردارەکەیشی پێکهاتەیی و پەرستشییە. خوداش زاناترە (والله أعلم).

## هونەرە بیستۆکی/ دیدەییەکان (چاوەکییەکان)

گەلێک لە توێژەران و لێکۆڵەرانی مسوڵمان، خۆیان زۆر ماندوو دەکەن بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە مسوڵمان پێشەنگ بوون لە بواری درامادا. پێیانوایە تۆو و چەکەرەی سەرەتایی شانۆ و چیرۆکی کورت و ڕۆمان لەلای گەلە مسوڵمانەکان هەبووە. گەلێک بەراورد و لێکنزیککردنەوەش دەکەن لە نێوان هونەری مەقامە (المقامة) و هونەری درامای ئەورووپی.

توێژەران هەوڵ دەدەن ئەوە بسەلمێنن، کە "میلتۆن[1]"لە نووسراوی "بەهەشتی ونبوو"دا، هەروەها "دانتێ[2]"لە "کومێدیای خوداوەندی"دا لەژێر کاریگەریی پەڕتووکی "ڕسالة الغفران"ی (ئەبوعەلای مەعەڕڕی[3])دا بوون.

هەروەها بیسەلمێنن، کە چۆن "بۆکاچۆ[4]" لە "دیکامیرۆن"دا و "چۆسەر[5]" لە "چیرۆکەکانی کانتێربری"دا، هەردووکیان لەژێر کاریگەریی چیرۆکی "هەزار و یەک شەوە"دا بوون. هەمیشە ئامانجیش بریتیی بووە لە سەلماندنی سەرکەوتوویی و پێشەنگیی مسوڵمانانە لەم بوارەدا. کێشەکە لەوەدایە ئەو مرۆڤەی لەناو میسکدا نوقم بووبێت ئیدی بۆنی خۆشی میسک هەست پێ ناکات. کەسی سەرکەوتوو هەست بە سەرکەوتنەکەی ناکات و پێی گرنگ نییە بیسەلمێنێت سەرکەوتووە و

---

[1] جۆن میلتۆن (١٦٠٨ – ١٦٧٤ز): شاعیری ئینگلیزی. (و)

[2] دانتێ ئالیگیری (١٢٥٥ – ١٣٢١ز): شاعیری ئیتالی. (و)

[3] ابو العلاء المعري (٩٧٣ – ١٠٥٧ز): شاعیری ناوداری عەرەب. (و)

[4] جیۆڤانی بۆکاچیۆ (١٣١٣ – ١٣٧٥ز): نووسەر و شاعیری ئیتالی. (و)

[5] جیفری چۆسەر (١٣٤٣ – ١٤٠٠ز): بەناوبانگترین شاعیری ئینگلیزی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. (و)

پێشـــەنگە. بێگومـــان کێشـــەکە هـــی ئەو کەســـەیە، کە دواکەوتـــووە و سـەرکەوتوو نەبـووە، هەوڵ دەدات خـۆی بەسـەرکەوتوو و پێشـکەوتوو بزانێت بەهۆی شکۆ و گرنگیی باپیرانیەوە، بەڵام خۆی لە هەمـان کاتدا دیـدگا مەعـریفییەکەی پەیوەنـدیی بە خـۆی و کـاتی خـۆیەوە نییە، بەڵکو تەنهـا ڕابـــردووی هەیە و بە ڕابـــردوو سەرســـامە. بـــۆیە دەیەوێـــت بیســـەلمێنێت ئەو دەســتی پێکـردووە و لەم کارەیـدا خـۆی زۆر مانـدوو دەکات، بێئاگایە لەوەی، کە ئەم خۆماندووکردنەی بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی بێتوانـایە و شـوێنکەوتەی کەسـانی تـرە. کاتێـک لە سـەرەتادا هەوڵـی ئەوەمـان دا، بە قـووڵایی مەعریفیـی بـابەتی پۆلێنکردنی هونەریـدا بچینە خوارەوە، هەموو هەوڵێکمان ئەوە بوو لە بناغەدا ڕا جیاوازەکـان ببینـین، نەک هاوڕاییەکـان، وە دارسـتانەکە ببینـین (واتە ئەو تیـۆرییە مەعـریفییە گشـتییەی ناوماننـا هـونەری ئیسـلامی)، نەک بینینـی تـاک بە تـاکی درەختەکان، کە هەندێ کەس دەیەوێت بیخاتە سەر دارسـتانی مەعریفیی کەسێکی تر، کە لێی بەرییە.

لێرەدا ئەو چیرۆکە کورتەی "بـۆرخێس[1]"م بیر دێتەوە، کە نـاوی نـاوە "تـــوێژینەوەی یـــان گەڕانـــی ئیبنـــو ڕوشـــد"، کە لە پەڕتـــووکی "الألـــف"[2]. چیـرۆکەکەی لەسـەر ئەو ڕسـتەی "ئەرنسـت ڕینـان[3]" بونیـاد دەنێـت، کە لە پەڕتووکی ئیبنو ڕوشد [4] -Averros"دا لە سـاڵی ١٨٦١ دا دەڵێت: ئەو پێیوا

---

[1] خۆرخی لویس بۆرخێس (١٨٩٩ – ١٩٨٩ز): شاعیر و ڕەخنەگری ئەرجەنتینی، ناوبانگی جیهانیی هەیە. بە زمانی ئیسپانی نووسیویەتی. (و)

[2] Jorge Luis Borges – Prosa Comleta – Volume 2- Bruguera 1edicion1985- Espana – Barcelona-ELALEPH- p303-La Busca de Averrose

[3] أرنست ڕینان (١٨٢٣ – ١٨٩٢ز): مێژوونووس و فەیلەسووفی فەرەنسی. (و)

[4] ابن ڕشد (١١٢٦ – ١١٩٨ز): فەیلەسووف و فەقیهی سەدەی شەشەمی کۆچی و دوانزەی زاینی. خاوەنی پەڕتووکی (تهافت التهافت) و (بداية المجتهد)ە. (و)

بوو، که تراژیدیا شتێک نییه، جگه له هونەری تەسبیحات و مەدحی خودای گەورە و سوپاسگوزاریی خودای گەورە.

چیرۆکەکەش له مۆنتاژێکی تەریب له نێوان کۆمەڵێک منداڵدا پێکدێت، که یـارییەکی چیرۆکئـامێز له شـەقامێکی "قورطـوبە"دا دەکەن، له نزیـک مــاڵی ئیبنــو ڕوشــد. ئەوەش له کاتێکــدایه، که فەیلەســووفی گەورەی ئەندەلووسی خـاوەنی پەڕتـووکی "تهافت التهافت"ه، دەیەوێت وشـەیەکی دەقیـق بـدۆزێتەوه، که وەرگێـڕ بێـت بـۆ هەردوو وشـەی کۆمیـدیا و تراژیــدیا، بــاس لەوه دەکــات، که چــۆن منــداڵەکان ســەرنجی ئەم فەیلەسـووفه به لای خۆیانـدا ڕادەکێشـن، وەهـا سـەرنجی ڕادەکێشـن، که وەرگێــڕانەکەی لەبیــر دەبەنەوه، له کۆتاییــدا دەگەڕێــتەوه بــۆ وەرگێڕانەکەی.

هەر بــۆیه پــاش تەواوبــوونی ئەوان و گەڕانەوەی بــۆ ســەر وەرگێڕانەکەی، دەگاته ئەو ئەنجامەی، که تراژیدیا بریتییه له پیاهەڵدان و کۆمیـدیاش بـریتییه له ئامۆژگـاریی پێکەنینئـامێز. واته ئەو شـتانەی، که مرۆڤ دەخاته گریان و ئەو ئامۆژگارییانەی کەوا خۆشیی پێکەنینئامێزت پێ دەبەخشێت. پێیوا بووه، که له قورئانیشدا تراژیدیا و کۆمێدیا هەیه.

بۆرخێسی چیرۆکنووس دەیەوێت ئەوەمان له ڕێگەی هـاوتەریبییەوه پێ بڵێت، که چۆن هەندێ جار لەبەرچاوماندایه، بەڵام ناشیبینین. ئەمەش بیرۆکەیەکی بناغەییه له کارەکانیدا، بەڵام مەبەستمان ئەمه نییه له هێنانی پـوختەی ئەم چیـرۆکەدا، بەڵکـو خـودی کـردارەکەیه، واتـا هەوڵـدان بـۆ وەرگێڕانی چەن وشەیەک، که تەعبیر له واقیعێکی دیـاریکراو و بینش و دیـدگەیەکی مەعریفیـی تـایبەت له نـاوکۆ (سـیاق)ێکی جیـاواز و واقعێکـی پێچەوانەدا دەکەن، جگه لەو سەرسامبوونه زۆرەی، کەوا له خـاوەنەکەی

دەکات هەوڵ بدات بیسەلمێنێت، کە ئەو شتەی سەرسامی کردووە، لەناو دامەزراوە و دیدگای مەعریفیی خۆیدا بنەمای هەیە.

بەم شـێوەیە دەبینـین گەلێـک لە تـوێژەران ئەو وەرگێـڕانە دەکەن و دەڵــێن، کە تــۆوی شــانۆگەری لەلای عەباســییەکان لە ســەردەمی عەباسـییەکاندا هەبـووە. چیرۆکـی ئەو کەسـەمان بـۆ دەگێـڕنەوە، کەوا منداڵانی کۆدەکردەوە و چەن ڕۆڵێکـی پێ دەدان و پێی لەبەر دەکـردن. پاشان دەچوون بۆ دەرەوەی بەغداد و ناوی هەریەک لە خەلیفەکانی بۆ دادەنـان و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکـرد، بەو شـێوە بینەریـان بـۆ خۆیـان پەیـدا دەکـرد. یـان تەماشـاگایەکی شـەعبی لەلای مەمالیکەکـان[1] و لە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا هەبـووە. شـتی لەو جـۆرە کـراوە و خەڵکـی تەماشـایان کـردووە. هەروەهـا دەوترێـت، کە ئەسـڵی وشـەی "قـاراقۆز" ئەسڵی "کۆمیدیای دێلارتی"یە و گەلێک نموونەی تـر[2]. کێشـەکە لەوەدایە ئەو کەســەی ئەم هەوڵە دەدات، ئەوە نازانێـت کە هـونەری گێـڕانەوە و هونەری بیستۆکی/ چاوەکی تەنها بریتی نییە لە شانۆ یان درامـا، وە ئەو نـاوکۆ (سـیاق) هـونەرییەی ئەم هـونەرەی بەرهەم هێنـاوە، ئەو نـاوکۆ مەعریفییە یەکتاپەرستییەی نـاو خۆمـان نییە وەک مسـوڵمان، ئاگـای لەو

---

[1] مەمالیکەکـان یـان المماليـك: بەو دەوڵەتە دەوترێت، کە لە میسـر لە کۆتـایی دەوڵەتـی عەبباسـی و لە سـاڵی ١٢٥٠ ز دامەزرا و لە سـاڵی ١٥١٧ز بە دەسـتی عوسـمانییەکان ڕووخێنـرا. سـەرەتا لە میسـردا بـوون و پاشـان توانییـان شـام و حیجـازیش بـخەنە ژێـر هەژموونی خۆیان. (و)

[2] بۆ نموونە سـەیری: احمد محمد عطية – مسرح خيال الظل مسرح عربي اصيل، مجلة المسرح- ص٤٩- ٠ص١٤. سنة ١٩٨٢.. هەروەها سـەیری: عـادل كامـل – الفراعنة اول من عرف المسرح ٠ ص٢٧ ٠ مجلة تاترو٩٢ العدد التجريبي ١٠ مايو ١٩٩٢

ڕۆڵە ئـاییننییە پـاکژکەرەوە نیـیە کە شـانۆ پێـی هەڵدەسـتا لە سـەردەمی یۆنانییەکاندا، کە بە باوک و دامەزرێنەرانی شانۆ ناو دەبرێن.

ئێمە هونەری گێڕانەوە و باسکردنی زنجیرەیی، کە بیستۆکی/چاوەکیمان بە شـێوەی جیـاواز هەیە و لەنــاو و سـیاقێکی مەعریفیـی جیـاوازدا و لە چوارچێــوەیەکی ئـــاییننییەوە ســـەریهەڵداوە. بە شـــێوەیەکی بنـــاغەییش دەگەڕێتەوە بۆ ئیسـلام. تایبەتمەندیی هـونەری ئیسـلامیی تێدایە لە ڕووی ژیانی و پێکهاتەیی و پەرستشییەوە، بەڵکو نمـوونەی سـەرەتایی ئەم جۆرە هــونەرە هەر لە چیرۆکەکـانی قورئانــدا و پاشــان لە ژیاننــامەی پیــرۆزی پێغەمبەردا دەیبینینەوە. تۆوی ئەم بابەتانە و چرۆی ئەم بابەتانە لە چیرۆکە سامییەکانیشدا هەر دەبینینەوە، چ عیبرانییەکان بێت، یان میسرییە کۆنەکان، یان کلدانییەکان. هەمووی بۆن و بەرامەی تەوحید و یەکتاپەرستیی تێدایە. لەوێوە بەهاکانی بەرپرسیارێتی و بەزەیی و خۆشەویستی لێوە دەبینرێت و هەستی پێ دەکەین.

دەمـانەوێ چەنـد نمـوونەیەک بـۆ ئەم هـونەرانە بهێنینەوە، کە هـونەری گێــڕانەوە/ بیســـتۆکی و چـــاوەکییە. لە بنـــاغە مەعریفـــی و نمـــوونە سەرەتاییەکانی دەکۆڵینەوە. هەروەهـا چەن هـونەرێکی جووڵەییشـمان هەیە، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاوکۆی هـونەری بیسـتۆکی/ چـاوەکی، ئەوەش وەک هـونەری سـەمای سـۆفیگەری و زیکـر و سـەماکردن بە حوشـتر و ئەسـپ، ئەوەش هونەری مۆسیقی و هاوبەشیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێت، کەوا بە شـێوەیەکی گونجـاو و جـوان بە یەک ڕیـتم پـێکەوە هاوکـاریی بـکەن، هەروەهـا دەمانەوێـت چەنـد نمـوونەیەک بـۆ هـونەری بیسـتۆکی/چاوەکی ئیسـلامی لە هـونەری گێـڕانەوە و جـووڵەدا بـاس بکەیـن، بەڵام پێویسـتە لە سـەرەتادا لایەنـی مەعریفیـی ئەم هـونەرانە بـاس بکەیـن، کە وەک نمـوونە دەیانهێنینەوە:

**١- هونەری گێڕانەوە:**

## أ- مەرعـریفییەت لە چیـرۆکە قورئانییەکانـدا وەکـوو نمـوونەیەکی سەرەتایی

یەکەمین شت، کە سەرنجمان ڕادەکێشێت لە چیرۆکە قورئانییەکاندا ئەوەیە، کە چیرۆکەکـان پەرتەوازەن، یەک چیرۆکـی کامـڵ نیـیە، کە لە ڕووی زەمەنییەوە بەردەوام بێت، بەشێکی زنجیرەیی نین. هەر وەکو لە تەوراتدا دەیبینین بۆ نموونە. ئەوەتا لە قورئاندا لە سوورەتی بەقەرەدا لە ئایەتەکانی ( ٣- ٣٩)، چیرۆکی دروستکردنی ئادەم (درودی خودای لەسەر) باس دەکات، هەروەها ملنەدانی ئیبلیس بۆ سوجدەبردن بۆ ئادەم (درودی خودای لەسەر) پاشان هاتنەخوارەوەی ئادەم (درودی خودای لەسەر) بۆ سەر زەوی. پاشان لە ئایەتەکانی ( ٤- ٧٥)، بەشێک لە چیرۆکی موسا (درودی خودای لەسـەر) باسدەکات، کە باسی شەقبوونی دەریا دەکات و نوقمبوونی فیرعەون و داروودەستەکەی، هەروەها باسکردنی چیرۆکی ئەو گوێرەکەیە دەکات، کە بەنی ئیسرائیل پەرستیان. وە باسی چیرۆکی ئەو مانگایە دەکات، کە بۆ دۆزینەوەی بکوژێک سەر بڕرا. پاشان لە ئایەتەکانی (١٢٤ و ١٣٥)دا بەشێک لە چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیممان بۆ باس دەکات (درودی خودای لەسەر)، کە بریتییە لە چیرۆکی بونیادنانی کەعبەی پیرۆز. پاشان (ئایەتی ٢٥٨) دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی چیرۆکی نەمروود، کە دەڵێت من ژیانیش دەبەخشم و مردنیش دەبەخشم (دەژیینم و دەکوژم). کە کاتێ بە حەزرەتی ئیبراهیم دەڵێت. هەروەها (ئایەتی٢٤٦-٢٥١)دا چیرۆکی تالووت و بەنی ئیسرائیل باس دەکات و جەنگکردنیان لەگەڵ جالووت و سەربازەکانیدا. پاشان بە (ئایەتی ٢٥٩) باسی ئەو کەسە

دەکــات، کە بەلای گوندێکــدا یــان ئاوەدانییەکــدا تێــپەڕی و بەوێرانــی بینیبــووی، کە داروپەردووی کەوتبــوو بەســەر یەکدا. وتــی ئایــا چــۆن خودای گەورە ئەمانە هەمووی پاش مردنی بەم شێوە زیندوو دەکاتەوە. بەلام لە (ئــایەتی ٢٦٠)دا چیرۆکێکــی تــر دەگێــڕێتەوە، کە بەشــێکە لە چیرۆکــــی حەزرەتــــی ئیبــــراهیم (درووودی خــــودای لەســــەر) و زینــدووکردنەوەی مــردوو، کە چەنــد باڵــدارێک بــوون، بەم شــێوەیەش بەردەوام دەبێت[1].

کەواتە چیرۆکە قورئانییەکان بریتین لە چەند نموونەیەکی مەعریفی، کە ئــێمە دەتــوانین پەنــد و ئامۆژگــاریی لــێ هەڵێنجێنــین، دەشــبێتە بونیادنەرێک بۆ دیدگەی ئیمانیی بەردەوامامان.

بەم شێوەیە سەیری دەکەین تەنها، نەک وەک چیرۆکێکی ڕووت، یان ڕووداوێکــی زنجیرەیــی نــاو مێــژوو، کە هــاتووەتە پــێش و ڕووی داوە، بەڵکو حەقیقەتێکی نەمر و بەردەوام بۆ هەمیشە باوەڕمان بەوە هەیە کە ڕوو بــدات. ئەوەی زۆر گــرنگە لای ئــێمەی مســوڵمان بریتــی نیــیە لە دیــاریکردنی کــاتی وردی ئەو ڕووداوانە و چــۆنیەتیی ڕووداوەکە، وەک مێــژوویەک بە وردەکــاری، بەڵکــو ئەوەی لامــان گــرنگە بــریتییە لە ئەو ئامانجانەی، کە لەپشتی چیرۆکەکانەوە هەیە. وە بۆچی لە قورئاندا باس کــراون.؟ وە خــودای گەورە لە ســوورەتی (الأعــراف)دا، دەفەرمێــت: ﴿فاقصُصِ القَصَصَ لَعَلَهم يَتَفَكَرون.﴾[2] واتە: چیرۆکەکانیــان بــۆ بگێــڕەوە، تــا بیــر بکەنەوە دەربارەی ئەوەی پێیان دەڵێین.

---

[1] سورة البقرة – الآيات: ٣-٣٩، ٤٩-٧٥، ١٢٤٠١٣٥، ٤٢٦-٢٥١، ٢٥٨٠٢٦٠.

[2] سورة الاعراف: - ١٧٦.

بۆیە ئەم چیرۆکانە بانگهێشتمان دەکەن بۆ بیرکردنەوە، واتە شیکردنەوە و وردکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە کردار، واتە پابەندبوون بەو نموونە مەعریفییەی، کە لە ناخ و لە پشت ئەم چیرۆکانەوەیە بە بونیادنان و پێکهێنانەوە، کەواتە ئەم چیرۆکانە نموونەن بۆ پێکهاتەیی هونەری و وابەستەیی بە ژیانەوە. بێگومان پەیوەندیی بە عیبادەتەوە هەیە، چونکە باشترین کار بریتییە لە خوێندنی قورئان و بیرکردنەوە لە واتاکانی.

ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە باسمان کرد دەربارەی ئیبراهیم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) و ئەو باڵندەیەی کە زیندووی دەکاتەوە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات و دەفەرمێت: ﴿و اذ قال ابراهيم ربي أرني كيف تحيي............عزيز حكيم﴾ [1]. واتە: کاتێک ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە، خودا فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبرهیم وتی: باوەڕم هێناوە، بەڵام دەمەوێت دڵم بە دیتنی ئەوپەڕی دامەزراو بێت. خوداش فەرمووی: چوار باڵندە سەر ببڕە و پارچەپارچەیان بکە و بیکە بە چوار بەشەوە و هەر بەشێکی ببەرە سەر شاخێک، پاشان بانگیان بکە، ئیدی زیندوو دەبنەوە و دێن بۆ لات، بشزانە کە بێگومان خودا خاوەندەسەڵاتی بێسنوورە و دانایی بێسنووری هەیە).

بێگومان ئەم ئایەتانە نموونەیەکی مەعریفیی زۆر جوانمان بۆ باوەڕ نیشان دەدات، لە ڕێگای یەقین و توێژینەوەی یەقینبەخش. ئەوەتا ئیبراهیم خلیل الله (درودی خودای لەسەر) باوەڕی هەیە، بەڵام دەیەوێت بگاتە پلەی دامەزرانی کامڵ (الإطمئنان). دەزانێت سرووشتی

---

[1] سورة البقرة ٢٦٠.

مرۆڤ وایە، کە گومان و ناجێگیری ڕوو لە دڵی دەکات، بەڵام بەزەیی خودای گەورە هەموو شتێک دەگرێتەوە، خودای گەورە خاوەن هێز و دەسەڵات و داناییەکی بێسنوورە.

ئەم پەرتەوازەیی و دیارینەکردنی کاتی چیرۆکانە بەتەواوی ئەوەمان پێ دەڵێت کە بابەتەکە بابەتێکی مێژوویی نییە وەک چیرۆک، چونکە چیرۆکە قورئانییەکان ڕاستەقینەن، بەڵام وەک مێژوو بۆمان باس ناکرێت، ئێمەیش لامان گرینگ نییە کە مێژوویەک بێت. خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿تلك امة قد خلت..........يعملون﴾ البقرة[1]. واتە: ئەوانەی کە باسمان کردن، خەڵکانێکن پێش ئێوە ڕۆشتوون، ئەوەی کرداری باش و خراپیان بێ هەر بۆ خۆیانە و ئێوەیش کرداری باش و خراپتان هەر بۆ خۆتانە. پرسیاریش لە ئێوە ناکرێت دەربارەی کارەکانی ئەوان. ئەم ئایەتە دوو جار دووبارە دەبێتەوە. [البقرة: ١٣٤- ١٤١]. ئەمەش داکۆکیکردنێکی گومانهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی، کە قورئان شوێنی توێژینەوەی مێژوویی نییە، ئامانجی لە هێنانی ئەم چیرۆکانەش مێژوو نییە، چونکە هەموو ئوممەتێک بەرپرسیارە لەو کارەی کە دەیکات و گەلێکی تر بەرپرسیار نییە لە کاری گەلانی تر. ئەمەش جیاوازییەکی جەوهەرییە لەنێوان قورئان و تەوراتدا، کە بە سیستەمێکی زەمەنی یەک لەدوای یەک چیرۆکمان بۆ دەهێنێت، هەر لە سەرەتای درووستکردنی بوونەوەرەوە تا دواهەمین پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل. کەنیسەش تووشی ململانێیەکی زۆر مەترسیدار بوو لە دوو سەدەی پێشوودا لەگەڵ زاناکاندا، کاتێک زاناکانی زانستی نوێ وتیان کە زەوی زۆر کۆنترە لەوەی لە تەورات و ئینجیلدا باس کراوە، بەڵام کەنیسە ئەمەی

[1] سورة البقرة- ١٣٤-١٤١،

نەسەلماند تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە بە شێوەیەکی زۆر دۆزینەوەی شوێنەواری زۆر لە بواری مێژووی کۆنی میسردا بواری زانستیی شوێنەوار و هەڵکۆڵینی شوێنی مێژوویی تردا کە ڕاستییەکەیان سەلماند[1]. بۆیە کەنیسە ناچار بوو پەنا بەرێت بۆ فکرەی تەئویلکردن و بڵێت: ئەو زەمەنەی لە تەوراتدا باس کراوە جیاوازە لەو زەمەنەی ئێستا هەیە و ئێمە ئیشی پێ دەکەین. بەڵام قورئانی پیرۆز وەک دەقێکی پیرۆز ئایەتەکانی بە هیچ شێوەیەک هەڵەی تێدا نییە[2]، چەند نموونەیەکی مەعریفیی ڕاستەقینەمان بۆ باس دەکات کە ئێمە باوەڕمان پێی هەیە وەکو دەقێکی ڕەهای قورئانی. لە سەرەوەی سرووشتی مرۆڤ، کە ئەویش بریتییە لە فەرموودەی خودای گەورە کە بۆ ئێمەی مرۆڤ هاتووە، بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەک لە نێویدا بۆ ئەوە بگەڕێین کە ڕێژەیی گۆڕاوی پەیوەست بە مەعریفەی مرۆیی و عەقڵی سنوورداری مرۆڤ. مێژووگەرایی (التاریخیة) ئیشکالیەتی گەورەی ئەوەیە کە وەک هەواڵێک دەکەوێتە بەرچاومان. واتە قابیلیەتی درۆ و ڕاستیی تێدا ئەبێت، کەواتە قابیلیەتی گۆڕانی تێدایە. لەوێشەوە کۆمەڵێک لە زانایان و بیرمەندان توێژینەوە لەسەر ڕێژەیی و شتی گۆڕاوی نێو قورئان دەکەن کە خودی قورئان خۆی جێگیر و ڕەهایە و لە دەرەوەی سنووری مرۆڤەکانە. جا بۆیە ئەو زانا و بیرمەندانەی لەنێو قورئانی نەگۆڕ و مەعنەویدا بۆ ڕێژەیی گۆڕاو دەگەڕێن، دەکەونە داوی ئەو

---

[1] عبدالقادر حمزة- دار الشعب، القاهرة- سلسلت رقم ١١.

[2] دیارە تەوارات و ئینجیل لە کاتی خۆیدا لەلایەن خوداوە نێرراون بۆ مووسا و عیسا پێغەمبەر (دروودی خوایان لەسەر بێت) و جێگای گومان نییە، بەڵام زانایانی موسوڵمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە پێش هاتنی ئیسلام وەک خۆیان نەماونەتەوە و گۆڕانیان بەسەر هاتووە، چ بە دەسکاریکردن بێت یان فەوتانی هەندێک لە بەشەکانیان.(و)

دیدگه مەعریفییە ڕۆژئاواییە جیاوازەی عەقڵ وەک ڕەها نیشان دەدات و هەر شتێکی دی بە ڕێژەیی دەزانێت، بێگومان ئەم بۆچوونەش هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە.

لایەنەکەی تری تێبینییەکانمان دەربارەی چیرۆکە قورئانییەکان، بریتییە لە دووبارەبوونەوە. دەبینین کە یەک چیرۆک چەند جارێک باس دەکرێت لە قورئاندا، بۆ نموونە لە چیرۆکی (دروستکردنی ئادەم) و (سەرپێچیکردنی ئیبلیس لە فەرمانی کڕنووش) لە سوورەتی (الأعراف)دا، جارێکی تر لە ئایەتی (١١- ٢٥)دا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەندێ وردەکاری و باسی زۆرتری تێدایە، بیرۆکەی نموونەی مەعریفی دەسەلمێنێت، وە هەمیشە دیدگەیەک لە پشت ئەم دووبارەکردنەوانەوە هەیە و مسوڵمانیش پێویستە هەستی پێ بکات و بیکاتە کردار. واتە ئەم دووبارەکردنەوە لە خۆیدا بانگکردنە بۆ پێکهاتەیی و ژیانیی و عیبادەت، لەوێشەوە وردەکاری (الإتقان).

لایەنی سێهەم کە زۆر سەرنجمان ڕادەکێشێت لە چیرۆکە قورئانییەکاندا، ئەوەیە کە لە زانستی گێڕانەوە (Narratology )دا پێی دەوترێت "دەنگی چیرۆکبێژ" (Voice of the Narrator)، بەو واتایەی کە قورئان فەرموودەی خودایە و ئێمەیش پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت، بەڵام تەفسیری قورئان ئیجتهادی مرۆڤە، لێرەوە دەکرێت هەرکەس لە ڕاڤەکارانی قورئان بەپێی زانیارییەکەی خۆی ڕایەکی جیاوازی هەبێت، هەرکەس بەپێی ئەندازەی مەعریفەی خۆی و ئاگاداریی

لەوەی کە مامۆستامان دکتۆر "عەلی جومعە[1]" ناوی ناوە: نفس الامر" و "واقیـــــــع،" واتە جەوهەر (Nomen) و دەرکەوتە و ڕووکەشـــــــی (Phenomena) شتەکان، ڕەنگە یەکێکیان لەگەڵ گۆڕانکاریی مێژوویی یان مەعریفەی مرۆییدا بگۆڕێت[2]. کەواتە پیرۆزییەکە بۆ قورئانە، بەڵام ڕاڤەکردن ئیجتهادە، ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت ئەگەر پێکای، ئەوا دوو پاداشتی هەیە و ئەوەیش هەڵە بکات هەر پاداشتی ئیجتهادەکەی بۆ دەمێنێتەوە.

بۆ نموونە دەبینین لە چیرۆکی یارانی ئەشکەوتدا جیاوازییەک لەسەر ژمارە و ناوەکانیان و ناوی سەگەکەیان هەیە، هەندێک لەم ڕا جیاوازانەش لە قورئاندا لە سوورەتی کەهفدا باس کراوە، لە (ئایەتی ٢٢)دا دەفەرمێت: ﴿سيقولون ثلاثة رابعهم كلبهم........أحدا﴾ واتە: دەڵێن سێ کەس بوون و چوارەمیان سەگەکەیان بووە و دەشڵێن: پێنج کەس بوون و شەشەمیان سەگەکەیان بووە، ئەم قسانە هەمووی دەم لە تاریکی کوتانە، وە دەشوترێت حەوت کەس بوون و هەشتەمیان سەگەکەیان بووە، ئەی موحەممەد، بڵێ: پەروەردگارم زاناترە بە ژمارەیان، تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی دەزانن چەند کەس بوون، ئیدی بە قسەی پوخت و ڕوون نەبێت چەلەحانێ مەکە لەسەریان لەگەڵ کەس و داوای زانیارییش لە کەس مەکە دەربارەیان.

---

[1] علي جمعة محمد عبدالوهاب: دکتۆر عەلی جومعە لە میسر و لە ساڵی ١٩٥٢ز لەدایک بووە. ئەندامی دەستەی گەورەزانایانی ئەزهەرە لە میسر. لە ٢٠٠٣ – ٢٠١٣ز موفتیی میسر بووە. پتر ١٠٠ پەڕتووکی نووسیوە لە بوارەکانی شەرعی و پەروەردە و ژیاننامەدا. (و)

[2] Ossama El Kaffash- Gnosticitism in Alexandria- op.cit

"کمال الدين الدميری"[1] له کتێبی "حياة الحيوان الکبری"دا، باس لەوە دەکات کە چۆن سەلەفی ساڵح لە زانایانی یاران و تابیعین و ڕاڤەکارانی قورئان، ڕاجیاییان لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا هەیە. کە ئایا شارەکەیان "ئەفیسۆس"ە یان "تەرسووس"ە، چەند ماونەتەوە و ناوی سەگەکەیان و هەندێک جیاوازیی تریش. جیاوازیی دەنگی چیرۆکگێڕەوە و لایەنگرییە پەنهانەکانی ناو تەفسیرەکان باس دەکات[2].

دەنگی گێڕەرەوەی ڕاڤەکاری قورئان (الراوي المفسر) لێرەدا ئەو شتەیە کە سەرنجمان ڕادەکێشێ لە چیرۆکە قورئانییەکاندا، چونکە دەبینین هەمیشە هەندێک کەس پەیوەندییەک دروست دەکات لە نێوان قورئان و مەعریفەی مێژوویی خۆیدا، ئیدی لێرەوە ئەو تێکەڵییە دروست دەبێت کە باسمان کرد.

بۆ نموونە بۆرخێس[3] لە هەمان چیرۆکی پێشوودا کە باسمان کرد، باس لە پرسیارێکی فەرەح دەکات لە ئەبولقاسمی هاوڕێی دەربارەی ئەوەی کە ئایا شارەکە چەند دوور بووە لەو شوورا و سوورە گەورەیەی کە "ئەسکەندەر ذولقەرنەین" بونیادی ناوە وەک بەربستێک لەنێوان "يأجوج و مأجوج"دا. لێرەدا پۆرخێس دێتە ناوەوە و تەفسیری ئەوە دەکات کە "ذولقەرنەین" بریتییە لە ئەسکەندەری مەکدۆنی[4]. لێرەدا بەتایبەت "بۆرخێس" دەست دەکات بە بەکارهێنانی لایەنگری و

[1] کمال الدين محمد بن موسی (١١٣٤٤ – ١١٤٠٥ز): نووسەر و زانای زانستە شەرعییەکان و زیندەوەرناس و سرووشتناس. لە شارۆچکەی (دەمیرە) لە باکووری میسر لەدایک بووە. خاوەنی مەوسووعەی (حياة الحيوان الكبری)ە. (و)

[2] سورة الكهف ٢٢.

[3] J. L. Borjec- op. cit. 303.

[4] Ibid 306.

بەکارهێنـانی مەعـریفەی مێژوویـی تـایبەتیی خـۆی بـۆ ڕاڤەکـردن و لێکـدانەوەی ڕووداوێکـی دیـاریکراو، کە ئیستفسـارێکی لە ناخـدایە دەربـارەی دەقێکـی قورئـانی، کە چیرۆکێـک پێشـکەش دەکـات. پێمـوایە گلەیی لە بۆرخێس و کەسێکی کـاتۆلیکی ناکرێت، بەڵام گلەیی و کێشـە لەسـەر مسـوڵمانێکە کە بکەوێـتە هەمـان هەڵەوە و دەنگـی گێـڕەرەوەی ڕاڤەکاری لەبیر بچێت و وەکو هاوشانێکی دەقی قورئانی سـەیری بکـات. دیـارە نموونەشـمان لەم بـارەوە زۆرە، کاتێـک هەنـدێ کەس باسـی فیرعەونی مووسا یان پاشاکەی یوسف (درووودی خودای لەسەر) یان ئیبـراهیم (درووودی خـودای لەسـەر) یـان ئەو کەسـانەی کە پەیوەنـدیی لەنێـوان سـولەیمان پێغەمـبەر (درووودی خـودای لەسـەر) و کەسایەتییەکانی تری مێژوو دروست دەکات. بێگومـان گوتەزای دەنگی چیرۆکگێڕەوە لێرەدا گەلێ شـتمان بۆ ڕوونـاک دەکـاتەوە لەسـەر دوو ئاست:

**ئاستی یەکەم**، گرنگیی تێکەڵنەکردنی لایەنگریی پێشوەختەی خۆمان و دەقی قورئانی.

**ئاستی دووهەم،** بریتییە لە ئاستی بەرامبەر، واتە دەقی قورئـانی و مەعـریفەی مێژوویـی تـێکەڵ نەکەیـن. بـۆیە کاتێک کە قسـە دەکەیـن لە پاشـای ئیسـرائیل "سـولەیمان (درووودی خـودای لەسـەر)" بەو شـێوەیەی کە لە تەوراتدا هاتووە، یـان وەک لە هەندێک دەقـی مێژوویـیدا دەیبینین، نابێـت ئەوەمـان لەبیـر بچێـت کە دەنگێـک هەیە پێـی دەوترێـت دەنگـی چیرۆکگێڕەوە، واتە جیـاوازی بکەیـن لە نێوان دەقـی قورئـانیی پیـرۆز و دەقەکانی تردا، کە ڕێژەییە و دەکرێ ڕاست و درۆی تێدا بێت.

له كۆی ئەم قسانەوە بۆمان دەردەكەوێت كە داكۆكییەكی بەردەوام هەیە لەسەر ئەوەی چیرۆكە قورئانییەكان ڕاستەقینە و بونیادی و نموونەیین، زەمەنی نین و وردەكارییەكان باس ناكات، لێكدانەوەی زەمەنی و وردكارییانەی چیرۆكە قورئانییەكانیش ئەگەری ڕاستی و درۆی تێدەكەوێت.

ئەوەی ماوە بیلێین ئەوەیە كە هۆكاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەكان (أسباب النزول) مێژووییە، بەڵام ئەم مێژووییبوونە لە خودی خۆیدا نموونەیی و بونیادی و مەعریفیبوونی پشتی ئایەتەكان هەڵناوەشێنێتەوە، بۆ نموونە كاتێ لە سوورەتی (عبس)ەدا ڕووداوی "ابن أم مكتوم"ی نابینا لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) بە واقیعی ڕووی داوە، بەڵام پاش ئەم ڕووداوە مێژووییە ناوەڕۆكێكی بونیادی لەناو ئایەتەكەدا هەیە كاتێک كە دەفەرمێت: ﴿كَلا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾[1]، واتە: نەخێر ئاگادار بن! ئەم قورئانە وەبیرهێنەرەوەیە. كەواتە گرنگ ئەوەیە وەبیرهێنانەوە و بیركردنەوەی تێدا بێت. باوەڕمان وایە ئەو ئایەتە پیرۆزە قورئانییانەی چیرۆكی تێدایە، نموونەی سەرەتایین و هەموو هونەرەكانی تری گێڕانەوەی ئیسلامیی لەسەر هەمان سیستەم بونیاد نراوە، لە پێكهاتەیی و ژیانئامێزی و پەرستشیدا.

---

[1] سورة عبس ١١

**ب- ژياننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و نموونەگەرایی نیۆمێژووگەرایی:**

وەک نموونەیەک لە نموونەکانی ژياننامەی پیرۆز، چیرۆکی کۆچی پێغەمبەرمان (دروودی خودای لەسەر) لە مەککەوە بۆ مەدینە وەرگرت. کاتێک سەیری ئەو چیرۆکە بکەین لە پەڕتووکی "البداية و النهاية"ی[1] ابن کثیر[2]دا، دەبینین پەڕتووکە مێژووییەکان باسی ئەو ژياننامە پیرۆزەیان کردووە، بەڵام دەبینین چۆن ئەو ژياننامە جوانە چۆن پێشکەش کراوە لە ڕێگەی پەڕتووکێکی ناپسپۆڕەوە.

چیرۆکی کۆچی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) نموونەیەکی مەعریفیی زۆر جوانە، بەڵکو پڕە لە نموونە، هەر لە ئازایەتی و قوربانیدانی پێشەوا عەلییەوە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) هەروەها هەڵبژاردنی پێغەمبەر بۆ هاوەڕێیەتیی ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خودای لێ بێت) و هۆکارەکانی کۆچکردن و نموونەی تریش. هەروەها ڕۆڵی گەورەی ئەسمائی کچی ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خودای لێ بێت) و چیرۆکی سوراقەی باریقی و چیرۆکی ئەشکەوت و چیرۆکی کۆترەکان و عەنکەبووت و هەموو ئەو گێڕانەوە وردانەی کە لە چیرۆکی ئەشکەوتتدا هەیە، کە هەمووی نموونەیە بۆ زۆر بەها و دیدگەی مەعریفی ئیسلامی.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت پێشکەشی بکەین، بریتییە لە لایەنی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بەنرخە، کاتێک دەبینین "ابن کثیر" ناوی ئەو

---

[1] ابن کثیر – البداية والنهاية.

[2] إسماعيل بن عمر بن کثیر (١٣٠١ – ١٣٧٣ز): زانای گەورەی فەرموودە و تەفسیر و فیقهـ و مێژووی سەدەی هەشتەمی کۆچی. (و).

کەسانە دەبات کە لە زنجیرەی گێڕانەوەکەدان تا دەگاتە سەرچاوەی ئەسڵی چیرۆکەکە. بۆ نموونە لە باسکردنی حاڵی پێشەوا ئەبوبەکردا (ڕەزای خودای لێ بێت) دەڵێت: ((قالَ ابنُ اسحاق حَدَثَني يحيى بن عِباد بن عبدالله بن زبير أن أباه حدثه عن جدته أسماء))، ئەم باسکردنی کەسانە و وەرگرتنی دەم بە دەم وەکو بەهێزکردن و متمانەپێدانێکی پێویستە بۆ سەلماندن و ئیسپاتکردنی میسداقیەتی ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر). لێرەدا هەم مێژووە و هەم نموونەیە، ئیتر لایەنی چیرۆکییەکە بەهۆی متمانەداریی زنجیرە متمانەدارە هەواڵئامێزییەکە ئەگەری درۆی تێدا نامێنێت. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە لە زانستەکانی گێڕانەوەدا.

کەواتە لایەنی نموونەیی لێرەدا، لە ڕێی مێژوویی و تێپەڕاندنی مێژووییەوە دێت، بە شێوەیەک کە مێژووگەرایی نابێتە بەربەستێک یان گرێیەک لە بەردەم نموونەگەرایی گێڕانەوەی ژیاننامەی پیرۆزی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر).

یەکێک لە گرنگترین ئەو کارانەی کە وای لێ کردین ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وەک گێڕانەوە بخەینە ناو چوارچێوەی هونەری گێڕانەوەی بیستۆکی و چاوەکی، ئەوەیە کە توێژەر "ئیبراهیم بەییومی غانم[1]" پێی دەڵێت: کولتووری وەقف، چونکە ڕابردوودا، هەندێ وەقفی تایبەت هەبووە کە دانراوە تەنها بۆ خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە پەڕتووکی "سیرەی ئیبن هیشام"ەوە، یان لە کەسانی ترەوە کە ژیاننامەی پێغەمبەریان نووسیوە، ئەمەش وەکو بەشێک لە جێگیربوونی

[1] إبراهيم البيومي غانم: دکتۆر ئیبراهیم پسپۆڕی زانستە سیاسییەکانە و لە ١٩٥٩ لە میسر لەدایک بووە. لەزانکۆکانی میسر مامۆستایە. (و)

کەلەپووری ئاینی لە کولتووری ئیسلامیدا لە ڕێگەی وەقفەکانەوە، هەر ئەمەش نیشانەی وابەستەیی بابەتەکەیە بە ژیانەوە، لە ڕێگەی ئەو کردارە ڕۆژانەیەی تایبەتە بە نزیکبوونەوە لە خودای گەورە[1].

**ج- چیرۆکی فۆلکلۆریی "هەزار و یەک شەوە" وەکو نموونەیەک:**

یەکەمین شتی سەرنجڕاکێش لە چیرۆکی هەزار و یەک شەوە (ألف لیلة و لیلة)دا، بریتییە لەوەی کە دانەرەکەی دیار نییە. دارشتنێکی تۆکمەی هەیە، کۆنەستی ئوممەتی ئیسلامی بە جوانترین شێوە دەنوێنێت. ئەم کارە مەزنە سەرسوڕهێنەرە نەک هەر نووسەرەکەی دیار نییە، بەڵکو ناتوانین بەتەواوی و بە وردی مێژووی دانانی دیاری بکەین. هەر بۆیە کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە کە لە چەندین وڵاتەوە بەشدار بوون لە دانانیدا، واتە ناتوانین شوێنێکیش دابنێین بۆ دانانی چیرۆکی هەزار و یەک شەوە. ئەم وردەکارییە گرنگە لە بەرامبەردا وردەکارییەکی ناوەکیی هاوشێوەی هەیە، کە ئەویش بریتییە لەوە کە هەموو کارەکە بەتەواوی لەسەر زمانی یەک کەسەوە دەگێڕێتەوە کە ئەویش بریتییە لە شازادە "شەهرزاد". بەو واتایەی کە نەزانینی کەسایەتیی نووسەر/هونەرمەندی چیرۆکبێژ، لە بەرامبەریدا زانینی کەسایەتیی گێڕەرەوە/ چیرۆکبێژی ناوەکیی هەیە، لە کاتێکدا جیهانی دەرەوە جیهانێکی نێرینەییە، بێگومان دەبینین جیهانی ناخی و ناخەکی سەر دەکەوێت کە سەرکەوتنەکە دەداتە ئافرەت. وە دەتوانێت کێشە و

[1] Ibrahim Ghanm, Osama El Kaffash- Alwaqf – how Islam has tacled the issue of civil society- Apaper presented to the 27 ICSW International Confrance July 29- August 3 1996- Hong Kong .

کارەساتی کوشتنی ژنان هەڵبگرێت، بە زیرەکیی خۆی و مەعریفە سەرسوڕهێنەرەکەی.

بێگومان ئەم بەرامبەربوونە خەونییانە (التقابلات الحلمية) بەرهەمی عەقڵێکی دەستەجەمعییە، بەڵام ئەمە یارمەتیی ئەوەمان نادات کە هەموو وردەکاریی ئەو ڕەمزانەی کە بە ئەندازەیەکی زۆر لەناویدا هەیە، بەتەواوی وردی بکەینەوە، ناتوانین هەموو واتا جیاواز و فرەکانی کە چەندین تەئویل هەڵبگرێت، ڕاڤە بکەین. ئەوەی کە لای ئێمە گرنگە بریتییە لە دیدگەی تێکڕایی گشتیی کارەکە. بێگومان گەلێ کاری ئەورووپی لەژێر کاریگەریی ئەم چیرۆکی هەزار و یەک شەوەدا بوون. وەکو "دیکامیرۆن"، "بوکاشیۆ" و "چیرۆکەکانی کانتربری"ی چۆسەن. دەشتوانین بڵێین کە شێوازی بوونی چەن چیرۆکێک لەناو یەک چیرۆکدا کاریگەریی لەسەر زۆر چیرۆکنووس داناوە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە "بۆرخێس" یەکێک بووە لەو کەسانەی کە زۆرترین وەرگرتنی هەبووە لە چیرۆکی هەزار و یەک شەوە و لێی هەڵگۆزیوە.

لە ئەدەبی عەرەبیی هاوچەرخیشدا، کەسانێک دەبینین وەک "نجيب محفوظ[1]" و "توفيق الحكيم[2]" و "طه حسين[3]" و گەلێکی تریش، کەوا سوودیان لێ وەرگرتووە. بێگومان ئەم کارە مەزنەی نووسەرێکی دیاریکراوی نییە داکۆکیی لەسەر ئەو ئاکاری ژیانییە دەکات، کە پێشتر باسمان کرد، هەروەها داکۆکی لەسەر دیدگەی ئیسلام دەکاتەوە بۆ

---

[1] نەجیب مەحفوظ (١٠١١ – ٢٠٠٦ز):ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی میسری. خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا. (و).

[2] توفيق الحكيم (١٨٩٨– ١٩٨٧ز): نووسەر و ئەدیب و ڕۆماننووس و شانۆنووسی میسری. (و).

[3] طه حسين (١٨٨٩ – ١٩٧٣ز): ئەدیب و نووسەر و ڕەخنەگری میسری. (و)

هــونەر، لەو لایەنەوە کە کــاریکی بەســوود بــۆ خەڵکــی گرینگتــرە و مانــدگارترە لە بکەر/بەدیهێــنەر. ئاکــاری پێکهــاتەییش لە تایبەتمەنــدیی دووهەمــی هەزار و یەک شــەوەدا دەردەکەوێــت، کە بە شــێوەیەکی بــازنەییە، چــونکە کــارەکە پێکهــاتەیەکی بــازنەیی هەیە، چیــرۆکەکە چیرۆکێکــی فــراوانە، چیرۆکێکــی تــر بەشــوێنیدا دێــت وە بەم شــێوەیە کۆمەڵێ چیرۆک لەناو چیرۆکەکەدا هەیە، وە هەمیشــە چیرۆکــی دووهەم دەگەڕێــــتەوە بــــۆ یەکەم، لە پەیوەنــــدییەکی ئــــاڵۆزی بونیــــادیی سەرسوڕهێنەردا. نموونەیەک بۆ ئەمەش چیرۆکی "حاسب کریم الدین و شــاژنی مارەکــان"دا[1]، کاتێــک پاشــای مارەکــان چیرۆکــی "بلووقیــا" دەگێــڕێتەوە، لەنــاو چیرۆکــی بلووقیاشــدا چیرۆکــی "جــان شاهــ" هەیە، پاشــان چیرۆکی بلووقیا تەواو دەبێت، پاشــتر چیرۆکــی ســەرەکی تەواو دەبێــت. جــگە لەم پێکهــاتە بونیــادییە، پێکهــاتەیەکی ســەرســوڕهێنانە لە وردەکارییە سەرسوڕهێنەرەکانیدا هەیە، کاتێک دەبینیت پەری و مــرۆڤ و ئاژەڵەکان و بەدیهێنراوەکانی تــر بە تەنیشــتی یەکەوەن و لەگەڵ یەکدا ململانێــی نێــو ژیــان دەکەن لە نــاو سیســتەمێکی ســەرســوڕهێنەردا، بە هەموو پێکهاتەیی و ئاڵۆزییەکەیەوە.

ئێمە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی چیرۆکــی "حاسب کریم الدین"مان لە خۆمانەوە نەهێناوە، بەڵکو بەهۆی بــوونی ئەو ڕۆحە ئیســلامییە تۆکمەیە کە تێیدایە و تیشک ئەداتەوە، چونکە بانگهێشــتێکی بەردەوامــی تێدایە بۆ عیبادەت و موژدەی هاتنی پێغەمبەر (درووودی خودای لەســەر)ی تێدایە، هەروەهــا گــۆڕانی ســەرســوڕهێنەری تێــدایە کە بە دەســەڵات و هێــزی

[1] الاغنية الشعبية – احمد مرسي – الهيئة المصرية العامة للكتاب- مهرجان القراءة للجميع – مكتبة الاسرة ١٩٩٦.

خــودای گەورە ڕوو دەدات، ئیمــانێکی ســۆفیگەرایی قــووڵی تێــدایە و خوێنەر تێبینیی دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری.

چیرۆکەکە بەگشتی نموونەیەکی سەرسوڕهێنەرە لەسەر ئەو ئاکار و ســیفەتانەی کەوا پێشــتر باســمان کــرد لە هــونەری ئیســلامیدا، کە ژیانئــامێزی و پێکهــاتەیی و عیبــادەتخوازییە. وە هەروەهــا پــڕە لە ڕەمزییەت و کۆڕەمزییەکان.

**تایبەتمەنــدیی ســێهەم:** لە چیرۆکــی هەزار و یەک شــەوەدا، کە لە چیرۆکی "حاسب کریم الدین" و پاشای مارەکاندا دەردەکەوێت، بریتییە لەو توانا لەڕادەبەدەرەی هەمــوو ئاســتەکان پێکەوە دەبەســتێت، کاتێک دەبینــین کە ســۆفی و زانــا ڕەمــزییەت وە کولتــووریکی بــاڵای تێــدا ئەدۆزێتەوە، هەروەها خوێنەر خوێنەری ئاساییش ئەو چێژی چیرۆک و گێــڕانەوە شــیرینە لەدەســت نــادات کە بەرەو جیهــانە نــامۆ و سەرســوڕهێنەرەکانی دەبــات و ژیــان و زەحمەتەکــانی ژیــانی لەبیــر دەباتەوە. ئەم تایبەتمەندیی پێکەوەبەستنە باڵایە لە بناغەدا لەو توانای ژیانئامێزییەوە دێت کە بە ڕادەیەکی زۆر لە چیرۆکەکەدا هەیە، هەروەها لەو پێکهاتەییە بونیادی و وردەکارییە سەسوڕهێنەرەوە دێت کە پێشتر باسمان کرد.

### د- داستانە فۆلکلۆرییەکان و ژیاننامە و داڕشتە خەونییەکان:

داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییە ئیسلامییەکان تایبەتمەندی و ئاکاری کەموێنەی خۆی هەیە، هەر وەکو باسی دەکەین. سەرەڕای هەبوونی داســتان لەنــاو زۆربەی فەرهەنــگ و شارســتانییەکاندا، وەکــو چیرۆکــی ئۆدیسە و ئیلیادە و چیرۆکی تر لە شارستانیەتی گریکی و ڕۆمانیدا، وە

"نیلۆنجیـــــات" و "ترســــــتان" و "ئیزۆڵـــــده" و "بیووڵــــــف" لای ئەنگلۆساکسـۆنییەکان، هەروەهـا داسـتانی تـری ڕۆژئـاوا وەک "بەڕێـز قەمببیتۆر" و "ڕۆلان" و گەلێکی تریش، هەروەها "مەهاباراتا" و "ڕامایانا" لە ڕۆژهەڵاتی دوور.

لە گرنگتـــرین تایبەتمەنـــدییەکانی داســـتان و چیرۆکـــی فۆلکلـــۆری ئیسـلامی، بـریتییە لە نەبـوونی دانەرێـک، لە بەرامبەریـدا چیرۆکبێـژ یـان گێڕەرەوانـی ژیاننـامە هەیە. ئەم مەعـریفەیەش کە داسـتانەکەی تێدایە بە شێوەیەکی زارەکی دەگوێزێتەوە لە باپیرەوە بۆ بـاوک و لە بـاوکەوە بۆ کـوڕ. داســتان لە خۆیــدا بــریتییە لە پڕۆســەیەکی پەیوەســتبوون و پێکەوەبەســرانەوە لە نێــوان نەوەکانـــدا، وە ئەمەش دەبێـــتە هـــۆی کەمکـردنەوە و سـووککردنی ئەو ململانـێ توندەی کە لەنێـوان نەوەکـان (الأجیـــال)دا چـــاوەڕوان دەکرێـــت، وە هەروەهـــا داســـتان یەکـــێکە لە هۆکارەکـــانی پێکەوەبەســـتن و لێکنزیککـــردنەوەی خێزانـــی، ئەمەش لە ڕێگەی باوانەوە کە منداڵەکان فێر دەکەن و لەگەڵ نەوەکانـدا دەمێنێتەوە. دەبێـــتە هـــۆی نەهێشـــتن یـــان کەمکـــردنەوەی ڕووبەڕووبـــوونەوەی چاوەڕوانکراوی نەوەکـان، دەشـبێتە هۆکـارێکی پێکەوەژیـانی خێزانەکـان، لە ڕێگەی گەیاندنی بە منداڵەکان و خزمـان. هەروەهـا پرۆسـەی گرنگیـی پتەوکردنـــی پەیوەســـتبوونی کـــۆمەڵایەتی و دروســـتکردنی ژیـــانی کـۆمەڵایەتیی دەرەوەی خێزانـــی نـــاوکی و تەنـــانەت پەیوەنـــدیی لەگەڵ کەسایەتییەکانی نێو داستانەکەدا لە ڕێگەی خزمـایەتیی خەیاڵی دروست

دەکات، بەم شێوەیە لە ڕێگەی گێرانەوەی خودی داستانەکەوە کۆمەڵێکی ناوەنجیی پێکەوەبەستراو پێک دەهێنێت[1].

ئاکـــاری نەبـــوونی دانەر و دەرکەوتنـــی چیرۆکبێژمـــان وەک تایبەتمەندییەکی ناوەکی بینی لە چیرۆکی هەزار و یەک شـەوەدا، لێرەدا ڕۆڵی چیرۆکبێژی ڕاستەقینە زۆرتر دەبێت و ڕۆڵی بزوێنەری کردەیی ڕووداوەکانی داسـتانەکە دەبێت، ئیتر هەژمـوونی چیرۆکگێڕەوە لەسـەر داسـتانەکە زۆر دەبێـت و گرنگیـی دەنگـی چیرۆکگێـرەوە لە پرۆسـەی گێڕانەوەکەدا زۆرتر دەبێت.

گرینگیی هەبوونی دەنگی گێڕەرەوە لە دوو تایبەتمەندیی زۆر گرنگ و سـەرەتاییدا دەردەکەوێت: یەکەم: نـاوەکی و بونیـادییە. ئەم نـاوەکی و بونیـادیبوونەش بـریتییە لە نەرمـی. دووهەم: تایبەتمەنـدیی دەرەکـی و کـۆمەڵایەتییە، کە بـریتییە لە کـاریگەربوونی چیرۆکبێـژ بە کـۆمەڵی گوێگران یان ڕۆڵی کارای گوێگرەکان لە داسـتانەکەدا. ئەوەش لە ڕێگەی پەیبردنیان بە گرنگیی دەنگ و ڕۆڵی چیرۆکبێژ لە داستانەکەدا.

خۆم هەستم بە تایبەتمەندیی نەرمیی کردووە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو "عزت شوقی قناوی"دا، چیرۆکبێژی بەتوانای "الهلالیة"، کاتێک چەن بەیت و چوارینەیەکی تایبەت بە ناوی ئەو کەسـانە دەخوێندەوە کە ئامادەییـان هەبـوو لە هاوڕێیـان، ئەمەش وەکـو سـڵاوێک وا بـوو بۆیـان. کـاتێ کە دەهاتنە سـەر شـانۆ بچـووکەکە لە ئۆپڕادا لە کـاتی پڕۆڤەکردنـدا. هەمـان بەیتـی شـیعری و چوارینەشـی دووبـارە دەکـردەوە لەنـاو خـودی

[1] Nora Boustany At Day`s End, Where there is still time for a Story -The Washingtonpost National Weekly Edition, March 6- 12/1995-p.19.

خوێندنەوەی ژیاننامەکەدا[١]. پەیامنێری واشنتۆن پۆست: "نورا بستانی" ئەزمـــوونێکی هاوشـــێوەی ئەم ئەزمـــوونەی مـــن بـــاس دەکـــات لەگەڵ چیرۆکبێژێکـدا کە چیرۆکـی "عەنـتەرە" دەگێـڕێتەوە. دەڵێـت کە چـۆن چیرۆکگێڕەوەکە لە لایەنی خۆیەوە چەند بەیت و چەند چوارینەی بۆ ژیاننامەکە زیاد دەکرد، بۆ ئەوەی پەلە بکات لە ڕزگارکردنی "عەبلە" لە دیلی، ئەمەش وەکو ڕازییکردنێکی ئەو کەسانە بوون کە بینەر و گوێگر بوون و لەناو ڕووداوەکەدا ڕۆ چووبوون[٢].

ئەم تایبەتمەندیی نەرمییە، دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوون و پێکداچوونی کارای گوێگرەکان. بۆ نموونە لە چیرۆکی "الهلالیة"دا گوێگران دەبن بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان دەبێتە لایەنگری "ئەبو زەید" و ئەوی تریان پشتیوانی لە "دەییاب بن غالب" دەکات. بەم شێوەیە هەریەک لەوان داوا دەکات لە چیرۆکگێڕەوە کارە گرنگەکانی ئەو باس بکات، خراپییەکانی بەرامبەرەکەشی باس بکات. هەروەها ئەم دڵگەرمی و حەماسەتە وای لێ دەهات هەندێک جار ئەو دوو گرووپە پێکدادان لە نێوانیاندا دروست دەبـــوو، ئیتـــر چیرۆکگێـــڕەوە ئەم هەلەی دەقۆســـتەوە و تایبەتمەنـــدیی نەرمیـی گێـڕانەوەی بەکـار دەهێنـا و چەنـد شـتێکی لە لایەن خـۆیەوە دەخســـتە ســـەر بـــابەتەکە و تـــووڕەیی و ترســـی ئامـــادەبووانی کەم دەکردەوە و بەم شێوەیە بەردەوام دەبوو.

کەواتە ئەگەر بهاتبـایە و ژیاننـامە یـان داسـتانەکە زۆر سـنووردار بووایە و بواری دەسکاریی نەبووایە، نەرمیی تێدا نەبووایە و خاوەن

---

[١] الاغنية الشعبية – احمد مرسي – الهيئة المصرية العامة للكتاب – مهرجان القراءة للجميع – مكتبة الاسرة، ١٩٩٦.

[2] Nora Boustany op. cit.

یەک دانەر بووایە، چیرۆکگێڕەوە نەیدەتوانی دەستیۆەردانی تێدا بکات، ئیدی لەو کاتەدا گەلێ لەو ئیزافاتە جوانانەمان لەدەست ئەدا، کە چیرۆکبێژەکان بەپێی نەوەکان یەک لەدوای یەک خستوویانەتە سەر چیرۆکەکان. هەروەها تایبەتمەندیی دەستیۆەردانی کارا و کاریگەری سەر گوێگرانیشمان لەدەست دەچوو.

وەک دەبینین ئەم دوو تایبەتمەندییە لە ئاکاری گرنگی ژیاننامێزییەوە هەڵدەقوڵێن، بە واتای ئەوەی کە گێڕانەوەی ژیاننامە بوونەوەرێکی زۆر زیندووە و کاریگەریی دادەنێت لەسەر دەرەوەی خۆی و کاریشی تێ دەکرێت، هەردووکیشیان ئاکاری پێکهاتەیی دروست دەکەن، واتە نەرمیی پێکداچوونی کارای جەماوەر ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە بونیادی ژیاننامەگێڕانەوەدا، چونکە ئەم دووانە دەوڵەمەندی دەکەن و شتی دەخەنە سەر. ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندییەکی تری زۆرەوە ڕوو دەدات کە بریتییە لە دووبارەبوونەوە و دووبارەکردنەوە، چونکە ئەو یەکە سەردییە پتر لە جارێک دووبارە دەکرێتەوە، تا گشتێکی پێکهاتوو دروست بکرێت، کە دەتوانێت کۆی جەبری یەکەکانی ناوی و یەکەیەکی نوێ وەک تۆخمێکی بونیادی دروست بکات لەناو سیستمێکی دووبارەبوونەوەی نوێ، بەم شێوەیە ئەم پێکهاتە تۆکمەیە و نەرمە بەردەوام دەبێت.

لە داستانی "سیف بن ذی یزن"[1] دا هەمان دووبارەبوونەوە دەبینین لە چەند دیمەنێکدا، کە جەنگی نێوان مسوڵمانان و بێباوەڕانە، کاتێک یەکەیەک دەست دەکات بە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی تاکەکەسی، سوارچاکێک لە مسوڵمانان دێتە دەرەوە و چیرۆکبێژەکە کۆمەڵێ ئاکار

[1] سیف بن ذي یزن – المجلد الرابع – مکتبة ومطبعة المشهد الحسیني ص٥٥-٥٦.

و سیفەتی دووبارەی دەربارە دەڵێت، وەک: کەسێک نوقم بووە لەناو ئاسن و زریی چین لەسەر چینی لەشیدا[1]، پاشان باسی لێهاتوویەکەی دەکات، دەڵێت: "بە شێوەیەک یاری بە شمشێر و بە ڕم کردووە، کە عەقڵی هەموو دلێرەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووە"[2]. پاشان بە ڕستەیەکی دووبارە خۆی دەناسێنێت و دەڵێت: "ئەو کەسەی کە منی ناسیوە بەسیەتی، کەسێکیش منی نەناسیبێت، ئەوا شتێکی نادیار لە مندا نییە"[3]. پاشان چەن بەیتێکی شیعری بۆ پیاهەڵدانی خۆی دەڵێت. بەم شێوەیە لە گرووپی بێباوەڕانیشەوە سوارچاکێک دێت، وە چیرۆکبێژ دەست دەکات بە باسکردنی شمشێرکاریی نێوانیان و کۆتایی چیرۆکەکە بە سەرکەوتنی سوارچاکە مسوڵمانەکە کۆتایی پێ دێنێت.

ئەم یەکەیەش - کە چەندین یەکەی بونیادی ناوەکیی پەروەردەکاریی دووبارەی تێدایە – بە هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە، کۆی ئەمانە یەکەیەکی جەنگین دژ بە سوپای کافران. هەموو یەکەکانی جەنگیش بریتین لە چەند یەکەیەکی دووبارەکراوە لەناو بونیادی گشتیی داستانەکەدا. هەروەها لەنێویدا جەنگی سیحربازەکان و جەنگی پاشاکان دەبینین. هەموو ئەمانەش چەند کارێکی جۆربەجۆری نەرمن، کە نموونەی یەکەی جەنگ بۆتە سەرمەشقیان. بۆ نموونە لە جەنگی ساحیرەکاندا کەرەستەکانی جەنگ دەگۆڕێن لە شمشێرەوە بۆ ڕم و کیسەی گەورەی کەلوپەلی جەنگ و کیف و کێلان، کاغەز و ئەو شتانەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٥٦-٥٧.
[2] سەرچاوەی پێشوو ص٥٦-٥٧.
[3] سەرچاوەی پێشوو ص ٥٦-٥٧- ٥٨.

تریش کەوا لە سیحردا سوودی لێ وەرگیراوە[1]، کە ڕاوی بەدرێژی و بەوردی باسی دەکات. خۆ ئەگەر ئومێدێک هەبێت بە پاڵەوانی دژی نێو یەکەکە یان کەسێکی بەهێز و بەتوانا بێت، ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە وا دادەڕێژرێت و بە دیل بگیرێت و پاشان مسوڵمان بێت. کەواتە ئەنجامەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، سەرەڕای حەتمیبوونی و ئاگاداریمان لە چیرۆکەکە، واتە حەتمیەتێکی نەرمە - ئەگەر ئەم دەربڕینە گونجاو بێت بۆی -، یان سەبەبییەتێکی نەخشێنراوە هەر وەک دکتۆر "عبدالوهاب المسیری" لە پێشەکیی ئەنسایکلۆپیدیای (إشکالیة التحیز)دا دەڵێت[2].

سیفەتی هاودژی (التضاد) یان هەبوونی پاڵەوانێکی دژ یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکە فولکلۆرییەکان، دەبینین کە ئەم پاڵەوانەش بەبەردەوامی لە سەرەتای چیرۆکەکەوە وەک کۆتاییەکەی ئامادەیە، کۆتاییەکەشی شتێکی حەتمییە و دەیزانین، بەڵام سیفەتی دووبارەبوونەوەی هەمیشە وامان لێ دەکات کە هەوڵ دەدرێت پاڵەوانەکە بکەوێت، هەر وەکو لە چیرۆکە سەرکەشییەکانی "ظاهیر بەیبەرز"دا دەیبینین[3] لەگەڵ ئەو کەسە خراپەکارانەدا کە "جوان" لەگەڵ ڕێگر و تێکدەرانەدا کە "جوان"ی پاڵەوان دەیاننێرێت. نموونەی سەرەتایی ئەم پاڵەوانە کە وەک وتمان پاڵەوانێکی دژە و بەردەوامیی هەیە، یان تیۆریسینێک (منظر) بریتییە لە ئیبلیس، کە وا خۆی ڕاستییەکان دەزانێت، بەڵام خۆی بە گەورەتر دەزانێت و دەیەوێت لەسەر کاری خراپە و بەتاڵ بەردەوام بێت. ئەمەش ئاکاری هەموو ئەو پاڵەوانە دژانەیە لە

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٢-٣.
[2] عبدالوهاب المسیري – اشکالیة التحیز.
[3] الظاهر بیبرس – الهیئة المصریة العامة للکتاب القاهرة – ١٩٩٤ ، ادب الحرب.

چیرۆکەکاندا، چ "بەختەک" بێت لە چیرۆکی "حەمزەی پاڵەوان"دا[1]، یان "دوو حەکیمە نەفرەتلێکراوەکە[2]، سەقردیون و سەقردیوس" لە "سیف بن ذی یزن"دا، یان کوڕەکەی کە "شێخێکی نەگبەت"[3] بووە لە چیرۆکی "شازادەی خاوەن هیممەت"دا، یان "جەوان قەڕنان" لە چیرۆکی "الظاهر بەیبەرز"[4]دا. وە چەندین نموونەی تریش.

بەم شێوەیە چیرۆکی نموونەی تر هەیە. ئەم سیفەتە گرنگە هەمووی لەسەر نموونەی ئیبلیس دانراوە کە هەمووی لە قورئاندا هەیە. نەک تەنها لەو ڕووەوە کەوا بەرجەستەبوونی خراپەیە وەکو سیفەتێک لە سیفەتە بناغەییەکانی شەیتان لە میثیۆلۆجیای ڕۆژئاوادا. بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە بەرجەستەبوونی تەکەبور و خۆبەگەورەزانین و لەخۆباییبوونە. سەرەڕای ئەوەی کەوا ڕاستییەکان دەزانێت و باوەڕی بە خوداش هەیە.

چونکە تاوانی ئیبلیس لەوەدایە کە حەق قەبووڵ ناکات و ملکەچ نابێت. وە لەوێوە هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ ئەوەی مرۆڤەکان خراپ بکات و بەرەو خراپەیان ببات. کە پێچەوانەی ئامانجی دروستکرانی مرۆڤە. وە لێرەوە سیفەتی تاک و تەنهایی و تەوحیدی خودا دەردەکەوێت. چونکە خودای گەورە لە دەرەوەی ئەو سیستەمە بونیادییەدایە کەوا داستانەکە درووستی دەکات. وە ململانێیش لەنێوان خێردا کە مرۆڤ نوێنەرایەتیی دەکات ئەو مرۆڤانەی کەوا عاقڵ و

[1] حمزة البهلوان- مكتبة ومطبعة المشهد الحسيني.
[2] سيف بن ذي يزن – مكتبة ومطبعة المشهد الحسيني.
[3] الاميرة ذات الهمة، دار المعارف بالقاهرة (طبعة مختصرة).
[4] الظاهر بيبرس.

بەرپرسن وە خاوەن ئازادیی بژاردەی خۆیانن، وە لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ شەڕ و خراپەدا کە لەناو هەندێ لە مرۆڤە خراپەکاندا هەیە، کە شەیتان لەخشتەی بردوون و بوون بە هاوڕێی شەیتان و هاوکاروان و هاوڕێبازی شەیتان، بۆیە لێرەوە لەم چیرۆکانەدا ئەبینین کەوا خودای گەورە بە پاک و بێگەردیی نیشان دەدرێت وە ناهێنرێتە ناو سیستەمی ماددیی دونیایی. وە قورئانیش دەکرێتە نموونەیەکی باڵا، وەک ڕێنوێنێک. کە تەجەللا دەکات لە بانگکردنی خەڵکدا بۆ خواپەرستی و بیرکردنەوە و کرداری جوان، هەر وەک پێشتر باسمان کرد.

وە سیفەتی خواپەرستی و ڕۆحانیەت لەو دەورە سۆفیگەرییایە کەوا مامۆستاکانی خواناسان و عاریفان یان بەندە ساڵحەکان لە چیرۆکەکاندا دەینوێنن. هەر وەک لە چیرۆکی زاهیر بەیبەرزدا لەگەڵ خواناس "سیدی عەلیل مولیجی" کاتێ کە ڕزگاری کرد لەو بەربەست و هێرشبەرە خراپەی شەقاوە شەڕەنگێزەکان کە تاوانبار "جەوان"ی پاڵەوانی دژ ناردبوونی بۆ کوشتنی، پاش ئەوەی (الظاهر)ی پاڵەوان زۆر نزیک بوویەوە لە مردن[1]. نموونەی ئەم کەسایەتییانەش لە کەسایەتیی (خضر)دا دەبینین لە داستانی "حەمزەی پاڵەوان"[2] و داستانی "سیف بن ذي يزن"دا[3] (لەناو گەلانی کورد و فارس و تورک و ئوردوو و گەلانی تری مسوڵمان لە ئاسیا و ئەفریقیادا گەلێک لە پیاوچاکان بوونەتە پاڵەوانی داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان. هەروەها خدری زیندە زۆر جار ئامادەیی هەبووە. - وە - )

---

[1]الظاهر بيبرس – ج١، ص٧٤٠-٧٤٤.

[2]حمزة البهلوان.

[3]سيف بن ذي يزن.

زۆر گرنگە بزانین بۆچی کۆنەستی میللیی کەسایەتیی "خضر"ی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی ویست (إرادة)ی خودای گەورە بکات، کە لە سەرووی لۆژیکی هۆگەرایی سادەوەیە.

ئەم جارەش وەڵامەکە ئیلهام وەرگرتنە لە نموونەی قورئانی و نموونەی ئەم جارەمان بریتییە لە چیرۆکی "مووسا و بەندە ساڵحەکە"[1] کە لای ڕاڤەکارانی قورئان ناوی "خضر"ە[2].

بۆ جاری سێهەم ئەم نموونە قورئانییە لە بیرۆکەی مۆژدە یان پێشبینیی ڕووداو، بۆ نموونە، لە داستانی "حمزة البهلوان"دا هەیە، کاتێک "کیسرا[3]" خەو دەبینێت بە لەدایکبوونی "حەمزەی ڕزگارکەر" وەک خوازە (استعارة)یەکی ڕوون لە چیرۆکی یوسف و لەدایکبوونی موسا و پەروەردەبوونی لە کۆشک و دامێنی فیرعەوندا، لە کاتێکدا تەقدیر وەها بوو پایەکانی ئەو کۆشکە و دەسەڵاتی فیرعەون لەناو بەرێت. ئەم شێوازە بونیادییەی لە قورئان وەردەگرێت و نموونە قورئانییەکانیش وەک ڕێنومایەک وەردەگرێت، لە بناغەدا داڕشتەیی خەون و چۆنیەتیی بونیادنانیمان بیر دەخاتەوە.

کەواتە ئەم قسەیەمان ڕاستە کاتێک وتمان ژیاننامە میللییەکان دەربڕینی کۆنەستی ئوممەتی ئیسلامین، ئەمەش لە توانای یەک دانەر تێدەپەڕێت و داکۆکی لەسەر سەربەخۆیی هەر ژیاننامەگێڕەوەیەک دەکات کە بەشدارە لە داڕشتن و گێڕانەوەی داستانەکەدا.

---

[1] سورة الكهف ٦٠- ٨٢ .

[2] لطائف المنن- المقدمة- القاهرة، ١٩٨٦، ابن عطاء الله، تقديم وتحقيق د. عبدالحليم محمود

[3] عەرەبەکان بە پاشای دەوڵەتی ساسانییان وتووە کیسرا. (و)

بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین بەراوردێک بکەین لە نێوان دارشتنی خەونامێزی و بونیادە داستانییەکەدا؟

ئێمە ئەگەر سەیرێکی پەرتووکیی "لێکدانەوەی خەونەکان"ی[1] فرۆید بکەین، باس لە چەند میکانیزمێکی کارکردن و دارشتنی خەون دەکات. یەکێک لەو میکانیزمانەش ڕووداوە هاوچەرخەکانە، یان ڕووداوی ڕۆژی پێشووتر و چڕبوونەوە و نەقڵکردن و وێنەی ڕەمزییە، هەموو ئەم میکانیزمانە لە بونیادی داستانیدا خۆی دەنوێنێت. بۆ نموونە ململانێی نێوان حەبەشییەکان و میسرییەکانی لە سەردەمی پاشا "سیف أرعد"[2]دا، کە ئیمپراتۆری حەبەشە بووە. وە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی "ظاهر بیبەرز"دا لە میسردا. ئەم چیرۆکەش لە ڕێگەی میکانیزمی گواستنەوە و بەکارهێنانی ماددەی ڕووداوی هاوچەرخی خۆی دەگوازرێتەوە بۆ ململانێی نێوان بێباوەڕانی حەبەشە و باوەڕدارانی عەرەب، بە سەرکردایەتیی "سیف بن ذي یزن" و گواستنەوەکەش هاوکات زەمەنی/شوێنی (مەکانی)یە. وە سوود لە کەسایەتییەکی مێژووی دوور و ڕابردوو وەردەگرێت کە لە پێش ئیسلامدا بووە، کە "سیف بن ذي یزن"ە، دەیهێنێتەوە و لە بەرامبەر "سیف الرعد"ی پاشای حەبەشەکان دایدەنێت. ئیدی لێرەوە سوود لە ڕووداوێکی کۆن وەردەگرێت، کە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەمەن لەگەڵ حەبەشییەکاندا لە سەردەمی "سیف بن ذي یزن"دا وەکو کەسایەتییەکی مێژوویی.

---

[1] تفسیر الاحلام – سیجمون فروید – دار المعارف، القاهرة ١٩٧٠.

[2] سیف بن ذي یزن. هەروەها بروانە: سیف بن ذي یزن (طبعة مختصرة)، دار المعارف، القاهرة- هەروەها: الملک سیف. فاروق خورشید.

لەو ڕێکارەوە دەبینین کە "سیف بن ذي یزن" چڕ کراوەتەوە وە ئاکارەکانی پتر لە کە کەسایەتییەکی مێژوویی و ئەفسانەیی تێدا کۆ دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ببێت بە کەسایەتییەکی نێو داستان، کە سرووشتێکی خەونئامێزی پێوە دیار بێت، بەڵام دەربارەی ڕەمز؛ ئەوا هەریەک لە سیحر و خەیاڵ و ڕووداوە سەیروسەمەرەکان، ڕەمزێکی زۆرن و زۆریشن لە نێو داستانەکاندا، تویژینەوە و لێکۆڵینەوەکان زۆر زۆرن کە هەوڵیان داوە قسەی لێوە بکەن. وەکو لەوحە ئەفسوونییەکان، کە دەتوانێت جینییەکان بانگ بکات بۆ لای خۆی لە چیرۆکی "سیف بن ذي یزن"دا، هەروەها ڕەمزییەتی سێکسی و گەلێک نموونەی تریشی تێدایە.

بەکورتی بونیادی داستانی زۆر لە بونیادی خەونی دەچێت، بەڵکو ڕەغبەت و ئارەزووی ئوممەت بەدی دەهێنێت لە تێپەڕاندنی ناڕەحەتییەکان و ئازارەکانیدا. وە بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانی لە ڕێگەی لۆژیکی چیرۆکی ژیاننامەوە، کە ڕۆڵی هاندان و دڵگەرمکردن دەبینێت لە کاتی قەیرانەکاندا.

هەوڵدان و دڵگەرمکردنیش لە ئاکاری زیادەڕۆیی (المبالغة)دا خۆیان دەنوێنن کە ئەویش لە توخمی دووبارەکردنەوە و قەبەکردنی ڕووداوەکانەوە هەمیشە کە لە چیرۆکەکاندا هەیە، دەردەکەوێت. بۆ نموونە باس لە سوپایەکی زۆری بێشوماری بێباوەڕان یاخود موشریکان دەکات، کە دێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مسوڵماناندا، وە هەمیشە لە چیرۆکەکاندا سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری نوێ لەناو کیسی بێباوەڕاندا دەردەکەوێت، بەڵام بە زیرەکی و وریایی و لێزانین و

پلانـدانانی مسـولْمانان و بە کـۆمەکی خـودای گەورە ئەو پـیلانە و ئەو توخمەی هێزی بێباوەڕەکان پووچەڵ دەکرێتەوە.

لێرەوە تێدەگەین کە زیادەڕەویکردن (مبالغة) دوو ڕۆڵی زۆر گرینگ دەبینێـت: یەکەمیـان، سەرنجڕاکێشـان و بیرهێنـان و ئەو نمـوونە قورئانییانەیە کە کاتێک باس لەوە دەکات کە سەرکەوتن لەلایەن خواوە دێت، سەرەڕای هێز و دەسەلاتی ژمارەی زۆری موشریکەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکان، گێڕانەوەکان، سوود لە نموونەیەکی تایبەت وەربگرن، ئەو نموونەش لە ئایەتی: ﴿كَم مِن فِئةٍ قليلةٍ غلبة فئةٍ كثيرةٍ باذنِ الله.﴾[1] واتە: چەند کـۆمەڵی کەم هەبـووە کە توانیویـانە زاڵ بـبن بەسـەر کۆمەڵێکی زۆرتر لە خۆیان؟ دەردەکەوێت و موبالەغەکردنیش دەبێتەوە بە تـوخمێکی تـر کە ئیـزافە دەکرێـت و نەرمییەکـی تـر دەبەخشـێت بە داسـتانەکان و دڵگەرمیـیەک و تەشـویقێکی زیـاتر دەبەخشـێت بەو کەسانەی کەوا گوێی لێ دەگرن یا دەیخوێننەوە، کە بەردەوام ئەم جۆرە کەسـانە هەمیشـە چـاوەڕێی تـوخمێکی نـوێی سەرسـوڕهێنەر دەکەن لە ڕیـزی کافرەکانـدا، لەوێـوە تـوخمی موبـالەغە دووبـارە دێـتەوە بـۆ داکۆکیکردن لەسەر بیرۆکەی هۆکارگەرایی دیار و خۆنوێن، کەوا خودی چیرۆکی ژیاننامەکە لەسەری بونیاد نراوە.

بەلام گرنگتـرین ئەو جیاوازییـانەی کەوا چیرۆکـی فۆلکلـۆریی ئیسلامی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پرۆسەیەکی بەردەوامە. دەبینین کە داستان و ژیاننامە بەردەوام زیاد دەبێت و دێتە سەر کۆگای چیرۆکە فۆلکلۆرییەکـانی نێـو نەسـتی خەڵکـی، وەکـو چیرۆکـی "شـەفیقە و موتەوەللی" و "سالمة و سلمان" و "یاسین و بەهیە" "حەسەن و نەعیمە"

[1] سورة البقرة: ٢٤٩.

و "فەهیم و فەهیمە" و "ابن عروس". (مەم و زین" و "لاس و خەزاڵ" و "داستانی قەڵای دمدم" و" دوانزە سوارەی مەریوان". - وە -) هەموویان ژیاننامە و داستانن چ ئەوەی جێگیر بووە و چ ئەوەی بەردەوام لە پێکهاتن و دروستبووندان، هەموویان بەڵگەن لەسەر بەردەوامیی ئەم هونەرە تایبەتە.

## د- مەقامە و تایبەتمەندیی تەقطیع:

هونەری مەقامە لە ئەدەبی عەرەبیدا گەلێک گرنگیی پێ دراوە، بریتییە لە هونەرێک کە تایبەتمەندیی بەهێزی هەیە، چ لە ڕووی بونیادی شێوەی، چ لە ڕووی ناوەڕۆکی فێرکارییەوە، لە ئەنجامی ئەم تایبەتمەندییە بونیادییەی کە لە تەقتیع و بەشوێنیەکداهاتنی بەشەکانیەوە بە شێوەیەکی هارمۆنی و کێشدار و قافیەدارییەکی جوان و ڕێکوپێک هاتووە، ئەم هونەرە بۆتە هونەرێکی بیستۆکی/دیدەیی (چاوەکی)شە و خەڵکی لەبەریان کردووە و گواستوویانەتەوە بۆ یەکدی، بەکاریش هێنراوە بۆ فێرکردنی قوتابیان، گرنگیی خۆی هەبووە، هەر وەکو دکتۆر "شوقی ضیف[1]" لە کتێبی "المقامة"دا[2] باسی دەکات.

لە هەمان پەڕتووکدا دکتۆر شەوقی ضیف بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "بریتییە لە قسەکردنێک کە لەسەر شێوەی چیرۆکی کورت باس دەکرێت، وە چیرۆکبێژەکە زۆر بەوردی وشە و شێوازەکانی

---

[1] أحمد شوقي عبدالسلام ضيف (١٩١٠ – ٢٠٠٥ز): ناسراو بە شەوقی ضەیف، ئەدیب و زماناسی گەورەی میسری، خاوەنی نزیکەی ٥٠ پەرتووکە. (و).

[2] المقامة- د. شوقي ضيف، دار المعارف، القاهرة، ج٢ ص٢، سلسلة فنون الادب العربي

هەڵدەبژێرێت و دەری دەبڕێت و چیرۆکگێڕەوە و پاڵەوان دوو پایەی سەرەکیی مەقامن"[1].

ئەم پێناسە کۆکەرەوە و سەرتاپاگیریی ناوەڕۆکی مەقامەیە، بیرۆکەیەکمان دەربارەی تایبەتمەندییەکانی نێوان مەقامە و ژیاننامەگێڕانەوە پێ دەدات، بەتایبەتی لەو لایەنەوە کە چیرۆکگێڕەوەیەک هەیە یان پاڵەوانێک هەیە کە جیاوازە لە خودی نووسەر و دانەری بابەتەکە.

ئەمەش جیای دەکاتەوە لە ژیاننامە فۆلکلۆرییەکان و داستانەکان، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە هەبوونی خاوەنەکەی یان نووسەرەکەی یان داڕێژەرەکەی دەردەخات. ڕەنگە هەبوونی دانەرێکی وەک "الحريري"[2] یان "الهمذاني"[3] کە وای لێ کردووە ببێتە هۆی ئەوەی داڕشتنی خەونی لە مەقامەکەدا نەمێنێت و بووەتە شتێکی تۆمارکراو و فێرکاری و پڕ بووە لە وشەی واقیعی و جەنگنامەیی. تەنانەت دەتوانین ئێمە مەقامات بەکار بهێنین وەک دۆسیەییێکی پڕ لە وێنە، کە بە زمان وێنەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی کێشاوە. ئەوەتا دەبینین هەمیشە لەنێو مەقامەکاندا چەند ئاکارێکی وردمان هەیە بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو، وەک دانیشتنی شوێنی قەزاوەت و دادوەری، هەروەها ئەو کەسایەتییانەی کە ناکۆکی و نیزاعیان هەیە لە نێوانیاندا لە مەقامەکاندا،

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٨.

[2] محمد الحريري البصري (١٠٥٤ – ١١٢٢ز): یەکێکە لە گەورە ئەدیبانی عەرەب، لە بەسرە لەدایک بووە. خاوەنی پەڕتووکی (مقامات الحريري)یە. (و).

[3] أحمد بن حسين التغلبي الهمداني (٩٦٩ – ١٠٠٧ز): یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی ئەدەبی عەرەبی. خاوەنی (مقامات بديع الزمان الهمذاني)یە. (و)

بۆ نموونە لە مەقامەی "ئەسکەندەرانی" حەریریدا[1]، یان وەک نموونەی یارییەکان، یاریی شەترەنج لە مەقامەی "الوصیة"دا کە هەمەدانی نووسیویەتی[2]، یان وەک پیشە و نموونە سەرەتاییە دووبارەکانی (Stereotypes)، وەکو پیشەی سەرتاشین و کەڵەشاخگرتن و بازرگان و نموونەی تری لەم بابەتە[3].

کەواتە مەقامات ڕۆڵێکی ژیانئامێزی و فێرکاری دەبینێت، هەر بۆیە زۆر لێکدانەوە و ڕاڤەی بۆ کراوە، ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەش پێکهاتەیەکی پتری خستۆتە سەری، بەڵام وایان لێ نەهاتووە کە بیکەنە هونەرێکی نەمر، بەڵکو بۆتە بەرهەمێکی دۆکیومێنتیاری بۆ سەردەمێکی دیاریکراو.

## هـ - کەسایەتییە دووبارەکان لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا:

یەکێک لەو هونەری گێڕانەوەی بیستۆکی/دیدەییانەی پێویستی بە چیرۆکگێڕەوەیەکی بەتوانایە، کە توانایەکی تایبەتی گێڕانەوەی هەبێت لە هونەری ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرییە کورتانەدا، کە بەدەوری کەسایەتییەکی دیاریکراودا دەسووڕێتەوە.

هەمیشە چیرۆکەکە جۆرێک لە قسەی خۆش و سەرنجڕاکێشی تێدایە و یەکەیەکی دووبارەی تێدایە و ئەو یەکەیەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی چەند یەکەیەکی گەورەتر، کە کۆی جەبریی سادەی یەکە

---

[1] شرح مقامات الحريري- دار التراث- بيروت.

[2] شرح مقامات الهمذاني – دار التراث – بيروت.

[3] ظاهر شوكت زركوس – ملامح من التراث الشعبي في مقامات الهمذاني- التراث الشعبي ع الاول – السنة السادسة ١٩٧٥. ص ٨٥-٩٠.

ســـەرەکییەکە نیـــیە. بەناوبـــانگترین ئەو چیرۆکـــانەش کە لەدەوری کەسایەتییەکی عاقڵ/شێت کۆ دەبێتەوە، بریتییە لە چیرۆکی "جوحا".

کەسایەتیی عاقڵ/شێت وەک مامۆستا "فاروق خورشید" لە پەڕتووکی (المجذوب)دا باسـی دەکـات[1]، کەسـایەتییەکی شـەفاف و ڕۆحسـووکە لە ئەدەبـی فۆلکلۆریـدا، بنـاغەیەکی حەقیقییشـی هەیە، کە خـودی مامۆسـتا فـارووق خورشـید[2] لە پەڕتووکەکەیـدا باسـی دەکـات، بـۆ نمـوونە وەکـو "سـیبویە المصـری". نمـوونەی تـریش لەو بـابەتە هەیە. یـان بـریتییە لە کەسایەتییەکی شێوە دەروێشی و سۆفی. سیفەت و ئاکاری ژیانئامێزی تێدا دەرناکەوێ لە ڕێگای دوورکەوتنەوە لە خۆشگوزەرانی و نیشـانەی ژیـانی هەڵخەڵێتێنەر، لایەنـی ژیـانی و عیبـادەتی تێدا زەق بـووەتەوە، بـۆ نموونە چیرۆکی "جوحا و جلوبەرگەکەی"، کاتێک دەبینین لە ئاهەنگێکدا لەبەر سادەیی جلەکانی دەردەکرێت، پاشـان دەچێت هەندێک جلی تـازە لەبەر دەکات و دەگەڕێتەوە، خواردنەوەکە دەڕژێنێت بە جلە نوێکانیـدا و خواردنەکان لەبەردەم جلەکانی دادەنێت، چونکە ئەیەوێت ئەوە بگەیەنێت کە ئامـانج لە ئـاهەنگەکە خـودی کەسـەکان نییە، بەڵکـو ڕووکەشـەکان و دەرخسـتنی کـاری ڕیاکـارانەیە[3]. یـان وەکـو ئەو وەڵامەی جوحـا، کاتێک لێی دەپرسـن: ئایـا خـۆر یـان مانـگ کامیـان بەسـوودترە؟ کاتێک دەڵێت مانـگ، چـونکە خـۆر لە ڕۆژدا دەردەکەوێـت، دونیـا ڕوونـاکیی تێـدایە و

[1] فاروق خوشید- المجذوب – الهيئة العامة لقصور الثقافة – مكتبة الدراسات الشعبية، سنة ١٩٩٦.

[2] فاروق محمد سعيد خورشيد (١٩٢٨ – ٢٠٠٥ز): ئەدیب و ڕۆماننووسی میسري. (و)

[3] حكايات شعبية من الصين – السلسلة الاولى- دار النشر باللغات الاجنبية، بكين ١٩٥٩ ص ١٢١-١٢٢.

پێویستیمان پێی نییە، ئەمەش مەبەستی لە پێویستنەبوونی خۆرە[1]. ئەم جۆرە کەسایەتییە لۆژیکی جیاواز بەکار دەهێنێت، کە "سیلفانۆ ئێرێتی" لە پەڕتووکی "الفصام"دا[2]، پێی دەڵێت: لۆژیکی کۆنە یان عەشایەری (Paleology)، کە تێکەڵەیەکە لە نێوان واقیع و خەیاڵ و خەون و حەقیقەتدا.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسایەتییە بریتییە لە بەربڵاوی و گشتگیری، ئەوەتا "جوحا"ی میسر و وڵاتەکانی شام، دەبێتە "نەسرەدین خۆجە" یان "نەسرەدین ئەفەندی" لە تورکیا و لە ئێران و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، (لە کوردستان دەبێتە" مەلای مەزبوورە یان مەلای مەشهوور یان مەلا نەسرەدین" – وە –)، لە چینیش لای گەلی مسوڵمانی "ئوویگۆر"ی هەرێمی "چینگیانگ[3]" دەبێتە "ناسرەدین ئافانتی".

بێگومان بڵاوکردنەوەی ئەم کەسایەتییە و تێکەڵکردنی دانایی و شێتی و هاوکات سەرخستنی ستەملێکراوان و داکۆکیکردنی لەسەر مەعنای ئەم بەیتە جوانانەی "ابن عروس[4]"ە:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص١٢١-١٢٢

[2] سلفانو اريتي – موسوعة الفصام

[3] یەکێکە لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای چین و دەوڵەمەندە بە گازی سرووشتی و خاکی گەلی ئوویگۆری موسوڵمانە. پێشی دەوترێت :تورکستانی ڕۆژهەڵات". (و).

[4] أحمد بن محمد بن عبدالله: ناسراو بە إبن عروس. شاعیرێکی نیوە ئەفسانە و نیوە ڕاستی میللییە و دەوترێت لە سەردەمی دەسەڵاتی مەمالیکەکاندا ژیاوە و کەسێکی ڕێگر و چەتە بووە لە کاتی چالاکییەکیدا لە کاروانێکدا عاشقی کچێکی زۆر جوان دەبێت لە ناو کاروانێکدا، بەڵام کچ داوای لێ دەکات تۆبە بکات و واز لە ڕێگری بێنێت، ئیدی ئەویش واز لە ڕێگری دەهێنێت و ڕوو دەکاتە خواناسی و شیعری ئامۆژگاری بە زمانی عامی (جلفە) میسری دەڵێت. ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی دیار نییە. (و)

**ولا بد من يوم معلوم ترد فيه المظالم**

**أبيض على كل مظلوم أسود على كل ظالم[1]**

**واته: پێویسته ئەو ڕۆژە بێت کە ڕۆژێکی ڕوون بێت و مافی ستەملێکراوان بدرێتەوە. ئەوەی ستەمی لێ کراوە ڕۆژی سپییە و ستەمکاریش ڕۆژی ڕەش دەبێت**

ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە لەسەر بڵاوبوونەوەی ڕۆحی ئوممەت لە بەین مسوڵمانان‌دا لە هەموو شوێنێکی سەر زەویدا بە شێوەیەک کەوا هەستی دەستەجەمعییان بۆتە یەک، سەرەڕای جیاوازیی زمان و شوێنەکانیان.

## ٢- هونەرەکانی جووڵە:

وەک پێشتر باسمان کرد، هونەرەکانی جووڵە و بزووتن، هونەری سەماکردنی و جووڵەی سۆفییەکان و هونەری سەماکردن بە شمشێر و (هەڵپەڕکێی کوردی – وە –) و یاری لەگەڵ ئەسپ و حەڵقەکانی زیکر دەگرێتەوە، هەموو ئەم هونەرانەش پێکەوە پەیوەست دەبن بە کەوانی کاردانەوەی ماسوولکەیی دەماری و بە بیرۆکەی جووڵەی جەستەی ڕێکوپێک و ڕیتمدارەوە، وەک جۆرێک لە دەربڕینی تەسبیحی خودای گەورە لە کاتی زیکرەکان و لە کاتی سەمای سۆفییەکاندا، یان بۆ دەربڕینی پەیوەندیی گەرموگوڕی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، لە سەمای ئەسپ و حوشتردا دەبێت، یان لە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان بکەری مرۆیی دروستکەر و ئەو شتەی کە بەرهەمی هێناوە و بەهاکەشی،

---

[1] ازجال ابن عروس.

ئەوەش لێرەدا بریتییە لە ئازایەتی و هەڵمەت لەو سەمایانەدا بە شمشێر یان عەسایەک، وەک نموونە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو ئەمانە، هاوبەشن لە بەرزکردنەوەی ئەو بەهای کولتوورییەی کە لە چەند شتێک پێک هاتووە، ئەوەش لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ وەک گەورەی گەردوون، وە لە نێوان توخمە گەردوونییەکانی تردا، کە هەمووی ڕام کراوە بۆ مرۆڤ، چ لە ئاژەڵ بێت یان بێگیانەکان. هەموو ئەوانەش بەرگ و چوارچێوەیەکی مۆسیقیی ڕیتمداری هەیە، کە گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕیتمە جووڵەییانەی مرۆڤ و ئاژەڵ بە گونجان و هاواهەنگییەکی سەرنجڕاکێشەوە ئەنجامی ئەدەن.

### أ- سەمای ئەهلی تەصەووف:

سەماکردن لەلای دەروێشەکانی تەریقەتی مەولەوی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە کە وەک وەسیلەیەک بەکاری دەهێنن بۆ نزیکبوونەوە لە خودای گەورە، ئیدی ئەمەش ڕۆڵێکی عیبادەتییانەی دەبێت وەک ئاکارێکی سەرەتایی لە ئاکارەکانی هونەری ئیسلامی. وە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیی شاعیر و سۆفیی بەناوبانگ[1] ئەو سەمایەی داهێناوە و ناویشی لێ ناوە سەما. لەگەڵیدا مۆسیقا و دەف بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕیتمێکی دەنگیی لەگەڵدا بێت، وە هەموو ئەو جووڵانەی کە تێیدا دەکرێت واتای ڕەمزی پێکهاتەیی خۆی هەیە. (لە کوردستان حاڵی دەروێشەکان بە ڕیتمێکی ڕۆحانی و بەتایبەت کاتێک پرچی درێژی دەروێشەکان دێتە ناوەوە و دەنگی تەپڵیشی تێکەڵ دەبێت و کاریگەرییەکی تایبەتی داناوە لەسەر گەلێک لەو کەسانەی تەماشایان کردووە، لە هەندێک ناوچەشدا

[1] لوازم الدراويش، عادل الآلوسي- ص٤٣- التراث الشعبي- السنة ٥، ١٩٧٤

جۆرێـک لە هەڵپەڕکێیەکـی سـەنگین و پـڕ جۆشوخرۆشـیش لە کـۆڕی زیکرکردندا ئەنجام دەدرێت. دیارە لەنێو وڵاتانی تری جیهانی ئیسـلامیدا وەک میسر و چاد و نەیجیریا و جەزائیردا گەلێک جۆر جووڵەی تایبەت بە زیکرکردنەوە هەبووە و هەیە. - وە -).

## ب- سـەماکردن لەگەڵ ئاژەڵانـدا و سـەماکردن بە شمشـێرەکان و دارعەساکان:

سـەماکردن لەگەڵ ئـاژەڵانێکی وەک ئەسـپ و حوشـتردا، لە خۆیـدا ڕەمـــزێکە بـــۆ پەیوەنـــدیی گەرموگـــوڕی نێـــوان مـــرۆڤ و ئەو دروستکراوانەی تر، کە خودای گەورە ڕامی کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بەئـارامی بـژی. ئەم دیـاردەیەش دەتوانرێـت لە شـێوەی پێشـبڕکێی ڕاهێناندا بکرێت کە لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ ئاژەڵانا دەیکەن.

بەڵام هـونەری سـەماکردن بە شمشـێر و دارعەسـا، وەک هـونەرێکی جووڵەیی، بەڵگەیە لەسـەر ئازایەتی و هەڵمەت و توانـای سـەماکەر [1] بۆ ڕێکخسـتنی نێـو کاروبـاری کـۆمەڵەکە و دروسـتکردنی هەمـاهەنگیی جووڵەیی لە نێوانیاندا بەبێ ئەوەی زەرەرێک بگات بە کۆمەڵەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامێرە بەکار بێنێت کە لە جەنگدا بەکار هێنراوە. ئەمەش لە خۆیدا بەرزڕاگرتنی ژیانە، بەڵام ئەو کەرەستانەی تیا بەکار ئەهێنرێت کە لە دەرەوەی کۆمەڵەکەدا بۆ وێرانکاری بەکار دێت.

[1] الرقصات الشعبية الألبانية – عبد اللطيف الأرناؤوط – التراث الشعبي ص١١٧ ع الاول سنة (٦)١٩٧٥

## هونەرە زمانییەکان

ئەو پرسـیارە بنـاغەییەی لە مێشـکماندا دروسـت دەبێـت، ئەوەیە کە ئایـا بـۆچی ئـێمە هـونەرە زمانەوانییەکـان بەتـایبەتی جیـا دەکەیـنەوە لە هونەرەکـانی تـر؟ بـۆچی نـایخەینە نـاو پـولێنکردنی هونەرەکـان بەپێـی کاریگەرییەکەی لەسەر هەستەکانمان؟ یان بە واتایەکی تر و دەربڕینێکی تر بڵێین ئایا چی وا دەکات لە هـونەرە زمانەوانییەکـان کە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەبێـت لە کاریگەریـدانان تەنهـا لەسـەر هەسـتەکان؟ (بەگشـتی هەریەک لە زمانەکـان بەپێـی هێـزی داڕشـتن و توانـای بەکارهێنـانی وزەکانی ئەو زمـانە کـاریگەییەکی کەمـوێنە لەسـەر مرۆڤـی خوێنەر یـان گوێگر دادەنێت. بۆ نموونە گەر سەرنجێک لە ئەدەبیاتی زمانی کوردی و فارسی بدەین، نـاتوانین لە کـاریگەریی سیحرئاسـای ئەو دوو زمـانە دەر بچـین، شـیعرەکانی حـافظی شـیرازی و سـەعدی شـیرازی و مەولانـای ڕۆمـــی و نـــالی و مەحـــوی و مەولەوی نمـــوونەی زۆر بەرزی سوودوەرگرتنن لە زمان وەک هونەرێکی جوان. — وە -).

بـــۆچی زمـــانی عەرەبـــی ئەم تایبەتمەنـــدیەی هەیە؟ ئەگەر ئەم تایبەتمەندیەی هەبێت؟ (لە دیدی نووسـەرەوە تەنهـا زمـانی عەرەبی ئەم تایبەتمەنـدیەی هەیە، دیـارە کە زمـانی عەرەبـی زۆر دەوڵەمەنـدە و هەڵبژاردنیشـی بـۆ ئەوەی ببێـتە زمـانی قورئـان نیشـانەی بەهێزیـی ئەو زمـانەیە، بەڵام زۆر زمـانی تـریش هەیە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە و جوانییەکـانی هـونەری زمانییـان خسـتۆتە ڕوو - وە -) ئایـا لە نـاخ و ناوەڕۆکی زمانی عەرەبیدا شتێکی لەو شێوە هەیە؟ لێرەدا ئەو گفتوگۆیە دێتەوە یاد، کە لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانـدا هـاتە پێش، بەتـایبەتی باسـی لەسەر بونیادی زمانی عەرەبی دەکرد لەگەڵ ڕادەی تۆکمەیی ئەو زمـانە،

بەتایبەتی پێش هاتنی ئیسلام. پرسیاری تەوەریی باسەکە ئەوە بوو ئایا چۆن ئەو دەشتەکییانەی کە پەرشوبڵاو بوون توانیویانە کۆشکێکی هزریی گرنگی تایبەتی وەک زمانی عەرەبی دروست بکەن؟ ئەو زمانەی کە بە (یەکێک لە - وە -) گرنگترین زمانە زیندووەکان دادەنرێت و لە هەموویان تۆکمەترە؟ ئەو زمانەی کە توانیویەتی بەرانبەر تێپەڕبوونی کات چۆک دانەدات، لە کاتێکدا کە گەلێک لەو گەلانەی تر بوون کە گەورەی جیهان بوون و ئێستا نەماونەتەوە، ئەوانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر توانییان دەست بەسەر دونیادا بگرن، وەک زمانی لاتینی و سانسکریتی.

بۆ تێگەیشتن لەم تایبەتمەندییەی زمانی عەرەبی (کە زمانی قورئانە - وە -) پێویستە سەیری هەندێک لە داهێنانەکانی عەرەب بکەین پێش ئیسلام، کە لە بناغەدا لە شیعردا خۆی دەبینێتەوە. با بۆ نموونە سەیری ئەم بەیتە بکەین کە دەڵێت:

**من يسأل الناس يحرموه وسائل الله لا يخيب**[1]

واتە: **ئەو کەسەی کە داوای شت لە خەڵکی دەکات، ئەوا خەڵک بێبەشی دەکا. ئەو کەسەی کە داوای شت لە خودای گەورە دەکات، خودای گەورە نائۆمێدی ناکات**

ئەم دێڕە شیعرەی ئەو واتا جیاوازانەی تێدایە و لە سنووری ئاسایی دەرچووە، شاعیر توانیویەتی لێرەدا بەراوردێک بکات لە نێوان ئەو کەسەی ڕوو لە خەڵکی دەکات و ئەو کەسەی ڕوو لە خودای گەورە دەکات.

[1] المنتخب من أدب العرب – ج٤ ٠ ص٧٦ – وزارة المعارف العمومية– القاهرة ١٩٤٥.

بەشێکە لە قەصیدەیەکی (بائییە)ی شاعری سەردەمی جاهیلی (عبید بـن الأبـرص الأسـدي)، کێشـە شیعرییەکەیشـی (مجـزوء بسـیط)ە، وە ڕەخنەگـران پێیـان وایە کە زۆربەی بەیتەکـانی لە ڕووی کێشـەوە نـاجێگیرە و نـاڕێکییەکی تێـدایە و خـودی ئەم نـاڕێکییەی لە بونیـادی کێشـەکاندا بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی ئەو شـیعرانە دروسـتکراو نـین، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی جاهیلی خۆی، چونکە ئەگەر دانراوبووایە لە سەدەکانی دواییدا بەو شێوەیە کێشەی کێش و تەفعیلی تێدا نەدەبوو.

پەڕتووکەکـانی ئەدەب و چیـرۆک و مێـژوو و گێـڕانەوەی هەواڵ و ژیاننامەکـان پێمـان دەڵێن کە شـاعیرەکانی سـەردەمی جاهیلی زۆر لەوە زۆرتر بوون، کە بتوانرێت بژمێردرێن، چونکە هەر تیرەیەک بەڵکو هەر لقـی تیـرەیەکیش وە هەر بنەمـاڵەیەک لە تیـرەیەک چەنـدین شـاعیری تایبەتیی خۆیانیان هەبووە، کە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیی گەورەیـان هەبـووە[1] وە ڕۆڵێکـی ژیانئـامێزیی گەورەیـان گێـڕاوە، لە هەمـوو ڕوویەکەوە شـانازییان کـردووە بە تیـرەکەی خۆیـانەوە بەسـەر تیرەکـانی تـردا، هەستاون بە وەڵامدانەوەی تیرەکانی تر و هەجووکردنیان، بەکورتی لەم ڕۆژەدا دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن چ ڕۆڵێـک دەبیـنن، شـاعیرەکانیش ئەو ڕۆڵەیان هەبووە.

بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەو هەموو شاعیرانە و بەرهەمەکانیـان بـۆچی پووکاونەتەوە و زۆربەیان ناویـان نەمـاوە لەنـاو عەرەبدا، سـەرنجی ئەو قسـەیەی عمـر بـن الخطـاب (ڕەزای خـوای لەسـەر) بـدەین کە دەفەرمێت: "شیعری ئەو سەردەمە زانستی قسە بووە (واتە گێڕانەوەی سـەرزارەکی بـووە) و زانسـتێکی لەوە باشـتریان نەزانیـوە. ئیـدی کە ئیسـلامیش هـات،

[1] في تأريخ الادب الجاهلي، علي الجندي- القاهرة – مكتبة الشباب- سنة ١٩٨٠ ص٩٥.

عەرەب بە ئیسلامەوە مەشغوولّ بوو، سەرقالّی جیهادکردن بوون و فتوحاتی ولاتانی شام و ڕۆمیش دەستی پێکرد، ئیدی خەڵکەکە ڕووی لە شیعر وەرگێڕا و وازی هێنا لە گێرانەوەی شیعر، کاتێک فەرمانڕەوایی ئایینی ئیسلام فراوان بوو و گەلی عەرەبیش جێگیر بوون لە ئاوەدانی شارەکاندا، دووبارە گەڕانەوە بۆ گێڕانەوە و ڕیوایەتی شعر، ئیدی لەو کاتەدا دیوانێکی نووسراو، یا پەڕتووکێک نەبوو بیکەنە سەرچاوە، بۆیە دەستیان کرد بە نووسینەوەی شیعرەکان، گەلێک لەوانەی کە ئەو شعرانەیان لەبەر بوو و لەسەر زاریان مابوو، کۆچی دواییان کردبوو، یان لە فتووحاتەکاندا شەهید بووبوون، بۆیە کەمێک لەو شیعرانە مانەوە و زۆربەیان لەناو چوون[1]".

**لێرەدا دەمەوێت بە چەند خاڵێک هەڵوێستەیەک بکەم:**

**خاڵی یەکەم:** لە ڕێگەی ئەم شیعرانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی عەرەبی زمانێکی تۆکمە و پێشکەوتوو و بەرزە.

**خاڵی دووەم:** ئەدەبی سەردەمی جاهیلی هەمووی بە یەک زمانی عەرەبیی فەصیح وتراوە و هەموو ئەوانەی کە ئەم شعرانەی دەدرێتە پاڵ هەمان ئەو زمانەیان بەکار هێناوە، چ لە ناوچە باکوورییەکان، چ لە ناوچە باشوورییەکان، بەبێ جیاوازی ئەوانەی "قەحطانییەکان[2]" و "عەدنانییەکان"، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە ئەدەبی عەرەب پێش ئیسلام بە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٩٧.

[2]قەحطانییەکان و عەدنانییەکان: هەندێک لە مێژووناسانی ڕەچەڵەکی عەرەب پێیان وایە کە قەحطانییەکان بریتین لە عەرەبی یەمەن و باشووری نیوەدوورگەی عەرەبی و عەدنانییەکانیش بریتین لە عەرەبەکانی باکووری نیوەدوورگەی عەرەبی کە لە ئیسماعیل پێغەمبەرن (دروودی خودای لێ بێت). هەندێکیش پێیان وایە کە هەردوو دەچنەوە سەر ئیسماعیل پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت). (و).

ماوەیەک زمانی تایبەتیی یەکگرتووی خۆی هەبووە، زمانێک کە تەعبیر لە ژینگەی تایبەتیی خۆی دەکات و نیشانە و تایبەتمەندیی ئەو ژینگەیە دەنوێنێت، بەڵام هاوکات دیدگەیەکی مەعریفیی گشتیی ئامادە باس دەکات، کە لەلای هەموو عەرەب ڕەگاژۆ بووە و هەبووە. بۆ تێگەیشتن لەمەش با سەیری ئەم بەیتە شیعرییەی (أعشى قيس البكري) بکەین کاتێ کە دەڵێت:

**كأن مشيتها من بيت جارتها مر السحابة لا ريث ولا عجل**[1]

ئەم بەیتە شیعرییە پێناسەی ئافرەتێکی قەڵەو دەکات، کە لەسەرخۆ ڕێ دەکات و دەیچوێنێت بە هەورێک (نە پەلە دەکات و نە زۆریش شێنەییە)، ئەمەش پێمان دەڵێت چۆن ئەم پێچواندنە واتای شاراوەی تێدایە، کە لە زیهنییەتی دەشتەکییەکی کۆچنشیندا هەبووە، کاتێک بەردەوام چاوەڕێی پەڵە هەورێک دەکات بۆ ئەوەی بێت و باران و خێری بۆ بهێنێت، پێچواندنەکە لە خۆیدا ئاکاری لەسەرخۆیی و ئارامیی پێوە دیارە و هاوکات نیشانەی ئەو ژینگە دەشتەکییە کۆچنشینەیشی پێوە دیارە.

ئەم زمانە ئەدەبییە تێپەڕە لە دۆخی ئاساییدا لەلای هەموو شاعیرەکان هەیە و لەوێوە دەتوانیت بەردەوام دیدگای تایبەتییان بۆ گەردوون هەست پێ بکەیت. بۆ نموونە (طرفة بن العبد[2])دەڵێت:

**أرى العيش كنزا كل ليلة وما تنقص الأيام والدهر ينفد**[3]

---

[1] المنتخب من ادب العرب- ص٤٢.

[2] طرفة بن العبد: شاعیری سەردەمی جاهیلی بووە. لە (٥٦٩ز) مردووە. (و)

[3] سەرچاوەی پێشوو ص٥٣.

واتە: ژیـــان وەک گەنجیــنەیەک دەبیــنم، هەمــوو شـــەوێک لێـــی کەم دەبێتەوە و هەر شتێکیش ڕۆژان و تێپەڕبوونی کات لێی کەم بکاتەوە، هەر تەواو دەبێت.

هەروەها لە شوێنێکی تردا لە هەمان قەسیدە دەڵێت:

**ستبدي لک الأيام ما کنت جاهلا        ويأتيک بالأخبار من لم تزود[1]**

واتە: لەمەولا تێپەڕبــوونی ڕۆژان ئەو شـــتانەت بــۆ دەردەخـــات کە نەتدەزانی، ئەو هەواڵانەشت بۆ دەهێنێت کە پێشتر بۆی نەهێنابوویت.

وە (عبد يغوث الحارثي اليمني[2]) دەڵێت:

**جزى الله قومي بالكلاب ملامة        مريحهم والآخرين المواليا[3]**

ئەم دیــدگا گەردوونیــیە تــایبەتییە، کە لەلای عەرەب پــێش ئیســـلام هەبووە، تەعبیرە لە ژینگە بیابانییەکەیان و لە تێفکرین و تێڕوانینەکەیان دەربارەی بەدیهێنان و دروستکراوەکان، کە لە شیعری ئەو سەردەمەدا دەردەکەوێت، دەتوانین پێی بڵێین: دیدگایەکی ئیمانیی تێدایە، ئەو دیدگا ئیمانییەی بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گەلێک لە شاعیرە جیاوازەکانی تیرە جیاوازەکان.

کەواتە هەمــووی دەگەڕێــتەوە بــۆ یەک بنــاغە، کە لە ســـەرووی پەیوەنــدییە ئاســاییە زمانەوانییەکــانەوەیە و دەگەڕێتەوە بـۆ کۆمەڵێک چەمکی هەژموونداری دامەزرێنەری پێشزمانی.

سەرەڕای ئەوەی کە چەندین زاراوە و لقە زاراوەی جیاواز دەبینین لە نێــوان زمــانی عەرەبیــدا، کە لە دوورگەی عەرەبیــدا هەبــوون، بەڵام

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٥٤.
[2] شاعیری سەردەمی جاهلی بووە. (و)
[3] سەرچاوەی پێشوو ص ٧٢.

هەست دەکەیت کە زمانی ئەدەبی زاڵ بووە بەسەر هەموو ئەم لقە زاراوانەدا، چونکە تایبەتمەندییەکی بەرزی خۆی هەبووە، لەسەر هەموو ئاستەکانی بونیادی زمانەوانی، ئیتر ئەم جیاکردنەوە لەسەر ئاستی ئەو واتا قووڵە بێت، کە پێشتر باسمان کرد، یان لەسەر ئاستی ڕووکەش لە ناوکۆ، یان پێکهاتەکاندا، یان تەنانەت لە قسەکردن و دەستەواژەکاندا. ئەم جیاکردنەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بە باشترین شێوە تەعبیر لەم بناغە تێپەڕە (المتجاوز) بکات و بەسەر لەهجەکانی تردا زاڵ بێت.

ڕەوانبێژی لە قسەکردندا بەو شێوەی عەرەب زانیویەتی، بریتییە لە یەکانگیربوونی قسەکە لەگەڵ واقیعی حاڵ و هاوکات ڕەوانیش بێت. یەکێکیش لە نیشانەکانی تری ڕەوانبێژی لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە پێشخستن و دواخستن (التقدیم و التأخیر)، واتە گۆڕینی بونیادی ناوکۆی قسە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێسا نەحوییەکان (سینتاکسییەکان)، بەڵکو نەحو لە ڕێگەی پاراستنی بونیادی دەنگییەوە - کە دەلالەت دەکات لەسەر ڕێسا نەحوییەکە - سەرەڕای گۆڕانی پلەبەندیی ناوکۆیی (الترتیب السیاقي). وەک ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر دەڵێم، کە بێگومان ناتوانین بە یەک جار هەموو قسەکانمان دەربڕین، بەڵکو پێویستە یەک لە دوای یەک بێن و لە ڕاستیشدا کەسیان شایستەتر نین لەوانی تر لەپلەبەندیدا، چونکە هەموویان هەر وشەن و بەکار هێنراون، کەواتە پێویستە شتێک هەبێت پاساوی پێشخستن بدات، ئەوەش یان بریتییە لەو واتایەی مەبەستمان گەیاندنیەتی، یان ئەو ڕەوانبێژییەی بەهێزکردنی کەریگەریی زیهنی دەربڕینەکە هاومانای بێت.

ئەوەتا لە سوورەتی (التوبة: ٣١)دا خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿اتخذوا احبارهم...عما يشركون.﴾[١]. واتە: زاناكانیان و ڕاهیبەكانی خۆیان كردۆتە خودا و لە خودای ڕاستەقینە (جل جلالە) دوور دەكەونەوە، هەروەها مەسیح پێغەمبەریان بە خودا داناوە. لە ڕاستیشدا فەرمانیان پێكراوە تەنها خودای تاك و تەنها بپەرستن، هیچ خودایەكی شایستەی پەرستنیش نییە جگە لە الله، خودا پاك و بێگەردە لەو هاوبەشانەی بۆی پەیدا دەكەن. وشەی (المسیح) لە ئایەتەكەدا (فەتحە)ی لەسەرە و (مەفعول بە)یە و دەگەڕێتەوە (عەطف) دەبێتەوە سەر وشەی (الأحبار) و (الرهبان)، كە ئەوانیش (مەفعول بە)ن لە ئایەتەكەدا، بەڵام شێوە ڕستەیەك (شبە جملة) كەتۆتە نێوان ئەو دوو مەفعووڵە و ئەم مەفعوولەی سێهەم. ئەم جیاكرانەوەیە لایەنی مەعنەویی هەیە و ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەحبار و ڕوهبانەكان ئەوەیان قبووڵ كردووە، كە خەڵكانێك بە خوایان دەزانن (پەنا بە خودای گەورە)، بەڵام عیسا پێغەمبەر (مەسیح) ئەمەی قبووڵ نەبووە. كەواتە ئەم پلەبەندییە لە ناوكۆ (سیاق)دا، واتایەكی نوێی بە قسەكە بەخشیوە، سەرەڕای پاراستنی ڕێساكەی زمانی عەرەبی، كە بەكارهێنانی (فەتحە)یە لەسەر كۆتا پیتی (المسیح)دا، كەواتە بونیادی دەرەكی كاریگەرییەكی ڕوونی لەسەر بونیادی قووڵ داناوە، ئەم تایبەتمەندییەش تەنها لە زمانی عەرەبیدا هەیە. (چونكە بەكارهێنانی (فەتحە) و حەرەكاتەكانی تری وەك (ضەممە و كەسرە) تایبەتە بە زمانی عەرەبییەوە، وەگەر نا بابەتی پاشوپێشكردنی هەندێك وشە، لە گەلێك زماندا هەیە و مەبەستی ڕەوانبێژییانەی زۆر جوانیش دەگەیەنێت. هەر بۆ نموونە زمانی كوردی.

[١]سورة التوبة: ٣١.

ئەوەتـا "مەحـوی[1]" لە شـیعرێکیدا پێشوپاشـی بە بەشـەکانی پەیامێـک کـردووە و (حەقـی ئـادابی مەجنـوونی) دوا دەخـات لە بەیتـی یەکەمـدا، هەروەهـا وشـەی (قەڵەم) دوا دەخـات لە بەیتـی دووەمـدا و جـوانیی ئەم دێڕە شیعرییانەش بەو دواخستنە پتر دەردەکەوێت و دەڵێت:

**بەجێ نایێ، دەبێ ڕووکەینە سارا**

**حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا**

**مەگەر تۆ عەرزی حاڵم کەی لە کن یار**

**قەڵەم، ساغی قسە: من نیمە یارا**

یـان هەر مەحـوی لە دێـڕە شـیعرێکیدا وشـەی (مـن) دوا دەخـات و دەڵێت:

**چ مەدحێکت بکەم لایەق بە تۆ یا (خیر خلق الله)**

**منی بێخێر و نالائیق کە جبریلت سەناخوانە.**

یـان سـەیری (حـافظ[2])ی شـیرازی بـکە چـۆن وشـەکانی (خـون) و (بیرون) و (مجنون)ی دواخسـتووە و جوانییەکی نایـابی بە چوارینەکەی بەخشیوە:

**هر ساعتم اندرون بجوشد خون را**

**واگاهی نیست مردم بیرون را**

**الا مگر آنکه ڕوی لیلی دیدست**

**داند کە چە درد می‌کشد مجنون را؟**

واتە: هەمیشـە لە ناخمـدا دەکوڵێـت خـوێنم، خەڵکیش ئاگـای نیـیە لە دەرەوەش چـی دەگوزەرێت، مەگەر هەر ئەو کەسـەی ڕوومەتـی لەیـلای

---

[1] مەلا موحەممەدی مەحوی (١٨٣٦ – ١٩٠٦ز): شاعیر و زانا و خوداناسی کورد. (و)

[2] خواجە شمس الدین محمد حافظ (١٣١٥ – ١٣٩٠ز): شاعیری گەورەی فارس. (و)

بینیوه، بزانێت چ ئازارێکی چەشتووە مەجنوون. یان مەلا خدری "نالی[1]" چەند بەجوانی وشەی (ئەز) دوا دەخات لە ڕستەکەدا و دەڵێت:

**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز... - و-).**

خاڵی سێهەم: زمانی عەرەبی زۆر تۆکمەیە، ئەم تۆکمەییەشی لە لایەنە دەنگی و شێوە تاقانەییەکەی و تەواوکاریی بونیادە مۆرفۆلۆژی و دەنگی و ناوکۆیی و دەلالییەکانیەوە دێت[2].

وەک پێشتریش باسمانکرد، هەمیشە ڕەگێکی هاوبەش لە قسەی عەرەبیدا هەیە، ئەم بەستەرە یان ئەم ڕەگە، لە سیستمی زمانەوانی دەردەچێت و جێگەی بنەڕەتیی بوونی دەگرێتەوە و هاوکات دەبێتە بناغە و پشتیوانی. ئەم بناغەیەش لە شیعری سەردەمی جاهیلی و ئیسلامیی نوێدا دەیبینین.

با لەم بەیتە ورد بینەوە، کە لە قەسیدەی (یا لیل الصب متی غده؟)ی شاعیر (الحصري القيرواني[3])دایە و دەڵێت:

**صنم للفتنة منتصب أهواه ولا أتعبده[4]**

---

[1] مەلا خدر کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵیبەگی میکایەلی (١٨٠٠ – ١٨٧٧ز): شاعیر و زانای گەورەی کورد. (و)

[2] Salah El Shahaby – Arabization – State of the art a paper presented to Arab masitime Academy`s Copmuter Siences conf. 1993-p.1.

[3] علي بن عبدالغني الفهري الحصري (١٠٢٩ – ١٠٩٥ز): شاعیری تونسی سەدەی پێنجەمی کۆچی. (و).

[4] لە قەصیدەی الحصري القيرواني لە پەڕتووکی: احلى ٢٠ قصيدة حب في الشعر العربي – اختيار فاروق شوشة، مكتبة مدبولي – القاهرة – دار العودة، بيروت، ١٩٧٣ ص٢٠٥- سەرەتای قەسیدەکە: ياليل الصب متى غده

واته: بتـــێکه، بـــۆ تـــاقیکردنەوە دانـــراوە زۆرم حەز لێیەتـــی، بەڵام نایپەرستم، با سەرنجێکیش لەم بەیتەی (احمد شوقي[1])بدەین، کە بەم دێڕە شیعرە بەرانبەر ئەو بەیتەی پێشوو دەڵێت:

**ویقول تکاد تجن به        فأقول وأوشک أعبده**[2]

واتە: ئەویش دێتە گۆ، وەختە شێتت بکات، منیش دێمە گۆ و خەریکە بیپەرستم.

ئەوەی جێگای سەرنجە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، پەرستنەکە ئەستەمە و ڕوو نادات، چونکە لە یەکەمیاندا شاعیر حەز دەکات لێی، بەڵام نایپەرستێت، شەوقییش خەتەرەیەک دەکەوێتە دڵی بۆ پەرستن، بەڵام نایکاتە کردار. لەم سێ خاڵەوە ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: بنەڕەتی حەقیقەتی زمانی عەرەبی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ چی وای لێ دەکات ئیسلامی بێت؟ چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی هونەرە زمانەوانییەکانی، زمانی عەرەبی ببێتە هونەرێکی ئیسلامی لە خودی خۆیدا و شایستەی بەشێکی تایبەت بە خۆی بێت لە کاتی پۆلێنکردندا؟

مامۆستا مەحموود شاکر لە پەڕتووکی "نامەیەک لە ڕێگەی گەشتن بە کولتوورماندا" دەڵێت: "ئاین بە واتا گشتییەکەی سەری هەموو کولتوورێکە، کە ئەویش ماک و سرووشتی مرۆڤە (الفطرة)، ئیدی هەر ئایینێک بێت یان هەڵگری واتای ئایین بێت"[3]. دەشڵێت: "پێشینانی

[1] احمد شوقي (١٨٦٨-١٩٣٢ز)شاعیری گەورەی میسری، هەندێک ڕەچەڵەکی لە باوکەوە دەبەنەوە سەر کورد. جگە لە شیعریش ڕۆمانی نووسیوە و شانۆنامەی بە شیعر و پەخشان نووسیوە. (و)

[2] سەرچاوەی پێشوو ص ٢٠١. بەشێکە لە قەصیدەیەکی (شەوقی) کە بەم شێوە دەست پێ دەکات: مضناک جفاه مرقده.

[3] محمود محمد شاکر- رسالة في الطريق إلى ثقافتنا، ص٣١.

مســـوڵمانمان ئەوەنـــدە گرنگییەکـــی زۆر و ســـەرتاگیریان بەم بنـــاغە ئەخلاقییە داوە، کە لەلای ئایینەکانی تری پێشیان نایبینین"[1].

با جارێکی تر بپرسین ئەو بنەما و بنەڕەتە چییە؟

با لەم چەند دێڕە شیعرەی (ابن زیدون[2]) بپرسین، کە باس لە حاڵی خۆی دەکات لە دووریی خۆشەویستەکەی:

**ودع الصبر محب ودعک　　ذائع من سره ما استودعک**

ئەو کەسەی تۆی خۆشەویست، سەبری لێ بڕاوە پاش خوداحافیزی، ئەو نهێنییەشی ئاشکرا بووە، کە لای تۆ دایانبوو.

**يقرع السن على ان لم يكن　　زاد في تلک الخطا أذ شيعک**

لەگەڵ تەمەندا بەشەڕ دێت، چونکە هەنگاوی زۆرتری نەنا لەگەڵت لە کاتی بەڕێکردندا.

**يا أخا البدر سناء وسنى　　حفظ الله زمانا أطلعک**

ئەی بـرای مانـگ لە ڕوونـاکی و نەرمونیانیـدا، خـودای گەورە ئەو سەردەمە بپارێزێت تۆی بۆ ئێمە دەرخست.

**ان يطل بعدک ليلي فلکم　　بت أشکو قصر الليل معک**[3]

گەر پـاش تـۆ شـەوم درێـژ بێـت، ئەوا شـکاتی کـورتیی ئەو شـەوانە دەکەم کە لەگەڵ تۆم.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٣٣.

[2] احمد بن عبدالله بن زيدون المخزومي (١٠٠٣ – ١٠٧١ز): وەزیر و نووسەر و شاعیری ئەندەلووسی. لە ئەدەبی عەرەبیی ئەندەلووسیدا ناوێکی شکۆدارە. (و)

[3] المنتخب من ادب العرب. ج٣ ص١٤٣، وزارة المعارف العمومية، ١٩٤٤، القاهرة.

لێرەدا تێبینی دەکەین شاعیر (مەفعول)ی پێشخستووە، کە وشەی (صبر)ە، بەسەر (فاعیل)ەکەدا، کە (محب)ەکەیە، تەنها لەبەر دەرخستنی تامەزرۆیی دیداری خۆشەویستەکە نییە، هۆکارێکی تریش هەیە، چونکە بکەر (فاعل)ەکە نیشانەی ناسراویی لەسەر نییە (نکرة)یە و هاوکات دەزانرێت کێیە، وەها نییە کە نیشانەی ناسرانی (معرفة)ی لەسەر بێت و لە ڕاستییشدا نادیار بێت، ئەمەش هاودژییەکی ناوەکیی تێدایە لە دەربڕیندا و بەکارهێنانیشی ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەو کەسەی تامەزرۆی خۆشەویستەکەیەتی چەندە لە ئازار و سەختیدایە، کاتێک بۆتە عاشقی کەسێک و بۆتە ڕەمزێک بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە موعاناتی خۆشەویستیدان.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تامەزرۆیی دیدار و ناڕەحەتییەدا دەبینین، کە باوەڕ دێتە ناو خۆشەویستییەوە، بۆیە خاوەنخۆشەویستی داوا لە خودا دەکات، کە خودای گەورە خۆشەویستەکەی - کە وەک مانگی چواردەیە بپارێزێت و ئەو سەردەمەش بپارێزێت کە ئەوی تێدا هاتۆتە دنیا. شاعیر لێرەدا بۆ پشتیوانیکردن لە مەرکەزەکەی و باسکردنی هۆکاری تامەزرۆییە فراوانەکەی، دەیەوێت خۆشەویستەکەی بگۆڕێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند وێنەیەکی جیاوازی ڕەوانبێژانەوە و بیکات بە دیاردەیەکی گەردوونی، ئەوەتا دەبێتە مانگی چواردە و لەگەڵیدا شەو ئەوەندە کورت دەبێتەوە، کە هەستی پێ ناکەیت، بەبێ ئەویش شەوگاریش ئەوەندە درێژ دەبێت وەک ئەوەی کاتەکەی هەر تێنەپەڕێت. ئەم بەیتە شیعریە ئەندەلووسیانە، کەوا باس لە ئازاری دەروونی دابڕان لە خۆشەویست دەکەن، هەمان ئەو ڕەگە هاوبەشەی هەیە، کە لە شیعری جاهیلیدا نموونەمان بۆ هێنایەوە و نموونەی تریشی زۆرە، ئەم

ڕەگەش بریتییە لە یەکتاپەرستیی خودای گەورە، کەواتە بنەمای زمانی عەرەبی بریتییە لە یەکتاپەرستیی (تەوحید) و باوەڕهێنان بە خودای گەورە.

ئێمەش پێمان وایە، (والله اعلم)، ئەم ڕەگە بناغەیی و بنەما هاوبەشە بە شێوەیەکی جیاواز لە نێوان ڕۆحی زمانە سامییەکاندا هەیە کە زمانی عەرەبی ئەندامە تێیدا.

بۆیە ئەگەر سەیرێکی ئایینە تەوحیدییەکان بکەین، کەوا مرۆڤایەتی ناسیویەتی لە شۆڕشی "ئەخناتوون"ەوە، کە بانگەوازی جیهانیەتی تاکخودایی کردووە و بڵاوی کردەوە، دەبینین کە دەفری زمانەوانی ئەو قاڵبە زمانەوانییەی کە توانیی تەعبیر لەم شۆڕشە بکات بریتی بوو لە زمانی هیرۆگلیفیی نوێ، کە بوویە زمانێکی سەربەخۆ نەک تەنها نووسینێکی ئایکۆنی بێت، هیرۆگلیفییش[1] سەر بە درەختی زمانە سامییەکانە. بە هەمان شێوە یەهودییەت و مەسیحیەتیش توانییان لە ڕێگەی زمانی عیبری و ئارامییەوە تەعبیر لە خۆیان بکەن، ئەو دوو زمانەش زمانی سامین[2].

تەنانەت ڕووکردنی میسرییەکان لە زمانی عەرەبی و کردنی بە زمانی ڕەسەنی خۆیان و وازهێنانیان لە زمانە کۆنەکانی خۆیان بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تری سامی هەموویان هەمان ڕەگ و سەرچاوەیان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ

---

[1] هیرۆگلیفی: زمانی دێرینی میسرییەکان. یەکێک لە کۆنترین جۆری نووسین. (و)

[2] تطور الفكر والدين في مصر القديمة- جيمس هني برستن – ترجمة زكي سوس، دار الكرنک، القاهرة. ١٩٦٠- ص٢٥.

یەک بناغە[1]. کەواتە کاتێک گەلەکان قبوولّی زمانی عەرەبی دەکەن، ئەم ئەسڵە بەڕوونی تێیدا دەردەکەوێت و پەرەسەندن و ئەحکامەکانیشی تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش بە بەراوردکردن بە زمانەکانی تر، کە لەناو هەمان گرووپی زمانیدان.

بە ڕای ئێمە بەهێزترین بەڵگە لەسەر پەرەسەندن و کەماڵ و تۆکمەیی بنەمای زمانی عەرەبی و گەڕانەوەی بۆ بناغەی یەکتاپەرستی، بەڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێت، کە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێکارەکانی تێگەیشتن لە قورئان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە زمانی عەرەبی و وشەکانی و پێکهاتەکانیەوە هەیە. بۆیە ڕەچاوکردنی ئەمانە ڕێت لێدەگرێت، کە بکەویتە تێگەشتنێکی دوور لە مەدلوولی زمانەوانی و ڕەوانبێژیی وشەکان. بۆیە مەبەست لە خوێندنی ئەدەبی جاهیلی ئەوەیە، کە بەڕێکوپێکی لە قورئان تێبگەین، هەر شتێکیش دژایەتی و ناتەبایی لەگەڵ زماندا هەبێت، ئەوا وەرناگیرێت، وەک مامۆستامان خوالێخۆشبوو شێخ محمد غەزالی وتوویەتی.

بێگومان قورئانی پیرۆزیش فەرموودەی خودای گەورەیە و بۆ مرۆڤ نێرراوە، ڕەگی بنەڕەتیی یەکتاپەرستی لە ڕوونترین و بەپێزترین دەربڕینی زماندا هێناوە، ئەمەش ئیعجاز (پەرجوو)ی ڕاستەقینەیە.

کەواتە قورئان بریتییە لە نموونەیەکی سەرەتایی بۆ هەموو هونەرەکانی زمانی عەرەبی، لەوێوە دەبێتە نموونەیەکی بالا، کە لە هەموو هونەرەکانی زمانەوانیدا شوێنپێی هەڵدەگیرێت و سوودی لێ وەردەگیرێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٤٣٣.

مەبەستمان هەموو ئەو هونەرانەیە، کە پشت بە زمانی عەرەبی دەبەستێت و تەنها لەو ڕێگەیەوە خۆی دەردەخات و هێز و توانا و کاریگەرییشی لەسەر دڵی خەڵک لە ڕێی زمانەوە وەردەگرێت. هەر بۆیە زمان یان ئەو دەفرەی، کە ئەم جۆرە هونەرەی تێدایە چوارچێوەی بۆ دیاری دەکات، کەواتە شایستەی ئەوەیە بە بەشێکی تایبەتی دابنرێت لە کاتی پۆلێنکردندا، واتە ئەو بەشەی، کە ناومان لێناوە هونەرە زمانەوانییەکان.

لە دیدگەی ئێمەوە هونەرە زمانەوانییەکانیش دەکرێن بە دوو کۆمەڵ و دەستەوە، بریتین لە:

**هونەرەکانی دەربڕین:** وەکو شیعر و ژیاننامەی کەسە دیارەکان، ئەمەش هونەرێکن کە دەخوێنرێنەوە و بە گوێش دەبیسترێت هەندێک جار.

**هونەری پێنووس:** کە پێنووس ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەم هونەرەدا، خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ن والقلم وما يسطرون﴾[1]. ئەم کەرەستەیەش کە خودای گەورە دوو جار سوێندی پێ خواردوە، لە قورئاندا و سوورەتێکی بە ناوەوە هەیە، عەرەب بەکاریان هێناوە بۆ داهێنانی هونەرێکی تایبەت کە تایبەتمەندی و ئاکاری تایبەتی خۆی هەیە و بریتییە لە خەتی عەرەبی.

لە توێژینەوەیەکی "تیتۆس بۆرکارت"دا، کە ناوی "زمانی هاوبەشی هونەری ئیسلامی"[2]ە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عەرەب توانیویتی لە ڕێگای زمان و ئایینەوە هەموو ئەو گەلە سامییانە بگرێتە خۆی، کە

---

[1] سورة القلم ١.

[2] لغة الفن الإسلامي المشتركة – تيتوس بوركارت.

فتووحـــاتی له وڵاتەکانیانـــدا کـــردووە. (واتە هەم زمـــانی عەرەبـــی لە زمانەکانیانەوە نزیک بووە و هەم ئایینی ئیسلامیش وەک ئـایینێکی پڕ لە دادگەری و بـاوەڕی خـاوێن سـوودی بۆیـان هەبـووە. - و -). هەروەهـا نووسەر گرنگیی چاکەی ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبی بـاس دەکـات بەسـەر زمانەکـانی تـرەوە و بـاس لەو تایبەتمەنـدییە هونەرییـانە دەکـات، کە لە زمـانی عەرەبیـدا هەیە، وەکـو ڕیـتم (الإيقـاع)، دووبـارەبوونەوە (التكـرار). هەروەها باس لەوە دەکات، کە چۆن ئەم ئاکارانە لە شیعر و ڕەوانبێژیـی عەرەبیدا دەرکەوتـووە و کـاریگەریی لەسـەر هەمـوو دیاردەکـانی ژیـانی مسوڵمانان داناوە. (شیعر و ڕەوانبێژی بە زمانەکانی فارسی و تورکی و کوردی و ئـوردوو و پەشـتوون و گەلێکـی زمـانی تـری جیهـانی ئیسـلام، توانیویـانە کـاریگەریی مەزن لە بوارەکـانی شارسـتانیدا دروسـت بـکەن. (و). بورکـارت بـاس لەوەش دەکـات، کە چـۆن زمـان بنـاغەی یەکەمـی شارســـتانیەتییە لای مســـوڵمانان. داکـــۆکی دەکـــات لەســـەر ئەوەی، کە مسوڵمانان بـێ زمـان نەیاندەتوانی هەمـوو ئەو گەلانەی، کە وڵاتەکانیـان فەتـــح کـــراوە و شارســـتانیەتی زۆر دامەزراوتـــر و قـــووڵتر بـــوون نەیاندەتوانی بەبێ زمان ئیستیعابیان بکەن و پێی وایە کە شارستانیەتی زمـان لە بنـاغەدا وا دەردەکەوێـت کە زمـانێکی پیـرۆز بێـت، واتە زمـانی قورئان و وەحی.

ئەم تـوێژینەوەی نووســەر ئامـاژەیەکی تێدایە بـۆ بیـرۆکەی ڕەگـی تەوحیدی و توانای زمانی عەرەبی لەڕادەبەدەر لە وەرگرتن و دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی بە شێوەیەکی هونەری، چ شیعر بێت چ نووسین.

بۆرکارت له توێژینەوەیەکی تریدا بە ناوی "خەتی عەرەبی"ەوە، باس لە سیستمی دەنگی دەکات، کە خەتی عەرەبیی[1] لەسەر بونیاد نراوە و چۆن ئەم شێوە نووسینە توانیویەتی وردەکاریی ئەندازەیی و هاوئاهەنگیی ئاوازەکان لەگەڵ یەکدا کۆ بکاتەوە. باس لە جۆرە جیاوازەکان و توانا لەڕادەبەدەرەکەی دەکات، کە لە ناخیدا هەڵیگرتووە بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەوە، هەروەها باس لەو ئیمکاناتە سەرسوڕهێنەرە دەکات، کە لەم زمانەدا هەیە بۆ کۆکردنەوەی نێوان واتا و بونیاد، واتە مەعنا و مەبنا یان شێوازی پیتەکان و واتای قسەکردن بەم زمانە.

بناغەی نووسینی عەرەبییش (کە لە بناغەدا عەرەبی نییە و بەهۆی بەکارهێنانی لە نووسینەوەی قورئان و فەرموودە و زانستەکانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامدا ناوی بە خەتی عەرەبی ناسرا. - و -) کە وەرگیراوە لە پیتی "نەبطی و سریانی" و پەرەسەندنی، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفیی پەرەسەندنی و مەعریفییە. (هونەری خۆشنووسی لە زمانی فارسی و تورکیدا و لەم دواییانەشدا کوردی، گەلێک شاکاری بەرهەمهێناوە و لە دەستنووسەکان و دەروازە و سەر دەرگای مزگەوت و دیواری مزگەوت و خانەقا و تەکیە و قەڵا و کارە دەستییەکاندا. لە کۆنەوە لە حوجرەکانی کوردستان و لای مەلاکانی کوردستان کەسانی خۆشنووس پێگە و ڕێزی تایبەتییان هەبووە، دەسەڵاتدارانیش تا ڕادەیەک گرنگییان بە هەندێکیان داوە-و-).

هەروەها "ئەنتۆنی وێلسن" - کە لەم بوارانەدا پسپۆڕە - پێیوایە، کە نووسین (الخط) بریتییە لە تەوەری سەرەکیی هونەرە ئیسلامییەکان و

[1] الخط العربي – تيتوس بوركارت.

ڕەمزێکە بۆ عەقیدەی ئیسلامی لە بەرانبەر ئەیکۆنییەتی مەسیحییەتدا - بۆ نموونە - . هەروەها نووسەر لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی مێژوویی خەت دەکات لە "سریانی" و "نەبەطی"ەوە، هەروەها لەو کەرەستانەی، کە بەکار هێنراون لە نووسیندا. ناوی گەلێک لە خۆشنووسە بەناوبانگەکان دەبات وەکو "ئیبن موقلە" و "هیلال" و "یاقوت"، هەروەها چەندین جۆر لە خەتەکان باس دەکات و نموونەی بۆ دەهێنێتەوە و باس لە ناسنامەی هەریەک لەم خەتانە دەکات لە وڵاتەکانی جیهانی ئیسلامیدا[١]. (پێویستە خۆشنووسی بەناوبانگی کورد "حامد"ی ئامەدی لەیاد نەکەین، کە بە گەورەترین خۆشنووسی کلاسیکیی سەدەی بیستەم دادەنرێت، پاشان "هاشم بەغدادی" کە قوتابیی مامۆستا "حامد" بووە – و -).

هەروەها ئیبنوخەلدوون باس لەوە دەکات، کە زمانی عەرەبی بریتییە لە دوو بەش:

**یەکەم:** شیعر/ هۆنراوە (الشعر المنظوم)، کە پێناسەی دەکات بە: قسەیەکی کێشداری قافیەدار (کلام موزون مقفى).

**دووەم:** پەخشان، بریتییە لە: قسەیەک کە کێشی تیا نییە (وەزنی نییە). ئەویش بۆ خۆی دەبێت بە دوو بەشەوە:

پەخشانی قافیەدار (مسجع) و پەخشانی ئازاد. داکۆکی لەسەر ئەوەش دەکات، کە قورئان لە دەرەوەی ئەم دابەشکردن و پۆلێنکردنانەدایە، چونکە پێکهاتووە لەو ئایەتانەی بە ڕێکخستن و وردەکارییەکی زۆر تایبەت و تەواوکار. ئیبن خەلدوون باس لە تایبەتمەندیی قسەزانی و شێوازی قسەکردن دەکات، باس لەوەش دەکات، کە چۆن لەخۆیدا مەلەکەیەکی خوداوەندییە و پێویستیشی بە

[١] خط اليد في فنون العالم الإسلامي – انتوني ويلسن.

ڕاهێنــانی تــایبەت هەیە. بــاس لەوەش دەکــات کە هــونەری قســەکردن بـریتییە لە داڕشـتنی بێژەکـان (الألفـاظ) نەک واتاکـان، چـونکە واتاکـان لە ناخدایە، بەڵام بێژەکان یان بێژراوەکان (لەفظەکان) پێویستی بە فێربوون و خۆڕاهێنان هەیە[1].

پێشــەوا غەزالیـیش لە باسـی شـیعردا دەفەرموێـت: شـیعر قسـەیە، ئەوەی، کە باش بێت هەر باشە، ئەوەی خراپیش بێت، خـراپ و ناشـرینە. داکـۆکی لەسـەر ئەوە دەکـات، کە لێبـڕان بـۆی شـتێکی بـاش نیـیە، بەو واتایەی کە کاری سەرەکی کەسێک لە ژیانیا تەنها بریتی بێت لە شیعر. هەندێ بەڵگەش دەهێنێتەوە بە چەند فەرمـوودەیەکی پێغەمـبەر (دروودی خودای لەسەر) و هەڵوێستی هەندێک لە قوتابیـانی یـاران (تابیعییەکـان)، بەڵام داکۆکییش لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە پێغەمـبەر (دروودی خـودای لەسەر) گوێی گرتووە بۆ شیعر و شایەتیش بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خــودای لەســەر) دەیڵــێم: (هەنــدێک شــیعر هەیە دانــایی و حــیکمەتە). هەروەهــا پێشــەوا غەزالــی پێیــوایە، کە شــیعر یەکــێکە لە ئافەتەکـان، بەڵام ئەوەشـمان بـۆ ڕوون دەکـاتەوە، کە هەنـدێکی بـاش و هەندێکیشـی خـراپە، ئەوەی نەهیـی لێکـراوە بـریتییە لە شـیعری خـراپ و ئەوەشی خراپ بێت فەرمانمان پێکراوە لێی دوور بین[2].

لێــرەدا بەوردی ســـەرنجێک بـــدەین لە (مووەششـــەح[3])ێکـــی ئەندەلووســیی بەناوبانــگ - کە ڕەنــگە بەناوبانگترینیــان بێــت -، هــی

---

[1]مقدمة ابن خلدون.

[2] احياء علوم الدين للغزالي.

[3]قەسیدەیەکی شیعری عەرەبی بووە، کە هەندێک قافییەی هەبوو، بەڵام پابەند نەبووە بە هەمـوو یاسـاکانی شـیعری عەرەبیـیەوە و بە مەبەسـتی وتنـی وەک سـروود و گـۆرانی

وەزیری شاعیر "لسان الدین ابو عبد الله ابن الخطیب[1]"، ناوی مووەششەحەکەش: "جادک الغیث"ە، بۆن و بەرامەی خۆشی ئەندەلووس و گوڵەکانی ئەندەلووس و شارستانیەتی ئەندەلووسی لێ دێت، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن شاعیر و هاوڕێیانی لەناو شارستانیەتێکی پڕ ناز و نیعمەت و پێشکەوتوودا بوون. سەرنجی بدە کاتێک، کە مەجلیسەکەی یان کۆڕی دانیشتنەکەی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا باس دەکات و دەڵێت:

**تبصر الورد غيور برما    يكتسي من غيظه يكتسي**
**وترى الآس لبيبا فهما    يسرق الدمع بأذني فرس[2]**

واتە کاتێک گوڵەکە هەستی بە ڕۆشتنی تاریکیی شەو کرد، کە نهێنییەکانی لەگەڵ خۆشەویستیی خۆی دادەپۆشی، ئیدی هەستی بە دەرکەوتنی نهێنییەکان کرد و لە غیرەکردندا تووڕە بوو، گوڵی مۆردی زیرەکیش بەگوێی سووکەوە خۆی قوت کردەوە و نهێنییەکانی بەهۆی فرمێسکەکانمەوە زانی.

لەم دوو دێڕە شیعرەدا، شاعیر گوڵەکان دەگۆڕێ بۆ چەند کەسێک، کەوا ئەم چاودێرییان دەکات و ڕەمزییەتی ڕەنگەکان دەگۆڕێت، کاتێک کە ڕەنگی گوڵ وەک تەعبیرێک بۆ تووڕەبوون بەکار دەهێنێت، نەک بۆ شەرم، دیارە بڵێسەی ئاگریش سوورە. لەو وێنە شیعرییەدا کەسێکی خۆپەرست دەردەکەوێت، کە تەنها خۆی و خۆشەویستەکەی لەلا گرنگە.

---

دانراوە. مووەششەحاتی ئەندەلووس ناوبانگی تایبەتی هەبووە. (مووەششەح و تەوشیح)یشی بۆ.

[1] لسان الدین بن الخطیب (١٣١٣ – ١٣٧٤ز): شاعیر و فەیلەسووف و زانا و پزیشک و سیاسەتمەداری ئەندەلووسی. (و)

[2] المقدمة – ابن خلدون.

بەڵام مووەششەحی جوان و ناسک هەیە، کە پڕە لە کاریگەریی قورئانی، بۆ نمونە کاتێک کە دەڵێت:

**ما لقلبي كلما هبت صبا عاده عيد من الشوق جديد**
**كان في اللوح له مكتبا قوله ان عذابي لشديد١**

واتە: ئەریّ ئەوە دڵم چییەتی، کە هەرکات شەماڵێک هەڵکات تامەزرۆی دیداری یار دەکەم، وەک نوێبوونەوەی جەژن، لەسەر نووسراوێکیدا ئەم وتەی خۆی نووسیووە، کە دەڵێت: بێگومان سزای من زۆر قورسە.

هەروەها لە دەقی" ياليلتي تزداد نكرا!"دا دەبینین، کە "بشار بن برد" لۆمەی ئافرەتێک دەکات، کە پەیمانێکی پێداوە و پاشان پەیمانەکەی نەهێناوەتە جیّ، بەڵام کاریگەریی قورئانی پێوە دیارە و دەڵێت:

**وكأن تحت لسانها هاروت ينفث فيه سحرا٢**

واتە: هەر دەڵێی "هارووت"[3] لەژێر زمانیدایە و فووی سیحراویی تیّ دەکات.

یەکێکی تر لە هونەرە زمانییەکانی تایبەت بە زمانی عەرەبییەوە، هونەری ژیاننامەیە، واتە: نووسینی ژیانی کەسانی هەڵکەوتوو و زانایانی مسوڵمانان.

بونیادی ژیاننامەنووسیش بە باسکردنی ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی کەسەکە دەبێت، پاشان باسی ئاکارە جوانەکانی و هەندێک لە

---

[1]سەرچاوەی پێشوو.
[2]الاغاني – تهذيب ابن واصل الحموي – كتاب التحرير، الجزء الثاني، ص١، المطبعة التجارية الكبرى– ١٩٤٩، القاهرة.
[3]هاروت و ماروت: دوو فریشتە بوون، کە لە قورئاندا ناویان هاتووە و چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە لە سوورەتی (البقرة)دا لە ئایەتی (١٠٢)دا. (و).

وردەکارییەکانی ژیانی، ئینجا ناوی پەڕتووک و بەرهەمەکانی و شیعر و کارەکانی.

ئەم هونەرە، هونەرێکی عەرەبیی ڕەسەنە و لە هیچ زمانێکدا ئەم کورت و پوختییە نادۆزینەوە، هەروەها لە ڕووی نموونەی بونیاتنانی دووبارە و سەرتاپاگیرییەوە. (گەلێک ژیاننامەنووسی بە زمانەکانی تری وەک فارسی و تورکی هەیە و تەمەنیان سەدان ساڵ دەبێت، لە زمانی کوردییشدا لە سەدەی بیستەمدا نووسینی ژیاننامەکان سەریهەڵداوە. – و–).

ژیاننامەنووسانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و چیرۆکە قورئانییەکان، کە نموونەی سەرمەشقبوون، هەمیشە بە فەمموودە و ئایەتی قورئانی ڕازێنراونەتەوە و داکۆکی لەسەر ئاکارە باشەکانی خاوەن ژیاننامەکە دەکەن[١].

[١]نفح الطيّب للمقري – تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، ط١، المطبعة التجارية الكبرى – ١٩٤٩، القاهرة.

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە. هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.